ژمارە (٤-٥) ت ١. ت ٢. ٢٠٠٩

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ئاخاوتن و جێندەر

د. ئازاد عەلی

تایپۆلۆژیای زمان و زمانی کوردی

سەلام ناوخۆش

شیرازەی کاری لێکدراو

د. شێرکۆ بابان

رێزمانی قوتابخانەکان و سەر لە قوتابی شێواندن

سەباح مەجید

شیعریەتی شێوازگەری

و: ئیدریس عەبدوڵڵا

زمان و دەسەڵات

زیوەر ئەنوەر

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ژمارە (٤-٥) تشرینی یەکەم - تشرینی دووەمی ٢٠٠٩




خاوەنی ئیمتیاز
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتیاری زانستی
د. شێرکۆ بابان

سەرنووسەر
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری هونەریی
کۆچەر ئەنوەر نایف

نەخشەسازی بەرگ
ئەبوبەکر عەبدوڵڵا

ناونیشان

کوردستان - هەولێر

بۆ پەیوەندیکردن:

zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

گۆڤاری زمانناسی

لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە:

www.dwrga.com
www.dengekan.com
www.kurdishacademy.com

# لەم ژمارەیەدا

## سەروتار

■ خوێندنی حوجرەی کۆن بیاڤێکی دی پاراستنی زمانی نەتەوەیی .........خاوەن ئیمتیاز 3

## لێکۆڵینەوە

■ عەلی تەرەماخی یەکەم ڕێزمانووسی بەراوردیی کوردی ................. خاوەن ئیتمتیاز 6

■ زماننناسی و شێوازگەری ئاستەکانی بەیەکگەیشتن ................... د . یادگار لەتیف 14

■ ئاخاوتن وجێندەر ....................................... د. ئازاد عەلی 19

■ هەندێ گرێ و ڕستەی ڕێزمانی لەزۆنگاوی فەرامۆشیدا؟!............... ئەحمەد هیرانی 25

■ شیرازەی کاری لێکدراو .................................. د.شێرکۆ بابان 29

## وەرگێڕان

■ شیعرییەتی شێوازگەری ......................................... و: ئیدریس عەبدوڵلا 10

■ زمان و بیر .......................................... و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو 10

■ زمان لای منداڵ لاساییکردنەوە ................................و: د. ئارام رەشید

## ئەرشیفی زماننناسی

■ نژادی نووسین..................................پ.د. وریا عومەر ئەمین

## بیبلۆگرافیا

■ بیبلۆگرافیای فەرهەنگی کوردی 1787 – 2009.................. د.شوان سلیمان یابە

## فەرەهەنگی زماننناسی

■ زاراوەگەلی بوا ری وزە و گەرمی بزووتن ......................... پ.ی . رزگار بەکر وەلی

سەروتار

# خوێندنی حوجرەی کۆن
# بیاڤێکی دی پاراستنی زمانی نەتەوەیی

خاوەن ئیمتیاز

هەریەك لەزمانی عەرەبی و زمانی لاتینی هەندەی زمانی نەتەوە بوونە (چەند ئەوەندە) زمانی دین بوونە ! هەژمونی ئەو دوو زمانە یەك لە جیهانی ئیسلامی، ئەویتریش لەجیهانی مەسیحیەت مێژوویێکی دوورودرێژیان هەیە لە (پەسەندکردن) و (ڕەتکردنەوە).

لەدوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا، زمانی عەرەبی هۆکارێك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دینە نوێیە. کورد وەك فارسەکان میللەتێکی حەزاری و دین دۆست بوو، بۆیە زانایانی کورد هەر زوو زمانی عەرەبی فێربوون و کەوتنە ڕاڤەکردنی قورئان و فەرموودەکان بەجۆرێك دیاردەیەك لەخوێندن لەکوردستان دروست بوو ناوی لێنرا خوێندنی حوجرە.

خوێندنی حوجرە لەکوردستان لەئاستێکی زۆربەرز دابووە، چونکە بابەتەکانی خوێندن هەر تەنها دینیی نەبوون بەڵکو چەندەها بابەتی وەك (نەحو) (صرف) (فقە) (بەلاغە) (تەسەوف) و (مەنتق) (فەلەکناسی)هتد. دەخوێنران.

ئەو جۆرە قوتابخانانە ئەگەر زیاتر بە قوتابخانەی دینیی ناسراون، بەڵام لەبنەڕەتدا مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی زۆر گرنگ بوونە. زۆربەی هەرە زۆری مەلا ناودارەکانی کورد دەرچووی ئەو حوجرانە بوونەو هەر دوازدە عیلمیان لەوێ تەواو کردووە.

وێڕای ئەوەی، ئەو کەنالە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەدەبی بەراوردکاری comparative litrature و بنکەی پەیدابوونی ڕێزمانی بەراوردکاریش

بووە. بۆیە هەر قوتابییەکی ئەو حوجرانە، شارەزاییەکی باشی لە (فەلسەفە) و (لۆژیك) پەیدا دەکرد هەروەها تەواو ئاشنا بووە بە قوتابخانەی (تەسەوفی) حافزی شیرازی و سەعدی شیرازی. هەر لەو ڕێگایەوەش مەلا شاعیرەکانی کورد زیاتر ئاشنای دنیای تەسەوف بوون. شیعرەکانی (جەزیری) و (مەولەوی) و (مەحوی) نموونەی بەرجەستەن لە کاریگەری ئەدەبی حوجرەکانی کوردستان!

لەهەمووش گرنگتر پاراستنی زمانی کوردییە لەو حوجرانە. مەلای کورد زۆربەی هەرە زۆری ئەو دوازدە عیلمەی حوجرەی بۆ قوتابییەکان بەکوردی راڤە کردووە. هەروەها ئەو زانا (عەرەب) و (تورك) و (فارس)انەی لەو حوجرانە دەرسیان وتوتەوە ناچاربوونە فێری زمانی کوردی ببن بۆ ئەوەی وانەکە بەکوردی بڵێینەوە!!

هەر لەو حوجرانەش، یەکەم، ڕێزمانیی بەراورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپێش زانایانی ڕۆژئاوا سەری هەڵداو مێژوویێکی لەزیرەکی عەقڵی کوردیدا بەرپاکرد. وێڕای ئەمەش، مامۆستایانی ئەو حوجرانە ئەلفبێی کوردی و عەرەبیشیان پاراست و تەسلیم بە ئەلفبێی لاتینی نەبوون هەروەها جل و بەرگی کوردانەی خۆشیان هەتا ئێستاش پاراستووە!

ئایا وانە وتنەوەی فەلسەفە، لۆژیك، دین، ڕێزمان هتد. لەڕۆژانی بێ ئاگایی و بێ دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا بەزمانی کوردی، گوزارشت لە هۆشیاری نەتەوەیی و نەتەوە ویستی ناکات؟! ئایا هەر مەلای کورد نەبوو لەڕێگای ئەو حوجرانەوە شیعری ئەوتۆی نووسی شان لەشانی شیعری فارسی و عەرەبی بدات؟!

بەڕاستی خوێندنی حوجرە، هەرچەندە میتۆدەکەی کۆن بووە، بەڵام بیاڤێك بووە بۆ دروستکردنی کەسایەتی مەعریفی و سیاسی کوردیی و هەروەها پاراستنی زمانی کوردی و ناسنامەی کەلتووری کوردی!!

ئەو حوجرانە لەسەردەمێك بوون، کوردایەتی وەك بزاڤێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو تەنها سۆزێك بوو بۆ نەتەوەو نیشتمان: بەکورتی هەبوونی خوێندنی

حوجرە لە كوردستان هەر بۆ دەوڵەمەندكردنی بیاڤی دینی نەبووە لەكوردستان

بەڵكو كەناڵێك بووە بۆ ڕۆشنبیرییەكی هەمە لایەنە: ڕۆشنبیری دینیی، فەلسەفیی، لۆژیكیی، فەلەكیی، زمانیی... هتد.

ڕۆشنبیرییە دینییەكە، زانای ئەوتۆی لە كۆمەڵگای كوردی دروست كرد، بەجۆرێك پایەك لە پایەكانی كەلتورو شارستانیەتی ئیسلامی دەنوێنن. ئەو (فەلسەفە)و (سۆفیگەرییەی) لەبەشێك لە ئەدەبی كلاسیكی كوردی بەرجەستە بووە بەهایەكی ڕۆحیی و مەعریفیی و كوردانەی بەو دەقانە بەخشیووە. ئەمەو هەر لەناو ڕۆشنبیری حوجرەدا، زانایەكی وەك عەلی تەرەماخی یەكەم ڕێزمانیی بەراوردیی لەڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا نووسی هەروەها هەر لەناو حوجرەدا، ئەحمەدی خانی فەیلەسوف بەر لە ڕۆژئاوا بنەماكانی "نەتەوایەتی دروستیی" لە دەقی "مەم و زین"دا بەرجەستە كرد!

بەڕاستی لەحوجرەی كۆن زانا، فەیلەسوف، لۆژیكناس، فەلەكناس، زمانناس دروست بوون، لەناو (مەكتەب)یش مەكتەبلی!

# عەلی تەرەماخی یەکەم ڕێزمانووسی بەراوردیی کوردی

خاوەن ئیمتیاز

**دەروازە**

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیا, چاکترین دەرفەت بۆ حوکمڕانی کوردیی سەردەمی ئیسلامی بووە چونکە لەو سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێکی قەومی نەك هەر لەناوچەکە بەڵکو لە ئەوڕوپاش نەبووە. ئەوسا ,لە هەموو دونیا سەردەم,سەردەمی حوکمڕانی سیستەمی ئیمپڕاتۆریەت بووە. لەناو ڕژێمی ئیمڕاتۆریەتدا هەموو نەتەوە و گەلەکانی ناوچەکە هەریەکەی بەجۆرێك بەشدار دەبێت لە حکومڕانی ئیمپڕاتۆریەتدا.

لە سەردەمی هەرێمی خەلافەتی ئیمپڕاتۆریەتی ئەمەوی وعەباسی وعوسمانیدا کورد لە زۆر دام ودەزگای ئیمپڕاتۆریەت بەشدار بووە هەروەها لە زۆر شوێنی کوردستانی گەورەش حوکمڕانی کوردی هەبووە.

جگە لە بزاڤی سیاسی , ئەوە کورد خاوەن بزاڤێکی ڕۆشنبیری گەورەش بووە بە (دە) یان زانا ونووسەری کورد هەڵکەوتون وە بەشداریەکی هزری و حەزاری گەورەیان کردووە.

لەبارەی (هەولّی زمانی ) یش , ئەوە ڕەوشی خوێندنی حوجرەکانی کوردستان بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستیەی کە زانایانی کورد بە زمانی کوردی, فارسی, عەرەبی هەر (دوازدە) عیلمەکەیان بە قوتابیانی خۆیان ووتوە. ئەو جۆرە خوێندنە هۆکارێك بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی زمانی کوردی0ئەو سەردەمە لە ئەوڕوپا هیچ ئینگلیز وفەرەنسی وئەڵمانیەك ....هتد جورئەتی ئەوەی نەکردووە هەتا ئینجیلیش بە زمانی زگماکی خۆی بۆ قوتابیانی هاونەتەوەی خۆی بخوێنێتەوە!! هەروەك چۆن ئەحمەد خانی شاعیر و

(فەیلەسوف) پێش هەر ئەوڕوپیەك بانگەشەی ناسیۆنالیزمی دروستی كرد, ئەوە عەلی تەرەماخیش پێش هەر ڕێزماننووسێكی ئەورپایی لەپاڵ دەستوری زمانی عەرەبی ,باسی لە دەستوری زمانی كوردیش كردووە.

لەم كورتە لێكۆڵینەوەدا, بە كورتی ئاماژە بە چەمكی فیلۆلۆژی و فیلۆلۆژی بەراورد لە ئەوڕوپا دەكەین ئەوجا لە كارەكەی عەلی تەرەماخی دەدوێین وە ئاماژە بەو عەقڵەی كورد دەكەین لە سەدەی شازدەهەمی میلادیدا.

## فیلۆلۆژی Philology

زاراوەی فیلۆلۆژی Philology لە ووشەی (Philologia) ی یۆنانی داتاشراوە. ئەم زاراوەیە لە زمانی یۆنانیدا لە دوو بەش پێك دێت: (logos) , (philos) . ئەو دوو بەشە زۆر شرۆڤەیان بۆ كراوە: (philos) بە واتای "خۆشەویستی,ئازیز, برادەر"....هتد دێت هەرچی (logos) ە بە واتای "ووشە,ئافراندن,عەقڵ" دێت. ئەو زاراوەیە لە لاتینیش هەندێ گۆڕانكاری بچوكی بۆ كراوە و كراوەتەPhilologie . لە سەردەمی شازدەهەمەوە لە ڕێگای فەرەنسی ناوەڕاستەوە هاتۆتەوە ناو زمانی ئینگلیزیەوە.

بەڵام لە سەدەی شازدەهەم, ئەو زاراوەیە واتای "خۆشەویستی ئەدەبی" دەبەخشێ و پەیوەندی بە زمانەوە نەبوو. ئەمەو, هەر لە سەردەمی یۆنانیەكانەوە تا سەدەی نۆزدەهەمی میلادی, فیلۆلۆژیا هەر پەیوەست بووە بە (خۆشەویستی حیكمەت) و (خۆشەویستی فێربوون ) و (خۆشەویستی ئەدەب) , بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو زاراوەیە لە جوغزی دیراساتی ئەدەبی دەرچوو ,بووە چەمكێك , زانستێك كە تەواو جەختی لەسەر دیراسەكردنی مێژووی پەرەسەندنەكانی زمانەكان دەكرد. ئەمەش لە فریدریك فۆن شلێگڵ دەست پێدەكات هەتا نیتزاچ.

فیلۆلۆژی زمان, زمانەوانی نی یە , توێژینەوەیەكی مێژویی زمانە. یاساكانی دەنگ و گۆڕانی زمان لە قۆناغێكی مێژووییەوە بۆ قۆناغێكی تر كاری بنەڕەتی فیلۆلۆژی زمانە. ئەم خوێندنەوە مێژووییە بۆ مێژووی زمانی

دەگەڵ دەركەوتنی دی سۆ سێر , كە جەختی لەسەر شرۆڤەكردنی ئێستای زمان دەكرد, بەرەبەرە پوكایەوە.

**لقەكانی فیلۆلۆژی**

فیلۆلۆژی چوار جۆری سەرەكی هەیە, جۆری یەكەم فیلۆلۆژی بەراورد, لە هەموویان گرنگترە هەروەها بەشێك لە كارەكەی ئێمە پێك دێنێت.

**یەكەم: فیلۆلۆژی بەراورد**

فیلۆلۆژی بەراورد بزاڤێكی زمانەوانی بوو هەوڵی دەدا لە ڕێگای بەراوردكردنی زمانەكاندا چەند ئاكامێك بپێكێت وەك بیرۆكەی (خێزانی زمانی) دابڕێژن و خاڵە لێكچو و جیاوازەكانی نێوان زمانەكانەكان بدۆزنەوە و لەسەر ئەو بنەمایە (دایكە زمانێك ) بۆ ئەو خێزانە زمانیانە دیاری بكەن. ئەوانە چەند بنەمایەكیان داڕێشت بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایانە زمانەكان پۆلێن بكەن: سێ جۆری پەیوەندییان لە نێوان زمانەكان دیاریكرد, كە بریتین لە:

پەیوەندی یە نەژادییەكان Genetic Relations
پیوەندیە كەلتوریەكان Cultural Relations
پەیوەندییە فۆرمییەكان Typological Relations

فیلۆلۆژكارانی سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەیەكی سەرەكی جەختیان لەسەر پەیوەندییە نەژادییەكان دەكرد, هەر لەو ڕوانگەوەش خێزانی زمانی هیندۆ ئەوروپیان داهێنا.

ئەو بزاڤەی فیلۆلۆژی بەراود لەسەرەتادا پەیوەست نەبوو بە زمان – بە واتای زمان نەبوو ئەو بزاڤەی دروست كرد, بەڵكو (دین) و(سیاسەت) و(بازرگانی) سێ فاكتەری دۆزینەوەی حاڵەتی لێكچووی زمانەكان بوون. دۆزینەوەكەی (فلیۆسامستی) (سێر ویلیەم جۆنز) دەرگای بۆ فیلۆلۆژكارەكان كردەوە كە زیاتر لەو دیاردە زمانەوانیە بكۆڵنەوە .

**دووەم**

**نووسینەوەی فیلۆلۆژیای دەقیی**

دیراساتی ئەدەبی جوغزی کاری فیلۆلۆژیای کلاسیکی بوو ، بەڵام فیلۆلۆژیای دەقیی یاخود نوسراو هەوڵێکی دی فیلۆلۆژییە بۆ خوێندنەوەی دەق و مێژووی دەق.

ئەم جۆرەی فیلۆلۆژییە رەگەزەکانی یاخود ئەمرازەکانی رەخنەی دەقی لەخۆ دەگرێ. ئەم جۆرە رەخنەیە هەوڵ دەدات دەقی رەسەنی نووسەر لە سەر بنەمای چەند کۆپیەکی جودای دەستنووسەکان دابرێژێتەوە. ئەم جۆرە فیلۆلۆژیایە لە بنەرەتدا فیلۆلۆژیاییەکی دینییە ، کاتی خۆی رۆشنبیران هەوڵیان دەدا چەند خوێندنەوەیەکی رەسەنی کتێبی پیرۆز بکەن لەو هەموو دەستنووسە جودایانە ! ئەو فیلۆلۆژییەی دینییەی لە رۆژ هەلات لە ناو موسڵمانان هەیە ، دەرهێنانی چەند یاسایەکە لە قورئانی پیرۆز نەك هەبوونی دەقی لابەلا. فەقێی کورد لە مەوە سەری هەڵدا !

**سێیەم**

**فیلۆلۆژی هۆشەکیی**

ئەمەش جۆرێکی ترە یاخود لقێکی تری فیلۆلۆژییە. فیلۆلۆژی هۆشەکیی لە دەقە زارەکی و نووسراوەکان دەدوێت. ئەو دوو دەقەش ، ئەگەر چی هەریەکە خەسڵەت و ئەدگاری جودایان هەیە بەڵام هەردووك بە گوێرەی بنەماکانی فیلۆلۆژی هۆشەکیی بە ئەنجام و ئاکامی پرۆسەی هۆشەکیی مرۆڤ دادەنرێن.

**چوارەم**

**فیلۆلۆژی زمانەکانی هاوبنچینە**

هەندێ زمان بە زمانی هاوبنچینە دادەنرێن بەوەی ئەو زمانانە هەندێ شێوەی زمانەوانی هاوشێوەیان هەیە جیاوازیان تەنیا لە پیتێکە یان دووان. زمانی ئاسپانی, فەرەنسی , پرتوگالی بە زمانی هاوبنچینە دادەنرێن چونکە زۆربەی ووشەکانیان لە زمانی لاتینییەوە سەرچاوەی گرتووە.

کتێبەکەی عەلی تەرەماخی و بیرۆکەی فیلۆلۆژی بەراورد

عەلی تەرەماخی زانای ناوداری سەردەمی خۆی بووە. نەك هەر کوردستان , بەڵکو زۆر شوێنی تر بۆ خوێندنی مەلایەتی گەڕاوە هەتا لە ئاکام هەر لە گوندەکەی خۆی (تەرەماخ) مزگەوتێك دروست دەکات و چەندەها فەقێ

پێدەگەیەنێ کتێبەکەش هەر لەسەر ئەو بنەمایەی ووتنەوەی وانەکانی مەلایەتی داناوە. هەوڵی داوە (صەرف) ی زمانی عەرەبی بە قوتابیەکانی خۆی بە کوردی بڵێتەوە. جگە لەو هەوڵە دڵسۆزییەی بۆ (زمانی قورئان) و زمانی نەتەوەکەی (کوردی) ئەوە لە زۆر شوێنی کتیبەکەی باسی ڕێزمانی کوردیشی کردووە و نموونەی هێناوەتەوە. هەروەها بە حوکمی ئەوەی زمانی فارسیش لە سەردەمی ئەودا دوازدە عیلمی مەلایەتی لە هەندێ بابەت پێدەخوێندرا, بۆیە نموونەی لە زمانی فارسیش هێناوەتەوە.

ئەمە کرۆکی بابەتەکەی عەلی تەرەماخی یە. با ئێستا بزانین بە دروستی کتێبەکەی ناوی چی یە و ئایا دەکرێ عەلی تەرەماخی بە یەکەم ڕێزماننووس دابنێین هەروەها لە هەمووی گرنگتر بە گوێرەی بنەماکانی فیلۆلۆژی بەراورد.....دەکرێ عەلی تەرەماخی بەیەکەم ڕێزماننوسی بەراورد دابنێین؟

**ناوی کتێبەکە**

ئەلیکزەندری ژابای کوردناس و قونسولی ڕووسیا لە ئەرزە ڕۆم یەکەم کەس بووە کە ئەو دەستنووسەی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی بەدەست کەوتووە و مەلا مەحموود بایەزیدی زانای کورد کتێبەکەی بۆ ژابا ڕوونووس کردووە وە پێشەکی بۆ نووسیوە هەروەها باسی ڕەوشی خوێندنی لە کوردستان کردووە. هەروەها ئەوە باس کراوە کە ئەم کتێبە لە ساڵی 1591 میلادی نووسراوە و مەلای بایەزیدیش لە ساڵی 1858 میلادی ڕوونووسی کردۆتەوە.

ژابای کوردناس لە یەکەم نامەی بۆ ئەکادیمیای دۆرن لە پیتر سپۆرگ ناوی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی دەهێنێ و دەنووسێ:

"....ڕێگم بدەن گەورەم, ئاگاداری جەنابتان بکەم لە بابەت سیپارەێیکی بچوکەوە, ئەوەی ئەمڕۆ بۆتانی ڕەوانە دەکەم ئەمە نێرراوی پێنجەمە, بریتییە لە پێشکی ی دەستوری زمانی کوردی عەلی تەرەماخی........"

پاش نزیکەی ساڵێکی تر ژابا نامەیەکی تر بۆ دۆرن دەنێرێ لەوێش دەنووسێ:

".....گەورەم, ئێوە پێشنیارێکتان کردبوو کە پێویستە دەستووری زمانی کوردی ی عەلی تەرەماخی وەرگێڕمە سەر زمانی فەرەنسی....."
ناوی دەقی کتێبەکەش, کە د.مارف خەزنەدار خۆی دۆزیویەتیەوە هەم خۆیشی چاپی کردووە , ئەوها نووسراوە:

هذا کتاب عبارة علی ترةماخی          هذا کتاب صرف لسان کردی

بە واتای ناوی کتێبەکە صرفی زمانی کوردی یە ژاباش ناوی بە " دەستووری زمانی کوردی" بردووە.

کەچی د.مارف کتێبەکە بە (دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی) دادەنێت. ئەو ڕایەی د.مارف دەکرێ لەسەر ڕای مینۆڕسکی بیناکرابێت,چونکە ئەو هەر لە ساڵی 1927 (43 ساڵ پێش د.مارف) لە ووتاری " کورد – کوردستان" لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام دەنووسێ: " عەلی ی خەڵکی تەرەماخ (1591ز) گرامەرێکی عەرەبی نووسیوە بە زمانی کوردی" مامۆستا ڕەشید فندیش باوەڕی وایە کە عەلی تەرەماخی نەك هەر یەکەم ڕێزماننوسی کوردە بەڵکو یەکەمین پەخشان نووسی کوردیشە. لەم بارەیەوە کتێبێکی نووسیوە بەناوی "عەلی تەرەماخی ئێکەمین ڕێزمانڤیس وپەخشانڤیسێ کوردە" *

بە ڕای من کتێبەکەی عەلی تەرەماخی یەکەم کتێبی ڕێزمانی بەراوردە, چونکە هەم باسی دەستووری صرفی زمانی عەرەبی کردووە هەم باسی دەستووری صرفی زمانی کوردی هەروەها (فارسی) کردووە. ئەو هەوڵەی تەرەماخی وەپێش عەقڵی ئەوروپیش کەوتووە. ئەوەتە یەکەم کتێبی ڕێزمانی ئینگلیزی لە ساڵی 1586 چاپکراوە , کەچی مەلایەکی کورد لە دەڤەرێکی وەك هەکاری لە ساڵی 1591 نەك هەر باسی ڕێزمانی کوردی کردووە, بەڵکو یەکەم کەسیشە نەك هەر لەناو کوردان بەڵکو لە ڕۆژهەڵات ورۆژئاواش کە (ڕێزمانێکی بەراورد) ی لە سەدەی شازدەهەم نووسیوە, کەچی لە هەموو ڕۆژئاوا هەتا سەدەی نۆزدەهەم هیچ ڕێزماننووسێکی ئەوروپایی ڕێزمانێکی بەراوردی نەنووسیوە کەسێکی وەك فریدریك شلێگڵ (1767–1845) لە ساڵی 1808 کتێبێکی بەناوی "لەبارەی زمان وحیکمەتی هیندیەکان" نووسیوە لەوێ زاراوەی "ڕێزمانی بەراورد" ی لە

ڕۆژئاوادا هێناوە و ئەو ناسراوە لە ڕۆژئاوا بە باوکی ڕێزمانی بەراورد, کەچی عەلی تەرەماخی (217) دوو سەد وحەڤدە ساڵ بەر لە شلێگڵ بە کردەوە کاری لەسەر ڕێزمانی بەراورد کردووە ئەو زانستەشی بە نووسین و ووتنەوە فێری قوتابیانی کورد کردووە.

**لێکۆڵینەوە**

ئایا عەلی تەرەماخی زانا وڕێزماننوس مافی ئەوەی لەسەر ڕووناکبیری کورد نی یە هەرچ نەبێ بە یەکەم بە ڕێزماننوسی بەراورد دابنرێ؟! بێگومان تەرەماخی کورد نەبوایە ,ئەوها دەرکەوتبوایە کە یەکەم ڕێزمانووسی بەراوردە ئەوە ڕۆناکبیرانی ئەو نەتەوەیە لە هەموو ڕاگەیاندنەکاندا گەورەترین هەڵای ڕاگەیاندنیان دەکرد!!

هەندێ دەقی کتێبەکەی عەلی تەرەماخی کە باس لە ڕێزمانی کوردی دەکات ئەم نموونانە لە کتێبەکەی د.مارف ورەشیدی فەندی وەرگیراون:

فەصل د بەحپا موچارع دایە. د زمانێ کورمانجێ دا پێنج صیفە بدەردکەڤن زێدە نابن, وەکو نها: (دچی , دچە , دچن, دچم, دچین) هەروەها باسی بەکارهێنانی ڕاناوەکان دەکات, کە چۆن لەگەڵ ئەم شێوانە بەکاردێن: (تو, ئەو, هوون,ئەوان,ئەم,مە) ئەڤ شەش چمیر ژی چەمایرێد وان ئەفعالانە دگەڵ وان تێنە عەملاندن. ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە سەدەی شازدەهەم (1591) ڕاناوی (ئەوان) لە کرمانجی بەکاردەهات. ئەوسا ڕاناوی ئەوان (کۆ) ی ڕاناوی (ئەو) بوو کەچی ئێستا لە ڕێگای کردارەوە ئەو دووە لەیەك جیادەکرێنەوە:

سەدەی شازدەهەم : ئەو دچە. ئەوان دچن.

ئێستا : ئەو دچە. ئەو دچن.

د بەحپا ئیسمێ فاعیلدا ئەمما ئیسمێ فاعلێد تەپنیە وجەمعید زمانێ کورمانجی بغەیری ژ لەفڤا (ئێ دی ئیبتدادا ئاخریدا لەفڤا (نون وها) یەك دبی......

(ئێ کوشتنە , ئێ کرینە , ئێ خوەری نە) , یانی ئەو تەپنیە و جەمعێد کو کوشتینە و کرینە وخوەرینە. جگە لە عەرەبی, ئەم دیاردەیەی لە زمانی فارسیدا باسکردووە وەك دەنووسێ: د بەحپا ئیسم فاعلید ئەلفاڤێد فارسیە, ئیسم فاعیل ناڤی وی فعلی یە. ئەو ژی ئیبتیدایە یان معتموم دبەر

دئاخری لەفڤیدا ژی دال هایك دبی, مپلا وەکو نها: ( کوشندە),( کوننـدە), (خورندە)......

## لێکۆڵینەوە

### پەراوێز

***سەبارەت بە یەکەم پەخشانی کوردی**

ماوەیـەکی زۆر مـەولود نامەکـەی شـێخ حوسـێنی قـازی (1791–1870 ) بـە یەکـەم پەخشانی کورد دانـدرا. لـە پـاش بڵاوبوونـەوەی کتێبەکـەی مـەلا مـەحمودی بایەزیـدی بەناوی ( عادات ورسومات نامةی اکرادیة) , کـە دکتـۆرە شـکوریە لـە رووسـیەوە کردیـە کـوردی نـاوی نـا (داب ونـەریتی کوردەکـان) ئـەو دەقـە کرایـە یەکـەم پەخـشانی کـوردی.....هتـد مامۆسـتا رەشـید فەنـدیش کتێبەکـەی عـەلی تـەرەماخی بەیەکـەم پەخشانی کورد دادەنێت. ئەو کتێبەی تەرەماخی لە سـاڵی 1591 نووسـراوە0 ڕاسـتە یەکـەم کتێبـی ڕێزمـانی کـوردی وڕێزمـانی بـەراوردە, بـەڵام دەکـرێ یەکـەم پەخـشانی کـوردی نـەبێت, چـونکە هـەر مامۆسـتا ڕەشـید خـۆی لـە پـەراوێزی (41) ی ( 60 ) دەنووسـێ: مـەولودا کرمـانجی : هتـا نهـۆ هـزر وەسـا بـۆ دچـیت لـە چـەرخێ پـازدێ ژیابێت....جا گەر مەلای باتەیی لە چەرخی پازدە مەولودنامـەی کرمـانجی نووسـێبێت, سەدەیەك پێش عەلی تەرەماخی یە !!! دەکـرێ ئـەو مەولودنامەیـە یەکـەم پەخـشانی کوردی بێت نەك ئەوەی عەلی تەرەماخی!!

پوختە: پەیوەندییە کەلتوریەکان یەکێك لەو پەیوەندییانەن کـە زمانـەکان , هەرچـەندە لە خێزانی زمانی جوداش بـن سـوود لەیـەکتر دەبیـنن. کـورد لـە پـاش ئاشـنابوونی بـە ئیسلام زمانی عەرەبی کردۆتە زمانی خوێندنی حوجرە نەك کۆمەڵگا . بە واتـای زمـانی قورئان بۆتە زمانی ڕۆناکبیری کورد نەك زمانی خەڵکی عەوام. ئەمەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەو ڕاستیەی کە عەرەب لە سەردەمی ئیسلامیدا لـە کوردسـتان وەك کۆمـەڵگا نـەژیاون ئەوانەی ژیاویشن دەگەڵ کورد تێکەڵ بوونـە و بوونەتـە بەشـێك لـە کۆمـەڵگای کـوردی هەتا زمانی ئاخاوتن عەرەبیشیان لەبیرکردووە.

عـەلی تـەرەماخیش پێـشەنگی ئـەو بزاڤـە ڕۆناکبیریـە بـووە وێـڕای عیلمـەکانی قورئـان ولۆژیك ئەوە ڕێزمانێکی نووسیوە لەسەر صەرفی زمانی عـەرەبی وکوردی وفارسـی بـۆ ئەوەی فەقێیەکانی هەم بـە دروسـتی لـە زمـانی قورئـان بگـەن هـەم بتـوانن بـە زمـانی

کوردی شت بنووسن وبخوێننەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ووتاری ڕۆژی هەینی, جگە لە ئایەتەکان وفورمووده, هەموو بە زمانی کوردی بووە. ئەو کتێبەی تەرەماخی بە یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی دادەنرێ چونکە یەکەم کتێبە باسی بەشێك لە ڕێزمان و زمانی کوردی کردووە هەروەها بە یەکەم کتێبی ڕێزمانی بەراوردیش دادەنرێ چونکە باسی ڕێزمانی عەرەبی و کوردی وفارسی کردووە.

# زمانناسی و شێوازگەری ئاستەکانی بەیەکگەیشتن

د . یادگار لەتیف
زانکۆی سەلاحەدین

## بەشی یەکەم

گرنگترین خاڵەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان زانستی زمان و شێوازگەری بریتییە لەو باکگراوندە مێژووییەی شێوازگەری لێوەی سەرچاوەی گرتووە، دەبینەوە ئەویش بە پلەی یەکەم زانستی زمان و پاشان جوانناسییە.

گەشەپێدانی شێوازگەری لە سەرەتای سەدەی بیستدا وابەستەی ئەو پێشکەوتنەبوو، کە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان بەخۆیانەوە بینیان، چونکە شێواز وەك دیاردەیەکی بنەچە تاك و سروشت و دەرونی، جێگەی لە زمانناسی کۆندا نەدەبویەوە، کە بەتەنها لای بەلای تایبەتمەندیە مادیە سروشتیەکانی زماندا دەکردەوە، گرنگیدان بە پەیوەندی زمان بە بیر و هزرەوە، ئەمەش وای لێ کردبوو گرنگیەکی تەواو بدات بەو تایبەتمەندییە پەتییانە (المجرده) و، چاو بپۆشێت لەو پەیوەندییانەی وابەستەی تاکی بەرهەمهێنێ چالاکیە زمانەوانیەکانە.

دوو ئاراستەی زۆر گرنگی زمانناسی زۆر یارمەتیدەر بوون لە گەورەبوونی شێوازگەری، ئەوانیش:

أ ـ ئاراستەی ئایدیالیزمی، کەبووە مایەی دروستبوونی ڕەخنەی بنیادنەر لە دیالێکتی شیکاری عەقڵی .

ب ـ ئاراستەی دووەم بریتی بوو لە نوێکردنەوەی میتۆدی بابەتیانە بەو شێوەیەی سەرنج دان لەبیرو ژیان لەخۆ بگرێت، وببێتە مایەی دامەزراندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان پشت ئەستۆر بەڕێسا ئەزموونی و عەقڵیەکان .



لەم سەروبەندەدا قوتابخانەیەك لەدایکبوو ، کە بەگەورەترین ڕێگە خۆشکەر دادەنرێت بۆ شێوازگەری، ئەو قوتابخانەیەش ناسرا بە (سینتاکسازە نوێیەکان)، و بەدەوری زانای زمانناسی سویسری (فردیناند دی سۆسێر) تەوەری بەست. ئەمان هەستان بە ئاراستەکردنی ڕەخنە لەپڕەنسیپەکانی زمانناسی مێژوویی، و نەیان سەلماند کە زمان جەوهەرێکی مادی ملکەچ بێت بۆ ڕێسا سروشتیە چەسپاوەکانی دونیا، بەڵکو ئەوان وایان دەبینی کە زمان دروستبوویەکی مرۆییانەیە، و بەرهەمی گیانیی (روحی) مرۆڤە،و گوێزەرەوەی بیرو هۆشەو، و ئامرازێکی پەیوەندیکردنە، زمان مادەیەکی دەنگیە، بەڵام بنەچەو بنەماکای دەرونی و کۆمەڵایەتین. سوسێر لەم سۆنگەیەوە هەستا بەجیاوازیکردن لەنێوان زمان و قسەدا، زمان بریتیە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، و قسە بریتییە لە چالاکی تاکەکەسی و دیاردەیەکی تاکییە.

دەکرێت خالە هەرە سەرەکیەکانی بەیەکگەیشتنی ئەم دوو زانستە (زانستی زمان و زانستی شێوان) چڕ بکرێتەوە لەدوو ئاستی گشتگیردا، ئەوانیش ئاستی بواری کارو ئاستی ئاراستەکانن.

## 1 ـ ئاستی بواری کار :

(کارل فۆسلەر) سەردەستەی قوتابخانەی (ئایدیالیزمی ئەڵمانی) وایدەبینێت کە شێوازگەری بەرجەستەکەری بواری زمانە وەك داهێنان، واتە بواری ئەدەبی و هونەری ، و زمانناسیش بەرجەستەکەری بواری زمانە وەك پێشکەوتن و مێژوو. ئەمە دیدگای فۆسلەر بوو تا بتوانێت خزمەتی زیاتر بەشێوازگەری پێشکەش بکات، لەسەر بنەمای وێنایی، شێواز لەخۆگری هەموو ئامرازە دەربڕین و ئەستاتیکیەکانە پێکەوە، چونکە زمان خاڵی هاوبەشی نێوان هەردووکیانە بۆ زمانناسی، زمان بابەتی زانستەکەیە، و بۆ ئەدەبیش بریتیە لەو مادە خاوەی کەوەك بەرد وایە بۆ پەیکەرتاش.

بوونی زمان مەرجە بۆ بوونی شێواز، لەهەمان کاتدا شێوازیش دەروازەی زمانە بۆ چوونە ناو جیهانی دەق و زماننناسی ڕستە، چونکە زماننناسی لەڕووی پرەنسیپەوە لەڕستە دەکۆڵێتەوە، شێوازیش لەدەق دەکۆڵێتەوە، بەو پێیە شێواز نزیکترە لە زماننناسی دەق، ئەمە وای لەهەندێك زانا کرد کە وا ببینن لەنێوان زمان و دەقدا پەیوەندییەکی ون یاخود پچڕاو هەیە، شێواز تەواوی دەکات. بەوپێیە شێواز دەبێتە پردی زمان بۆ ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، وەك چۆن هەرخۆی ئامرازیەتی بۆ چوونە ناو جیهانی دەق. ئەمە وایکردووە ئەم خاڵە بەشاخاڵێ پەیوەندی نێوان ئەم دوو زانستە دابنرێت، چونکە هەردووکیان لەیەك شت دەکۆڵنەوە، ئەویش دەقە، ئیتر بێگوێدانە ئەوەی کە لێکۆلینەوە ئەدەبیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر دەقە نوسراوەکان دەکەن، لەکاتێکدا زماننناسی بەپلەی یەکەم گرنگی دەدات بە دەربڕینە زارەکیەکان.

لەسەرەتادا زانایانی زمان وایان دەبینی کە لێکۆڵینەوە لەشێواز لەبنچینەدا پشت دەبەستێت بەوەسفکردنی زانستیانە بۆ هەندێك لەسیستەمە بەرجەستەبووەکان لەبنیادە زمانەوانییەکانی دەقێکی دیاریکراودا، لەگەڵ تۆمارکردنی چۆنیەتی دابەش بونیان، بەڵام ڕەخنەگری ئەدەبی بە پێچەوانەی ئەوانەوە زۆر دوورتر دەڕوات و کاردەکات لەسەر کۆمەڵە مەسەلەیەك، کە لەسنوری دەق تێدەپەڕێت ئەم گرنگی دەدات بەو پەرچە کردارەی لەلای وەرگر دروست دەبێت، و بەو پەیوەندیەی کە هەڵیدەهێنجێنێ لەناو دەق و دەرەدەی دەقدا، بەڵام ئەم دوورەپەرێزییە زۆری نەخایاند، و بزاوتی نزیکبوونەوە لەنێوان هەردوولادا هاتە بوون، لەوکاتەوەی کەپشتیوانانی (ڕەخنەی نوێ) دەستبەرداری گەڕان بوون بەدوای ناوەڕۆك و ژینگەدا، و گرنگیپێدانەکانیان چڕکردەوە لە شیکارکردنی کۆمەڵێك لایەنی ڕووکەشی دەقی هەڵبژێردراو، کارکردن لەسەر ئەو کاریگەریانەی کە بەسەر خوێنەرەوە بەجێی دەهێڵن، بەهەمان شێوە زانایانی زمان دەستبەرداری لێکۆڵینەوە بەشیەکانیان بوون، و هەستان بەڕووپیوکردنی هەندێك ناوچەی دیاریکراو لە لێکۆڵینەوەی دەقدا بەمەبەستی دۆزینەوەی یەکە زمانییە بچووکەکان،و ئەو یاسا و ڕێسایانەی پێکیان دەهێنن، و چۆنیەتی بەجێگەیاندنی ئەرکە واتاییەکان.

(ئەستیفانو ئۆلمات) کە یەکێکە لەزاناکانی بواری شێوازگەری، وایدەبینێت کە زانستی شێواز ـ شێوازگەری لەسەری پێویستە دیدگای جیاوازو بەرچاو، و پرەنسیپی جیاواز لە لقەکانی زمانناسی تەبەننا بکات، ئەمەش وای لێ دەکات بەدروستی ببێت بە هاوبەشی نەك بە بەشێك لە زمانناسی، چونکە شێوازگەری کار لەسەر ڕەگەزە زمانییەکان بۆ خودی خۆیان ناکات، بەڵکو بۆ هێزەکانی دەربڕینیان، بەم واتایەش دەکرێت زانستی شێواز بۆ هەمان ئەو ئاستانە دابەشبکرێت، کە زانستی زمانی لەسەر دابەشکراوە، ئەوانیش بریتین لە ئاستەکانی دەنگی و فەرهەنگی، وسینتاکسی. دیسانەوە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی شێوازگەری وەك زمانناسی دوو دیدگای یەکتر تەواوکەر لەخۆبگرێت، وەك چۆن(جسبرسن) دەڵێت هەردیاردەیەکی زمانی دەکرێت لەناوەوەو لەدەرەوە لێی بکۆڵرێتەوە، واتە لەلایەنی دەستەواژە و لایەنی واتا، لەحاڵەتی یەکەم هەڵدەستێت بە وەرگرتنی لایەنی دەنگیی وشە یاخود دەربڕینەکە، لەپاشاندا لەو دەلالەتەی لێوەی دروستبوە دەکۆلێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا ئێمە لە واتاوە دەستپێدەکەین لەپاشان لە شێوازی دەربڕینەکە دەکۆڵنەوە.

## 2ـ ئاستی ئاراستەکان:

کاری زمانناسی (دی سۆسیر) شێوازگەری (شارل بالی) لێکەوتەوە، و بنیادگەریش لەدایك بوو، کە لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا ئاوێزان بوو، و بەهەردووکیانەوە شیعرگەری (poetics) جاکۆبسن وتۆدۆرف و شێوازگەری ریڤاتێریان بەپیتکرد، ئەمانە کۆمەڵە ڕەوت و قوتابخانەکن، سەرچاوە مەعریفیەکان لە زمانناسیەوە هەڵگۆستووە، بۆیە ((میشال ریڤایتر)) لە کتێبەکەیدا((چەند هەوڵدانێك لە شێوازگەری بنیادگەریدا)) وای بۆ دەچێت کە شێوازگەری میتۆدێکی زمانییە.

گرنگیدان بە شێواز و شێوازگەری ، وئەو ئەنجامانەی لەم کارە کەوتەوە، بووە مایەی جۆراوجۆربوونی بوارەکانی شێوازگەری و ئاراستەکانی.هۆکاری سەرەکی ئەم جۆراوجۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی و هەمەچەشنەیی بابەتەکانی ، کە پڕاوپڕی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤن ، چونکە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان و دیدگا فیکرەیی و ئیستاتیکی و هونەرییەکان ، کۆمەڵە مادەیەکی زیندووی دەوڵەمەندن ، کە شێوازگەرەکان کاری لە سەر دەکەن

، و میتۆدە کۆمەڵایەتی و دەروونی و زمانەوانییەکانی لەسەر پراکتیک دەکەن ، هەر لەبەرئەمەیە شێوازگەری بۆتە شێوازگەرییەکان.

بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە ، کە شێوازگەری لەگەڵ جۆراوجۆری و فراوانی کایەی کارەکانی ، خاوەن میتۆدێکی زانستییە،بەو واتایەی هەموو کارە شیکاریی و خوێندنەوەکانی بەستۆتەوە بە زمانی دەق و بنیاتی دەق و پەیوەندییە زمانەییە دەقییەکانەوە، و لە دەرەوەی دەقەوە خوێندنەوەی پێشوەختە ناسەپێنێتبەسەر دەقدا . لە دەقەوە دەستپێدەکات ، و بە دەق کۆتایی بە کاری شیکاری خۆی دەهێنێت ، و ئاستە جیاوازەکانی دەق دەدوێنێت ، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە دونیای دەرەوەی دەق ، پاش ئەوەی دەستپێك و کۆتایی پێهێنان لە دەقەوە سەرچاوە دەگرن .

ئاراستە شێوازگەرییەکان خۆیان لەم چەند ئاراستەیەدا دەبیننەوە:

**1 ـ شێوازگەری وەسفی (شێوازگەری دەربڕین) .**

**2 ـ شێوازگەری پێکهاتەیی ( شێوازگەری ڕەخنەیی).**

**3ـ شێوازگەری بنیادگەری (شێوازگەری ئەرکیی).**

**4 ـ شێوازگەری لادان ( یاخود شێوازگەری سیمیائی).**

جگە لە ئاراستەی دووەم کە زیاتر کار لەسەر ڕەهەندە دەرەوەیەکانی دەق دەکات ـ پشت بەستوو بەڕەهەندە ناوەکیەکانی دەق ـ هەموو ئاراستەکانی تر پشت ئەستورن بە بنەما و ئامراز و ڕەهەندە زمان و ناوەکیەکانی دەق ، و ئەم بوار و ڕەهەندانە وەگەڕ دەخەن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی وردو دروست لە کاری شیکاریی دەقدا. ئەم دیاردەیەش بۆ خودی خۆی ڕۆڵ و کاریگەری زمانناسی زەق دەکاتەوە، لە سەرهەڵدان و پێشکەوتنی شێوازەگەریدا، هەر یەك لەم ئاراستانە بواری کارکردن و ئامرازو بنەمای شیکاری تایبەت بە خۆیان هەیە.

لێكۆڵینەوە

# ئاخاوتن وجێندەر

**د. ئازاد عەلی**

**زانكۆی كۆیە**

لە زۆربەی كەلتورەكانی جیهاندا وا باوە كە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەت لە پیاو جیاوازە وئافرەت زیاتر لە پیاو قسە دەكات، هەروەها لە كۆمەڵگەی كوردەواری ئەگەر كۆمەڵێك پیاو قسە لەگەڵ یەكتر بكەن وكەس گوێ لەوی تر نەگرێ، دەڵێن بۆتە حەمامی ژنان! ئایا پەیوەندی لە نێوان جێندەر وئاخاوتن هەیە؟ ئەگەر پەیوەندیەك هەیە، سروشتی ئەو پەیوەندیە چۆنە؟ ئەم وتارە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە ، لە ژێر رۆشنایی بۆچوونەكانی زمانناسی ئەمەریكی دیبۆرا تەنێن.

**جیهانبینی و جێندەر**

تەنێن دەڵێت: "كاتێك بیردەكەینەوە، زمان بەكاردەهێنین، بەڵام لە هەمان كاتدا زمانیش ئێمە بەكاردێنێت".. هەروەها دەڵێت: "هێزی وشەكان لە

شێوەی پەی پێ بردن وزانیمان مەسەلەیەکی سەلمێنراوە.. زمان قالب بۆ بیرکردنەوەمان دەربارەی خەڵك وکارەکانمان وجیهانی دەوروبەرمان دانەنێت" (Tannen, 1998: 14).

بە پێی بۆچوونی تەنێن، پیاوان لە جیهانێکدا دەژین کە بە شێوەیەکی قوچەکی رێکخراوە، تیایدا تاك یان سەرکەوتووە یان ژێرکەوتوو، یان براوەیە یان دۆڕاوە. لە جیهانێکی لەم جۆرەدا، ئاخاوتن جۆرێکە لە دانووسان کە مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن سەرکەوتن بەدەست بێنن وخۆبپارێزن لە کەسانی تر کە لە هەوڵی لە ژێرخستن ولادانیان دان. بەم شێوەیە ژیان بریتیە لە پێشبڕکێ وهەوڵدان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ودوورکەوتنەوە لە شکست (Tannen, 1990: 24-25).

بەڵام ئافرەتان، بە بۆچوونی تەنێن، خۆیان لە ناو تۆڕێك لە پەیوەندی دەبیننەوە. لەم چەشنە جیهانەدا ئامانج لە ئاخاوتن لەیەکتر نزیك بوونەوەیە، کە تیایدا خەڵك هەوڵ دەدەن یارمەتی وپاڵپشتی بدەن ووەربگرن بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتردا رێك بکەون. ژیانیش لای ئافرەتان، هەوڵدانە بۆ پاراستنی پەیوەندیە پتەوەکان ودوورکەوتنەوەیە لە گۆشەگیری ودابڕان. پەیوەندیەکان لەم جیهانەدا زیاتر هاورێییەتییە نەك پەیوەندی هێز ودەستکەوت (Tannen, 1990: 25).

بەڵام تەنێن لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کە وەنەبێ ئافرەتان بیر لە هێز ودەستکەوت نەکەنەوە یاخود بە پێچەوانە، پیاوان بیر لە پەیوەندی توند ونزیك نەکەنەوە، بەڵام ئافرەتان زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندی توند (intimacy) دەکەن وپیاونیش زیاتر جەخت لەسەر پایە وسەربەخۆیی (status and independence) دەکەن. زمانی حاڵی پەیوەندی دەڵێت: "ئێمە لەیەکتر نزیکین ووەکو یەکین" لە بەرامبەر ئەوەشدا زمانحاڵی سەربەخۆیی دەڵێت: "ئێمە لە یەکتر جوداین وجیاوازین". (Tannen, 1990:28). لەوانەیە بتوانین بە شێوەیەکی تر گوزارشت لەم بیرۆکەیە بکەین وبڵێین کە پەیوەندی نێوان ئافرەتان ئاسۆییە، لە یەکترنزیکن وهیچیان لەسەرووی ئەوی تریان نییە واتە یەکسانن لە پلە وپایە، بەڵام پەیوەندی نێوان پیاوان شاقوڵییە وچونکە هەر خاڵێك لەسەر ئەم هێڵە شاقوولیە یاخود لەسەروو یان لە ژێر خاڵی ترە، کەواتە پایەکەی جیاوازە، بۆیە خاڵەکان یەکسان نین.

پێدەچێت تەنێن لەو بۆچوونەیدا سوودی لە کارەکانی مۆلتز وبۆرکەر (Maltz & Borker, 1982) وەرگرتبێت کە ئاماژە بەوە دەکەن کە کچان زمان بەکاردێنن بۆ نزیك بوونەوە لە کەسانی تر لە کاتێکدا کوڕان زمان بە مەبەستی تەئکید کردنی پلە وپایەی خۆیان لە بەرامبەر کەسانی تر بەکار دێنن.

بەڵام بۆچی پیاوان وئافرەتان جیاوازن لە جیهانبینی وبیرکردنەوەیان؟ ئایا هۆیەکەی سروشت وبایۆلۆجیایە یان کەلتور وشێوازی پەروەردەیی؟



هەرچەندە تەنێن لەگەڵ ئەوەدا نییە کە پرسیارەکە بەم شێوەیە دایکۆتۆمییە (یان ئەوەیان یان ئەمەیان) بێت (Tannen, 1998:21)، بەڵام پێی وایە کە زۆربەی جیاوازیەکانی نێوان پیاو وئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ کەلتور، جوگرافیا، چین، ئاڕاستەی سێکسی وکەسایەتی (Tannen, 1998: 167). ئەوەی جێی ئاماژەیە هەندێك لە توێژینەوەکان زیاتر پاڵپشتی فاکتەری بایۆلۆجین لە ڕوونکردنەوەی جیاوازی جێندەری لە بواری ئاخاوتندا (Bell, McCarthy & McNamara, nd)

**جیهانبینی وجێندەر وئاخاوتن**

کاریگەری ئەم دوو جیهانبینیە بە شێوەیەکی گشتی لەسەر پەیوەندی نێوان ئافرەت وپیاو بەدیار دەکەوێت، بە تایبەتیش لە کاتی ئاخاوتندا ئاشکراتر دەبێت. بۆ نمونە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین کە ئافرەت یان کچ زیاتر پرسیار دەکەن، نەك پیاو یان کوڕ، ئینجا ئەو پرسیارە دەربارەی شوێن بێت یان دەربارەی زانیاریەکی تایبەتی بێت. بۆچی پیاو کەمتر پرسیار دەکەن؟

لە ڕوانگەی جیهانبینی پیاوەوە، تێنێن وای بۆ دەچێت کە کاتێك پیاو پرسیار دەکات هەست بە پایە نزمی دەکات چونکە پرسیارکردن مانای نەزانینە. ئەمە لەلایەك ولەلایەکی ترەوە ئەو کەسەی کە وەڵامت دەداتەوە، واتە زانیاریەکت پێشکەش دەکات کە تۆ نایزانی، پایەی لە هی تۆ بەرزترە لەم بوارە بچووکەدا. بۆیە پیاو لەم حالەتەدا خۆی لە مەسەلەی پلە وپایە بەرزی ونزمی دەبینێتەوە بۆیە خۆی لە پرسیار کردن، تا پێی بکرێت، دەدزێتەوە.

بەڵام پرسیار کردن بۆ ئافرەت کێشەیەك نییە چونکە مەسەلەکە بە پلە وپایەوە بەند نییە بەڵکو بە پەیوەندییەوە بەستراوە. چونکە پەیوەندی

بەستنیش لەسەرووی لووتکەی گرنگیەکانە لایان، بۆیە ئافرەتان بە گشتی پێیان خۆشە پرسیار بکەن. ئافرەتان پێیان خۆشە پرسیار بکەن وپیاوانیش پێان خۆشە پرسیاریان لیَ بکریَ، چونکە پرسیارکردن پێویستی پەیوەندی بەستن لای ئافرەت تێر دەکات و پرسیارلێکردن پێویستی پایە بەرزی لای پیاو دابین دەکات!

لە کاتی قسەکردندا، تەنێن جیاوازی لە نێوان پەیام massage وپشت پەیام یان پەیامی شاردراوە metamassege دەکات. مەبەست لە پەیام  مانای ئاشکرای کردارێکە، بەڵام پەیامی شاردراوە کۆمەڵە زانیاریەکە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەو کەسانەی کە لەم کردارە بەشدارن. بۆ نمونە پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ کەسێك پەیامێك هەڵدەگرێت کە لەوانەیە بەم شێوە بخوێنرێتەوە: ئەمە سوودی بۆت هەیە، بەڵام پەیامی شاردراوە ئەوەیە کە: من لە تۆ باشترم.

ئافرەت دووچاری کێشەیەك دێت و بۆ کەسێك باسی دەکات، مەبەستی ئەوەیە بە پلەی یەکەم بەرامبەرەکەی لە هەستەکانی بگات، نەك کێشەکەی بۆ چارەسەر بکات، بەڵام زۆربەی جار کاردنەوەی پیاو بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە ئامۆژگاری کردن دەبێت نەك تێگەیشتن لە هەستی ئافرەتەکە. لەبەر ئەوەی ئافرەتەکە مەبەستی ئەوە نەبووە ئامۆژگاری بکرێت، ئامۆژگاریەکە وەرناگرێت، بۆیە پیاوەکە تووڕە دەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆیەك بۆ لێکترنەگەیشتن.

بوارێکی تر کە دەبێتە مایەی لەیەك تێکنەگەیشتن مەسەلەی پرسیارکردنی ژنە لە مێردەکەی. بە شێوەیەکی گشتی کاتێك ژنێك لە مێردەکەی دەپرسێت: ئەریَ پیاوەکە ئەو لە دایرەکەت چی ڕوویداوە؟ وەڵامی مێردەکە بە کورتی: هیچ. لێرەدا ژنەکە مەبەستی ئەوەیە کە پیاوەکە بکەوتە ئاخاوتنە لەگەڵیدا، بەڵام مێردکەی مەسەلەکە بە شێوەیەکی تر لێکدەداتەوە. پیاو کاتێك قسە دەکات ئەگەر زنیاریەکی گرنگ هەبێت، بە بۆچوونی ئەو گرنگ بێت، و پێویست بکات کەسانی تر بیزانن. وە لەبەر ئەوەی لە شوێنی کارەکەی هیچ شتێکی گرنگ ڕووی نەداوە، کەواتە وەڵامی پرسیاری ژنەکەی نێگەتیف دەبێت!

**پیاو زیاتر قسە دەکات یان ئافرەت؟**

ئەوەی ڕاستی بێت تێنین دوو زاراوە بۆ ئەم جۆرە حالەتە بەکار دێنێت: (Rapport talk) و(Report talk). دیارە وشەی Rapport لە زمانی ئینگلیزی مانای پەیوەندی پتەو ونزیکە وReport یش مانای راپۆرتە. ئاخاوتنی ئافرەت لە جۆری یەکەمە وهی پیاویش لە جۆری دووەمە.

هەندێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە پیاو زیاتر لە ئافرەت قسە دەکات! بۆ نمونە (لیپەر) و (ئایرس) لە توێژینەوەیەکی (میتائەنەلیسس) گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پیاوان زیاتر لە ئافرەتان قسە دەکەن وزیاتر شێوازی خۆسەپاندن (assertive) بەکار دێنن لە کاتێك ئافرەتان زیاتر شێوازی ئینتیمائی (affiliative) بەکار دێنن (Leaper & Ayres, 2007: 353). (چان) هەمان دیاردەی لە کەلتوری چینیش تێبینی کردووە (Chan, 1999: 9).

هەرچەندە ئەم ئەنجامانە لەگەڵ تێبینی ڕۆژانە وبەشێکی زۆر لە پەندی پێشینیان کۆك نییە، بەڵام تەنێن لێکدانەوەیەکی ماقول پێشکەش دەکات. تەنێن دەڵێت کاتێك چەشنی قسەکە تایبەتی بێت، بۆ نمونە قسەی نێوان ومێرد وژن یان دوو کچی برادەری یەکتر، لەوانەیە ئافرەتان زیاتر قسە بکەن، بەڵام کاتێك قسەکە لە سیاقێکی گشتی وفەرمی بێت، بۆ نمونە لە کۆبوونەوە یان لە کۆنگرە، پیاوان زیاتر قسەدەکەن وئافرەتانیش کەمتر.

**نمونەی ئاخاوتنی جێندەر لە قورئانی پیرۆزدا:**

لە قورئانی پیرۆزدا چەند نمونەیەکی ئاخاوتنی جێندەری هەیە، لێرەدا باسی یەك نمونە دەکەم کە لەوانەیە پاڵپشتی بۆچوونی تەنێن دەکات ئەویش ئاخاوتنی شاژنی (سبأ) لەگەڵ دارودەستەکانی لەلایەك ولەگەڵ پێغەمبەر سولەیمان لە لایەکی ترەوە. شاژنی (سبأ)، کە دەڵێن ناوی بلقیس بووە، نامەیەکی لەلایەن پێغەمبەر سولەیمان پێدەگات ولەگەڵ دارودەستەکەی قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکات ودەڵێت:

من لەلایەن سولەیمان نامەیەکم بۆ هاتووە کە داوا خۆمان بەزل نەزانین وببینە موسوڵمان. ئێوە ڕاتان چییە؟ دەزانن کە من هیچ بڕیارێك نادەم ئەگەر پرس وڕاتان پێ نەکەم.

دارودەستەکەی دەڵێن، کە پێ دەچێت هەموو پیاو بن: ئێمە خاوەن هێز ودەسەلاتین وبڕیارەکەش بە دەست تۆیە.

شاژن دەڵێت: پاشاکان کاتێك هێرش دەکەنە سەر وڵاتێك تەفروتونای دەکەن. من دیاریەك بۆ سولەیمان دەنێرم وبزانم نێردراوەکانم بە چی دەگەڕێنەوە (سورەتی النمل: ئایەتی 29–35 ).
لێرەدا کاتێك جیهانبینی پیاوەکانی داروودەست باس لە هێز ودەسەڵات دەکات، جیهانبینی شاژن باس لە دروست کردنی پەیوەندی دەکات لە رێگەی ناردنی دیاری بۆ کەسی بەرامبەر.
نمونەی دووەم لە کۆتایی گفتوگۆی نێوان شاژن وپێغەمبەر سولەیمانە کاتێك شاژن هێز ودەسەڵات وتوانای سولەیمان دەبینێت، ودەزانێت کە مەسەلەکە خوداییە، دەڵێت: خوایە من زولمم لە خۆم کردووە ولەگەڵ سولەیماندا ملکەچی خاوەنی هەموو جیهانەکان دەبم (سورەتی النمل: ئایەتی 44).



ئەو خاڵەی لێرەدا مەبەستمانە دەستەواژەی "لەگەڵ سولەیمان"ەکە دووبارە مانای پلە وپایە نابەخشێت، بەڵکو مانای پەیوەندی وهاوپایەیی دەدات.

**دەرەنجام**

وادیارە کە پیاوان وئافرەتان، لە ژێر کاریگەری چەندەها فاکتەری بایۆلۆجی وکۆمەڵایەتیدان کە بە بۆچوونی من جیاکردنەوەیان لە یەکتری ئەستەمە، شێوازی جیاواز لە ئاخاوتندا بەکار دێنن. لە کۆمەڵگای کوردی پێویستمان بە توێژینەوەی زۆرە لەم بوارەدا بۆ ئەوەی بتوانین بەراوردێکی کەلتوریی لە نێوان خۆمان وئەوانی تر بکەین. ئاشنابوونی رەگەزەکان بە جیهانبینی تایبەتی یەکتر وزانینی چۆنیەتی کاریگەری ئەم جیهانبینیە لەسەر ئاخاوتنی هەردوو رەگەز، یارمەتیمان دەدات کە باشتر وڕاستتر لە یەکتر بگەین وبواری خراپ لە یەکتر گەیشتن بچووکتر بکەینەوە.

**سەرچاوەکان**

1– قورئانی پیرۆز

2- Bell, C, M., McCarthy, P, M. & McNamara, D. S. (n.d). *Variations in Language Use across Gender: Biological versus Sociological Theories.*

3- Chan, M. K.M. (1999). Gender, Society, and the Chinese Language. Paper presented at the 11th North American

**Conference on Chinese Linguistics, 18-20 June, Harvard University, Cambridge, MA.**
**4- Leaper, C & Ayres, M, M. (2007) A Meta-Analytic Review of Gender Variations in Adults' Language Use: Talkativeness, Affiliative Speech, and Assertive Speech.** ***Journal of Personality and Social Psychology Review*****, Vol. 11 No. 4 Pp.328-363.**
**5- Tannen, D. (1990).** ***You Just Don't Understand: Women and men in conversation*****. New York: Ballantine Books.**
**6-Tannen, D. (1998).** ***The Argument Culture: Moving from debate to dialogue*****. New York: Random House.**

**لێکۆڵینەوە**

# هەندێ گرێ و ڕستەی ڕێزمانیی لە زۆنگاوی فەرامۆشیدا

**ئەحمەد هیرانی**
**سەرپەرشتیاری پسپۆری زمانی کوردی**

زمان هەتا ساکارتر و سادەتر بێ بۆ وەرگرتن و فێربوون، ئاسانترو بێ قۆرتتر ئەبێ، ئەمە شتێکە کەس لاری لێی نییە.. زمانی کوردیش بەو ناوەوە کە زمانە، کەسایەتیەکی سەربەخۆی هەیە، خزمەت نەکراویەکەی نابێتە هۆی نەبوونی ئەو کەسیەتییەی، ئەو کەسیەتیەی هەبووە، چ لەسەردەمی کۆندا کە سەردەمی ئاوێستاو پەهلەوی کۆنە، چ لەسەردەمی ئێستایدا کە وردە وردە بوژاوەتەوەو کەوتۆتە سەر شێوەی نووسین.

بەو پێیەی کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا، وا خەریکە زمانەکە هەنگاوی بەرەو پێش داوێت، لەسەر دەستی کۆمەڵێ زاناو هۆشمەندانی نەتەوەکە، لەژێر تیشکی لێدوان و دەرخستنی ڕاستییەکان، لەناو دووتوێی ڕێزمانێکی پوخت و بێگرێدا.

باسەکەی ئێمەش لێرەدا، دەربارەی هەندێ گرێ و ڕستەی ڕێزمانییە، کە تا ئێستا وەك پێویست لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەربارەیان نـەکراوە لەلایـەن پسپۆرو زانا زمانەوانییـەکان، تـەنهاو تـەنها دوو سەرچـاوەی لێدەرچـێ..؟ وەك: کۆڕی زانیاری کورد کـە لـەپاڵ بـەکاربردنی ئامرازەکانـدا، هێمـای بـۆ کــردووە، هــەروا ڕێــزدار: (د. ئــەورەحمانی حــاجی مــارف)، لایــەنێکی دەرخستووەو ئاشکرای کردووە ڕۆنتر و باشتر لەوەی کۆڕ.

ئەو گرێ و ڕستە جۆراوجۆرانەش، کە لەدەروونی پـەنگخواردووی مرۆڤـەوە شـلۆڤە دەبـن، دێنـەدەرو دەردەبـڕێن بـەهۆی ئەنجامـدانی کـارو هـەڵس و



کـەوتێ، کـەجێی ڕازیبـوون و ڕالێبوونـە، ئـەوەش بـۆ بەرامبەرەکـە، کـە لەشـایانی سوپاسـدا دەیانکێـشێ و لەچـوولانەی شـادی و بەختەوەریـدا بەشنەی شـەماڵی خۆشـنودی و هەناسـەی پـاکی بـەیان لەدەرونیـەوە ئـەم وشەو گرێ و ڕستانە بۆی هەڵدەکا... ئەوانەش بۆیە دەڵـێ، چـونکە شـێوە بەلاغیەکە لەوەدایە تا بەرامبەرەکە تێبگەیەنی و نیایی بکا، بۆ ئـەو کـارەی کـە ئـەنجامی داوە، شـایانی ئەوەیـەو هەڵـدەگرێ کـە ئـەم ڕسـتەو گرێیانـە بگوترێن و گرێکوێرە دەروونییەکان هەڵیتەکێنرێن لەگەردو تۆز..؟!

هەر بۆیە من لەخۆمەوە ناوم ناون ـ گرێـی دەروونـی ـ پێـچەوانەی ئـەوەش هەیە، مرۆڤ هەندێ جـار وا تووشـی سـەخڵەتی و هەڵوێـست و کـاری وادێـت لەدەسـت بەرامبەرەکـەی، بەناچـاری هەنـدێ گـرێ و ڕسـتەی وای لـەدەم دەردەچێ، کە پێشی لێـدەگرن و پێـشی پێـدەخۆن، هـەر بۆیـە لەتفـەنگی زمانەوە وەك گوللەی کاریگەر بۆ پێکانی هەست و ناخی بەرامبەرەکـەی لـە قالبێکی نابەجێ و زۆر نالەبارو ناهـەموارو ناشـیرین و نابـەدڵ، ئـەم ڕسـتەو گرێیانە دێنە دەربڕین... بەهەرحاڵ مرۆڤ نییە لـەو جیهانـەدا لـەژووری ئـەو ئەزموونەدا تاقینەکرابێتەوە! بەڵام گروپی یەکەمیان لەو گرێ و ڕستانە، بۆ خۆشـی و ئاسـودەیی و نەواییـە، هـی دووهـەمیان لـەکاتی بەیـەکا چـوون و دەمدەمانێ و تووڕەییدا دەوترێن و دەردەبڕێن..؟ هەندێ جـاری واش هەیـە لەم گرێ و ڕستانە پاشملەش دەگوترێن، گرووپی دووەم لەم گرێ و ڕستانە پێیان دەگوترێ ـ سەرزەنشت ـ یان توك یانیش جنێو خەبەر بێژتن، کەواتە ئەم گرێ و ڕستانە بۆ داگـرتن و داشـکان و ڕالێنـەبوون بـەکاردەبرێن، ئـەم

گرێ و ڕستانە وەك ئامراز نین کە تەنها لەناو ڕستەدا ئاوەڵناو، ئامراز، خووڕەوشتی هیچ نەتەوەیەکیش نییە لەم گەردوونەدا کە خاڵی بێت لەم چەشنە گرێ و ڕستانە...!!

ـ گرێ و ڕستەکانیش ناکەونە ژێر تیشکی پەندو ئامۆژگاری، قسەی نەستەقیش نین، دووریشن لە ئیدیۆم، لە بنج و بنەوانی ڕاستیشدا تیشکی هەموویان هەڵدەمژن بۆ خۆیان...

ـ زیاتر لەیاسای زمانناسیدا دەخزێنە ژێر تیشکی فرێزیۆلۆژی، چونکە فرێز بەو دانە سینتاکسییە دەڵێن کە لەدوو یاخود چەند وشەیەکی سەربەخۆ پێکهاتبێ و ڕێزمان بەیەکەوەی بەستبن..؟!

لێکۆڵینەوە

ـ هەروەها لەزمانی کوردیدا وەك هەر زمانێکی دیکەی سەر ئەم زەمینە، جگە لەوشەی جودا جودا کە دانەی زمانن، هەروەها پێکهاتنی ئاڵۆزتر هەیە، کە پێی دەگوترێ ـ فریزیۆلۆژی وەك: دەستە و ئەژنۆ، پشت ئەستووری ـ رووڕەشی ـ رووزەردی... تد.

ـ جگە لەوەش هەرچی فرێزیۆلۆژیە، لەکاتی ئاخاوتندا دروستنابێ، بەڵکو دانەی تێکەڵ و ئامادەی زمانە...

ـ هەروا فرێزیۆلۆژی یەکگرتوو ئەوەیە: کە مانای لەڕێگەی مانای سەرپاکی ئەو وشانەوە (پارچانەوە) پێکیان هێناوە و ئاشکرا دەبێ...

ـ بەڵگەی ترمان ئەوەیە کە زۆربەی فریزیۆلۆژی زمانی کوردی لەخانەی فریزیۆلۆژی یەکگرتوودا ـ دادەنێین، بەڵگەشمان ئەو نموونانەی خوارەوەیە: ناوی بەگەروی ئاشاچێ ـ ناوی بەقوڕاچی ـ چوارپێ ـ داری بەسەر بەردەوە نەماوە ـ کەوڵە کۆن.

ـ بەهەرحاڵ ئێمەش دەڵێین: سەرچاوەی ئەدەبیاتی کوردی وەك ئەدەبیاتی گەلانی جیهان بریتییە لە ئەدەبی فۆلکلۆر.

ـ هەر بۆیە پێویستە باسەکەمان لە فۆلکلۆرەوە هەڵبهێنجین ـ دەبێ پەنجەش بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەو چەشنە گوتانە (دەربڕینانە) ناکەونە ژێر تیشکی پەندو ئامۆژگاری و قسەی نەستەقیش نین، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، با پەنجە بخەینە سەر کتێبی سەرنجێ لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، درێژ بکەین کە دەڵێ:

ـ ڕێز لـەمرۆڤ گـرتن زۆر چەشـنی هەیـە، وەك دەسـت بـە سـنگەوە گـرتن ـ خۆنوشتانەوە بەتایبەت لەهـەورامان، دەسـت ماچـكردن، وتنـی (نۆشـتبێ) دوای خواردنەوەو خواردن هەڵسان لەبەر میوان، ڕێزگرتن لەخۆ گەورەتر... تد.

ـ ئەگەر بەوردی سـەرنجی ئـەو سەرچـاوەیە بـدەین، تـەنها باسـی گرووپـی یەکەمی کردووە، بەلای ئەو گرێ و ڕستانەدا چووە لـە گرووپـی دووهەمـدا. سەرچاوەیەکی تری ئەم باس و لێکۆڵینەوەیە کە تەنها لـە کەلەبـەرێکی زۆر تەسکەوە کە دەربارەی ئەم گرێ و ڕستانە دوابێ، کتێبە بەنرخەکەی کۆڕی زانیاری کوردە، لەژێر سەرباسی (ئامرازی شکاندنەوە تعنیف یان ـ توبیخ)دا کە دەڵێ:

(ئامرازەکـانی هـەی، هەیهـەی، وەیـوەی) بـۆ شـکاندنەوەی کەسـێك یـان پەسـەندنەکردنی کارێـك و مەبەسـتی ئـەوتۆ بـەکاردێن وەك: **هـەی بێوەفـا سەرێکمان لێنادەی، هەیهەی چ هەراو زادێکە، وەیوەی لەم گاڵتە بازاڕیە)**.

ـ ئـەو پێناسـەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، ئەگەرچـی لەنموونەکانیـدا ـ هـەر هەموویان هەڵەن، بەڵام کەمێکی زۆر کەم بەلای گرووپی دووەمدا لەو گـرێ و ڕستانەدا دەڕوات، واتـا گرێیـەکی دەروونـی ـ داشـکان و سەرزەنـشت ـ کـە تیشکێکی لاوازیان لەو ڕستەو گرێیانە بەردەکەوێ.. ئەوەش لەبـەر ئەوەیـە ئامرازەکان بۆ شکاندنەوەی کەسێك و پەسەند نەکردنی کارێـك و مەبەسـتی ئەوتۆ بەکاردێن... لێرەدا ڕاستە تیشکێکی زۆر کەمی بەردەکەوێ، چونکە ئەم چەشنە باسە وەنەبێ تەنها بەهۆی ئامرازەوە پێك بێن، بـەڵکو هەنـدێ وشـەن و هەنـدێ گـرێ و هەنـدێکیش ڕسـتەن، وا نـەبێ هـەر ئـامراز ڕۆڵـی سەرەکی دەبینێت لەپێکهێنانیاندا بۆ پێکانی مەبەستێك کە ئامراز بەشـێکە لــەوان... ئــەو ئامرازانــەی کــە لــەو سەرچــاوەیە باســکراون، ئــامرازی سەرسوڕهێنەرن (سەرسامبوون)، کە کاتی خۆی من لەوتارێکمدا لێیانـدواوم لە گۆڤاری ـ ئۆتۆنۆمی ـ ژمارە ـ 2 ـ سـاڵی 1982 بڵاومـان کـردەوە، ئـەو وتارەشـم وەك سـکاڵایەك بـوو لەسـەر وشـەی (بـژی) کـە بـە ئـامرازی سەرسوڕمان هاتبووە دانان، لەپاڵ ئامرازەکانی تری سەرسوڕمان لەقۆناغی

دووەمی ناوەندی... ئەو هەڵەیەمان ڕاستکردەوەو چەندەها ئـامرازی تـری سەرسوڕمانمان خستۆتە نێو وتارەکە، کە لە کتێبەکەدا باس نەکراون.

ـ لەگۆڤاری کۆڕی زانیاری لە تێبینیەکەی هەمان باسدا دەڵێ: (ئامرازەکانی ڕالێبوون و شکانەوە ـ تحسين و تعنيف) شـێوەی بەلاغیـشیان هەیـە، کـەوا لەهەندێ حاڵدا بۆ مەبەستی پێچەوانە دێنە ناو ئاخاوتنەوە، واتـا ئـامرازی ـ ڕالێبوون ـ بۆ شکانەوەو ئامرازی شکانەوەش بۆ ڕالێبوون بەکاردێن.

ــ ئـەوەی کـە شـیانی لێـدوان بـێ، سـەرنجی ئـەو گۆڤـارە تـەنها لـەبارەی ئامرازەوەیە کە چ دەور دەبینێ لـە ـ ڕالێبـوون و شـکانەوە (داشـکاندن) ــ بەهیچ کلۆجێ تیشکی نەخستۆتە سەر ئەو گرێ و وشەو ڕستانە، کـە ئێمـە لێکۆڵینەوە هەوڵی دەرهێنانیان دەدەین لـەزۆنگاوی فەرامۆشـی و خنکانـدا، هـەر بۆیـە بەکورتی دەڵێم:

**ـ گرێی دەروونی دەبێتە دوو بەش:**

**یەکەم: گرێی دەروونی پیاهەڵدان و ستایش، واتا ـ ڕالێبوون.**

**دووەم: گرێی دەروونی سەرزەنشت و داشکان و تووك ـ ڕالێنەبوون.**

ـ ئەگەر لاپەڕەی شارستانییەت و مێژووی دێرین و ئێستای هەر نەتەوەیـەك لەم گۆی زەمینە هەڵدەینەوە، هیچیان خاڵی نین لەو گـرێ و ڕسـتەو جـۆرە وشانە، هەتاوەکو پەرتوکـە پـیرۆزە ئاسمانیـەکانیش هێمـا بـۆ ئـەو گوتانـە دەبـەن، بـۆ نموونـە وەك لـە قورئـانی پـیرۆزدا هـاتووەو دەفـەرمووێ: (الله يستهزىء بهم ويمدهم في طغيانهم يعمهون) ئایەتی ـ 14 ـ سورەتی بقره ... هەروا لە ئایاتێکی تردا فەرمویە:

(سيقول السفهاء من الناس ما ولاّهم عـن قبلـتهم التـى كـانوا عليهـا، قـل لله المشرق والمغرب يهدى من يشاء الى صراط مـستقيم) سـورەتی بقـره، ئایـەتی ژمارە ـ 141 ـ ، هەروا لەشوێنێکی تردا دەفەرمووێ:

(أتأمرون الناس بالبرِّ وتنسون أنفسكم وأنتم تتلون الكتاب أفلا تعقلون) ئایـەتی ژمارە ـ 420 ـ سورەتی بقره.

لەلایەکی تریش دەفەرمووێ:

(ولمـا جـاءهم كتـاب.. تـا ـ لعنـة الله علـى الكـافرين) ئایـەتی ژمـارە ـ 88 ـ سورەتی بقره.

- بەڵێ چەندەها ئایەتی تر لەم چەشنەو تانە هەیە کەوەك پەندو ئامۆژگاری نەگوتراون، قسەی نەستەقیش نین... لەناو زۆربەی لقەکانی ئەدەبیش بەکاردەبرێن، لەهۆنراوەو پەخشان و چیرۆك و ڕۆمان زنجیرە دراماکاندا، دووریشن لە ئیدیۆم، چونکە ئیدیۆم واتاکەی لەناو بەرگێکی قەشەنگدا شاردراوەتەوەو ئاشکرا نییە، کۆمەڵ لەکاتی هەڵس و کەوتی ئەندامانی دەیڵێن و دەبیسترێن.. دوور لە هەڕەشەو توڕەیی..!؟

- بەڵێ ئەو باسەی ئێمەش، وەك باسێکی تایبەت و سەربەخۆ، نەکەس لێیان دواوەو نەکەس نووسیونی، لەفەرهەنگی بەڕەڵلای و گوێ پێنەدان، فەرامۆشکراون و حسابێکی وەهایان کە گرنگبێ بۆ نەکراوە... جگە لەهەندێ سەرچاوە نەبێ.

- دیسان دەیڵێمەوە کە ئەو گرێ و ڕستانە ناکەونە بەرتیشکی فۆلکلۆر چونکە وەك دەزانین هەرچی فۆلکلۆرە تەنها (هونەرەکانی وێژەو سازو سەماو هەڵپەڕکێ دەگرێتەوە.

- ڕای دووەمیش ئەوەیە کە فۆلکلۆر هەموو شتێ دەگرێتەوە، وەك:
هونەری وێنەکێشی و نیگارو پەیکەرتاشی و خانەسازی و پیشەییەکان.

ــ کەواتە ئەم گرێ و ڕستانە دەکەونە ژێر تیشکی یاسای ڕێزمانی فرێزیۆلۆژی، وەك بە بەڵگەوە دەرمانخست، ئەم گرێ و ڕستانەش بریتین لە:

**گرووپی یەکەم: گرێی دەروونی ـ پیاهەڵدان ـ ڕالێبوون، وەك:**

1- سوپاس / گرێیەکی ناوییە، بۆ بەرامبەرەکە دەبێژرێ لە حاڵەتی تاك و کۆدا، هێمایەکە بۆ ئارامی و نیایی و سەرفرازی و خۆشی کە لەناخی دەروونەوە دەردەچێ بەهۆی کارێ کە ئەنجامدراوە بۆ رالێبوون، بۆ نموونە لەڕستەدا:

**أ ـ پڕ بەدڵ سوپاسی گەشاو خان دەکەم.**

**ب ـ سوپاستان دەکەم.**

**جـ ـ سوپاس بۆ هەستی پاکی کوردایەتیتان.**

**د ـ سوپاس بۆ تۆش نازە خان.**

2ـ دەستخۆش ـ دەمخۆش/ گرێی ئاوەڵناوین، بۆ کەسێ دەگوترێ کە کارێ ئەنجامبدا، بۆ بەرامبەرەکەی هێمای دڵخۆشی بێ بۆی، وەك:

**أ ـ ئای دەستتخۆشبێ.**

**ب ـ ئافەرم دەمخۆش.**

**جـ ـ وای دەمتخۆش کەوات پێگوت.**

3ـ خوا ئاوایکا ـ هەر ئاوابێ ـ گرێی ئاوەڵفرمانین، وەك نزاو پاڕانەوەیە لە خوای بەخشندە، کەسێ کە ئەمە دەڵێ بۆ ماڵێك، کە ماڵەکە جێی ڕەزامەندی کەسەکە بووە لەجێهێنانی کاری ئەو کەسە، جا میوانداری بێت یاخود داخوازی شتێك بێت، بۆیە لەناخەوە ئەم گوتەیە دەڵێ بەرامبەر بەکەس و کاری ماڵەکە.



**أ ـ ڕەببی خوا ئاوەدانیکا یان خوا ئاوایکا.**

**ب ـ خوا تێکی نەدا، ڕەببی واتا لێتان تێکەنەچێ و پەڕاگەندە نەبن.**

4ـ ڕوو سوور، ڕوو سپی، ڕوو ڕەش، ڕوو زەرد، گرێی ئاوەڵناوین، یەکەم و دووەم پتر بۆ ژنان دەگوترێ، لەهەر بارێکدا بگوترێ مەبەست دڵکەشی و سەرکەشی و سەرفرازییە، داوای دواڕۆژێکی ڕوون و ئایندەیەکی پاکی بۆ دەکات، بۆ نموونە:

**أ ـ ڕوو سوور بێ دایکە.**

**ب ـ ڕوو سپی بێ دایکە.**

**جـ ـ خوا ڕوو سوورت کا..**

5ـ ئاخیر خێر ـ دەگوترێ / ئاخیری خێربێ ـ ئاخیرت خێربێ ـ ئاخریان خێربێ ـ ئاخرتان خێربێ... گرێی ئاوەڵناوین.. زیاتر تایبەتە بەژنان، یەکێ کە بەرامبەرەکەی دەڵێ مەبەستی ئایندەیەکی بێگەردو بێئاژاوەیە، کە دووربێ لەدەردەسەری و تەنگ و چەڵەمە.

6ـ خۆشبی / دەگوترێ هەر خۆشبی ـ خۆشین، گرێی ئاوەڵفرمانین، یەکێ بەویتر دەڵێ:

أ ـ بەخێرهاتی، دووەم لەوەڵامیدا پێی دەڵێ: هەر خۆشبن، واتە ئەو لوتف و قسە شیرینانەت هەر لە نەبڕاندابێت.

7ـ سەرکەوتوو، بەردەوام، ڕاوەستاو، یەکەم و سێیەم گرێی ئاوەڵناوی کراوی داڕژاون، دووەمیان گرێیەکی ئاوەڵناوی داڕژاوە، لەزۆر شێوەدا دەگوترێ:

**أ ـ یاخوا سەرکەوتوو بیت.**

**ب ـ پایەداربیت.**

**جـ ـ بەردەوامبی ـ خوا بەردەوامتکا.**

واتا خوا پلەو پایەت بەرزبکاتەوەو هەمیشە لەکارابێ و زیندوو بمێنی..

8ـ ببوورە ـ دەگوترێ بمبورە ـ لێم ببورە ـ لێ ی ببوورە، لێی ببوورن، لێم ببوورن ـ گرێی فرمانی داڕژاون، کاتێ دەگوترێ بۆ بەرامبەر، بەزۆری لەکاتی هەڵەی ناڕاستەوخۆ، جۆرە بەزەییەك و لالانەوەو ڕێزێکی تیادایە لەبەرامبەر بۆ بەرامبەر.



9ـ زگت نەسوتێ ـ جەرگت نەسوتێ، لەبنجدا ـ سکسوتانە ـ گرووپی ئافرەتان زیاتر لەپیاوان بەم گرێیە ئاشنان و بەکاری دەبەن لەکاتی پێکگەیشتن و چاوپێکەوتنان، یەکێ بەویتر دەڵێ ـ سکت نەسوتێ ـ مەبەستی ئەوەیە کە منداڵەکانی لێ نەمرێ، وەك یەکێ هەواڵی ئەویتر دەپرسێ:

ڕەوشەن چۆنی؟ ئەویش لەوەلامدا دەڵێ: قەدریە باشم، سکت نەسوتێ یاخوا.

10ـ خوابیبورێ ـ خوا لەگوناهی ببورێ ـ گرێی فرمانین، زیاتر لە ئادابی بەیەکگەیشتن و پرسە بۆ مردوو دەگوترێ. لای دێهاتیەکان پتر دەگوترێ خوا لەگوناهی خۆشبێ، خوا عەفوی کا... خوا عەفوتکا...

11ـ بچیە بەهەشتێ، لەبنجدا ـ چوونە بەهەشتە ـ گرێیەکی ناوییە، ئەم گرێیە لەکاتی چاك و چۆنیدا بۆ بەرامبەر بەکاردەبرێ، لە یارمەتیدانیش بەکاردێ، لە سلێمانی زیاتر گرێی ـ خواراوەستاوت کا ـ بەکاری دەبەن، لە بادینانیش گرێی ـ هەماساخ بیت یان ب هێڤیا خودێ بەکا دێنن.

12ـ بژی، گرێیەکی فرمانیە، ڕێژەی ڕانەبردووی دانانیە، زۆرجار دەگوترێ هەربژی.. یاخوا هەربژی... وەك هەربژی، لەهەموو بارێکدا گرێیەکان فرمانین چ فرمانەکە ڕێژەی ڕانەبردووی ئینشایی بێت، چی لەگەڵ ڕاناوی

نادیارا بێت، چی لەگەڵ ناو و ئامرازی بانگکردنابێت چی لەگەڵ ئامرازی سەرسوڕمان و ڕاناوی نادیارابێت...

13- بەزیادبێ، خوا بەزیادیکات - خوا نەیبڕێ، ئەم گرێ ئاوەڵفرمانیانە لە داب و نەریتی کوردەواریدا یەکەم و دووەم لەدوای دەست هەڵگرتن لە نانخواردن دەگوترێ، سێیەمیش، بەڵام کەمتر تەنها لەو حاڵەتەدا کە میوان دەست لەخوارد هەڵدەگرێ... خاوەن پێی دەڵێ بۆ ناخۆی؟ ئەویش دەڵێ تێربوم خوا نەیبڕێ، لەکاتی مامەڵەکردنیش ئەم گرێیە بەکاردەبرێ، وەك یەکێ سێ مەتر قوماش دەکڕێ، کە پارە بە دوکاندارەکە ئەدا، ئەویش پێی دەڵێ: بەزیادبێ - خوا بەزیادی کا لەکیسەت...!!

14- بێ بەڵابی - بێقەزابی - بێوەی بێ گرێی ئاوەڵناوین، لەکاتی بەیەکگەیشتن و هەواڵپرسین دەگوترێن، لەداب و نەریتی کوردەواریدا یەکێ کەوا بە بەرامبەرەکە دەڵێ، مەبەستی دوورکەوتنەوەیەتی لەهەموو کارەسات و بەڵای ناگەهان - مۆرفیمی - بێ - لەو ڕستانەدا دەوری ئاوەڵفرمانی - نا - نە - دەبینێ لەڕستەی نەرێدا.

15- قوربان - بەقوربان - بەساقە - ئەز گۆریا سەرێتەم/ ئەو گرێ ناوییانە بۆ تکاکاری و پاڕانەوە بەکاردەبرێن، وەك یەکێ بە بەرامبەرەکەی دەڵێ:

**أ - ئەوەی پێمگوتی لەبیرت نەچێ بەقوربان.**

ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ:

**ب - باشە بەساقە لەبیرم ناچێ.**

**جـ - ئەز گۆریا سەری تەم پیچەك لەزێ بکە... باشە ئەز خولام خەمت نەبی...**

16- لەبەرت مرم - لەسەرت گەڕێم - بەقوربانت بم... مەرگم پێش مەرگت کەوێ، گرێیەکان ئاوەڵفرمانین... یەکەم وادەگەیەنێ کە لەپێش تۆ بمرم، دووەمیش هەمان مەبەستە، بەڵام گەر تەماشای ناوکی واتاکەی بکەی - ئاوەژۆیە - واتا پێچەوانە دەگەیەنێ، واتا تۆ بمری و منیش لەدەورەتا بخولێمەوە. چوارەمیش هەمان مەبەستی یەکەمە، بەڵام سێیەم بەواتای من بکرێم بەسەدەقەو قوربانی بۆ تۆ.

17ـ حەیران بم ـ بەسەر گەردت بم ـ بالاّ گەردانت بم ـ فیدات بم/ ئەم گرێ ئاوەڵناویانە لەبنجدا ـ حەیران بوون، بەسەرگەردانبوون، بالاّگەردانبون، فیدابوونە، ئاوەڵناوی لێکدراون.. ئەمجۆرە گرێیانە جۆرە لالانەوەیی پیشان ئەدەن کە پڕە لە سۆزو لەخۆبوردەیی..؟!

18ـ کۆچی خێری بێ ـ کۆچی خێرت بێ/ گرێی ئاوەڵناوین، بەر لەوەی بکرێن بەڕستە بۆ بەرامبەر دەگوترێ کە لەگەشت و گوزەردایە، لەڕەوشت و نەریتی کوردەواریدا چەندەها گرێ و ڕستەی تریش هەن دەبینرێن و دەبیسترێن و دەگوترێن، وەك: دەستخۆشبێ، سەرتخۆشبێ، نۆشتبێ، فەرموو، گەورەمان کە، ماڵی خۆتە، بێگانەنی، ئافەرم، لادە، لانادەی، بەخێربێی، بەخێرچی، سەرمەزارم، لەچاکەت دەرناچم، چۆن چاکەت بدەمەوە، لەبیرم ناچێ... سەرفرازت کردم... تیمارم کرد. ئیشم دیت. قۆڵی بڕیم... تد.

**لێکۆڵینەوە**

گرووپی دووەم ڕستەو گرێی دەروونی ـ داگرتن و تووك ـ ڕاڵێنەبوون:ـ

ئەم وشەو گرێ و ڕستانە، بۆ سەرزەنشت و پەردە لەروو هەڵماڵین و ئابڕوتکان و داگرتن و نغرۆیی بەکاردەبرێن، وەك:

1ـ وێران بێ ـ وێرنی کەی ـ کاولبێ ـ تێکی دەی خوایە، هەروا دەگوترێ: خوایە وێرانی کەی، وەك خوایە کاولی کەی ـ خوایە تێکی دەی ـ لەبنجدا گرێیەکان وێرانبوون و کاولبوون و تێکچوونە ـ کە سەرتاپا گرێی ئاوەڵناوی لێکدراون، ئامرازەکانی ـ وەك ـ حەك ـ حەککو ـ نەکو، کە وشەی سەرسوڕمانن، زۆرجار لەپێش ڕستەکان بەکاردەبرێن، بۆ ڕاڵێنەبوون لەکارەکە دەگوترێ:

**أ ـ وەك خوایە وێرانبێ!**

**ب ـ نەکو کاولبی!**

**جـ ـ حەککو خوایە تێکیدەی!**

2ـ ڕوو ڕەشی ـ ڕوو زەردی، گرێی ئاوەڵناوین، وەك دەگوترێ:

ڕووت ڕەشبێ، ئامرازەکانی سەرسوڕمان ـ هەککو ـ وەك ـ تەك ـ تەکو دەخرێنە پێشڕستەکان، لەحاڵی تووڕەبوون و ڕاڵێنەبوون لەو کارەی کە

ئەنجامدراوە، بۆ وێنە: وەك ڕۆڵە روو زەردبێ لەڕووی مەحشەرا بۆ خۆت و کارێ کە کردت..؟!

بۆیە دەگوترێ وەك قەلێ چونکە ـ قەل ـ لەخراپیان خوا ڕەشیکردووەو شتی بۆگەن ناخواو هێمایەکە بۆ ڕەشبینی.

3ـ نەگەی ـ پێنەگەی/ گرێی کارن ـ فەرمانین ـ لەشێوەی نەرێدا یەکەمیان سادەیە، دووەم داڕژاو: ئەم وتەیە گەورە ئاراستەی بچووکی دەکا، مەبەستیش لەوەدایە، کە تەمەن کورتبێ و فەراژی نەبێ ساتێ کە هەڵەیەکی دزێو بەرپا دەکا یان بەکارێکی خراپ رادەبێت.

4ـ داوەشێی ـ گرێیەکی کاری داڕژاوە، بەیەکێ دەگوترێ کە لە کارەکە یا هەرەسبێنێ و نەیگەیەنێتە ئەنجام، زۆرجاریش پێی دەگوترێ ـ هەلا هەلابی ـ لەتلەتکرێی ـ ئەنجن ئەنجن بی.. وشەکانی سەرسوڕمانیش لە تەکیانی بەکار دەبرێن..؟!

5ـ سەگشیر، کەرشیر، سەگباب، باك (ح)، (ق)، خوشك (ح)..تد.

گشتیان گرێی ئاوەڵناوین لە حاڵەتی توڕەبوونێکی لە ئەندازە بەدەرو سەخلەتیەك کە کار دەکاتە دەروون و مێشك، ئەمانە دەردەبڕێن بۆ بەرامبەرەکە..

6ـ کەر، ماکەر، سەگ، دێڵە بەبا، کەمتیار، بەراز، حوشتر، ڕێوی، بارگین، مەیمون، قەلەباچکە، تاژی، کوندە بەبۆ، کیسەڵ، بۆق، مارمیلۆك، قرژاڵ، پیسپیسۆك،... تد.

گرێیەکانی : دێلە بەبا، کوندەبەبۆ، قەلەباچکە، مارمیلۆك، پیسپیسۆك، گرێی ئاوەڵناوین.

بەڵام ئەوانیتر، گرێی ناوین، ئەم وشەو گرێیانە کە یەکێ بە بەرامبەرەکەی دەڵێ، بەیەکێ لەم ئاژەڵانە دەیچوێنێ، چونکە هەریەکێ خووڕەوشت و خاسیەتی تایبەتی خۆی تیادا بەدیدەکرێ، لەڕووی دڕندەیی و کەلەش و سایکۆلۆژییەوە. وەك:

أ ـ هەی کەر، واتە هەژارو بێدەسەڵات و کەوتوو لەژێر بارو سوغرەدا، نەفام، بێهۆش.

ب ـ حوشتر، بەملدرێژی و ناشیرینی و بەرزی قاچ و قولی..

ج ـ بەراز، بەدڕندەیی ملهوڕی و رق ئەستووری و تێك هەرشێلانی بەروبومی رەزو باخات سەرەڕای ترسناکییەکەی.
د ـ قەڵەڕەش، هێمای ڕەشبینی چڵێسی و گومانە بۆ کاری بۆگەن.
هـ ـ کوندەبەبۆ، بەیەکێ دەگوترێ کە ببڕای ببڕ چاکەی لێناوەشێتەوە، هەر خەریکی وێرانکاری و خراپەو تووکی تێکدانە.
و ـ کەمتیار، دڕەندەیەکی چاوزیت و گوێ قووت و زەبەللاحە، پێپانێکی بێبەزەیی پڕ گوناحە، وەك ئەو پەندەی کە دەڵێ: کەمتیار کوڕێکی چاکە قوڵەسمی بگری دەنگناکا..
ز ـ ڕێوی، بەتەڵەکەبازی و فڕوفێڵ و ساختەچییەتی ناوی ڕۆیشتووە.
ح ـ مەیمون، بەناشیرینی و زۆر جووڵەو پڕ زاق و زیقە.
گ ـ قەلەباچکە، لەتوخمی قەڵەڕەشە، هەرچەند ڕەنگەکەی لەڕەش و سپی پێکهاتووە، بەڵام لەسەر ئەسپیندارەکان غاقە غاق زۆر دەکات.

ی ـ سەگ، جۆرەها سەگ هەیە، لێرەدا مەبەست ئاوەگڵیەکەیەتی و چاودانوسانە لەبەر دەرگاکاندا بۆ تیلە نانێ...
ك ـ دێڵە بەبا، مەبەست بێ ئابڕوییە، کە سەگەڵ بەدوای خۆی ئەداو بەدوای دەکەوێ... کە دەبێتە بڕ بەبڕی لەنێوانیاندا، تا لەگەڵ یەکێکیان ڕێدەکەوێ و پێوەی دەبێ.
ل ـ تاژی، لەتوخمی سەگە، بەڵام شێوەی باریکترو بەغارە، بۆ ڕاو دەیبەن، واتا گوێڕایەڵی فەرمانی زۆردارێکە بۆ ئابلۆقەدان و بەجێهێنانی نیازێ کە گرتن و کوشتن و دیلکردنە...
م ـ کیسەڵ، ڕەقەشی پێدەگوترێ، بە تەمەن درێژی ناوبانگی دەرکردووە، سەودای خواردنی لۆبیاو ماشە.
ن ـ بۆق، قوڕباقەشی پێدەگوترێ، بەقیرە قیر لەناو زەڵکاواندا، لەشەواندا هەروا بەلوسی و چاو زەقی و مێشوولە خواردن.
س ـ مارمیلۆك، بەگۆڕینی ڕەنگی خۆی بەپێی خاکی ئەو سروشتەی کە تیایدا دەژی.. ئەوەش بۆ مانەوەیە.
ع ـ پیسپیسۆك، ژیانی لەناو دار بەڕووەکانە، لەهەندێ خانووەکانیشدا خەریکی ڕاوەمێشە، پتر لە گۆڕستانەکان دەژی، مەبەست لەبەکارهێنانی

ئەو وشەیە وەك پیسپیسۆك خەریكی خواردنی گۆشتی مردووەكانە، هەروەها پێی دەگوترێ ـ قومقمۆك.

ف ـ قرژاڵ ـ مەبەست لەوە دوو سەرو چوار لاقی هەیە، بۆ هەرلایەك بیەوێ سەر هەڵدەگرێ و بە لەخۆباییبوونەوەو هیچیشی لەدەستنایە... زۆرن لەوانەی لەچەشنی قرژاڵ دان...

نەمویست درێژە بەپێناسەی ئەو گرێ و ڕستانە بدەم، ئەوەی نووسیم بەكورتی بوو.

7ـ تەڕەماش، تەڕەساز، تەڕەپیاز، سەڵكەسیر، قونكە پیاز، ئەمانە گرێی ئاوەڵناوین، بەرامبەرەكە كە ئەم گرێیانە بەكاردەبات بۆ ئەویتر، مانای بێبایەخی و هیچ لەدەست نەهاتن دەگەیەنێ، هەروەك كورد فەرمویە: سەری سیری، قونكی پیازی.

8ـ ملهوڕ، چاوشۆڕ، كەشیش، گەو.. تۆڕی، خۆڕی، سەرسەری، بێ ئابڕوو، بێدەماغ، گەلحۆ، بەدفەسال، بیژی، ناكەس، (گرێیەكانی، ملهوڕ، چاوشۆڕ، سەرسەری، گەلحۆ، بەدفەسال) ئاوەڵناوی لێكدراون. (گرێیەكانی، بێدەماغ، بێ ئابڕو، ناكەس) ئاوەڵناوی داڕژاون. ئەوانیتر ئاوەڵناوی سادەن.

لەوپەڕی تورەییدا، بێئەندازەی ڕەوشتی ئەم كۆمەڵە ئاوەڵناوانە دەدرێنە پاڵ كەسێ...

9ـ گوو خۆر، بۆگەنی، گرێی ئاوەڵناوین، بەیەكێ دەگوترێ كە بچوێنرێ بە (سەگ) كە پیسایی لە برسانا بخوات، یان بۆگەنی لێببێت كە خەڵك قێز و بێزی لێبكاتەوە.

ــ هەزاران وشەو گرێ و ڕستەی تر هەن، بەڵام بۆ دووركەوتنەوە لەدرێژدادڕی ئەو بێزاڤەو شلوڤەو لێكدانەوەی هەندێكیان دەخەینەڕوو، وەك:

**(پیسكە، ناكەس بەچە، هەتیو، چەتیمۆك، نەدیتكە، نارەسەن، عەمر كورت، عەمر نەمای، پەلپەلكرێی، ئەنجن ئەنجن بیت، لەتلەتبی، ناپەسەند، تورەهات، مەنگۆز، بێ حەیا، هیچ و پووچ، چێرە كەندۆ، چێرە بەكەر، گیسكی هەیاس، مەڕەچڵمن، قەلەمون، ئەژدیها، چێهربەد، پووتە، قەنقەلاشك، شیڕۆ، تڕۆ، بەخمێم گرت، بەخمێ گیرێ، بەقوڕێ گیرێ،**

**حەرامزادە، کەمۆ، جوولەکە، زەقنت بێ، قوزەلقورتی بێ، دەعبا، سیخوڕ، ئاگرت تێبەربێ، ژەهری ماری بێ، قولەڕەش، پێنەگەی یاخوا، فسفس پاڵەوان، تەپڵەریخ، سڵی کەرێ، کەندەگوو، وەحشی...تد.**

دووبارە لێبوردنم هەیە لە راڤەکردن و لێکدانەوەو ڕستە هێنانەوە، چونکە باسەکە درێژ دەبێتەوە، بەپێی راڤەکردن و شلۆڤەو لێکدانەوەی گرێ و ڕستەکان دەتوانن تیشك بخەنەسەر هەر یەکێکیان.

- لەلایەکی تر لەوانەیە هەندێ کەسی نافامیدە بڵێ ئەمانە شیاوی لێدوان و نووسینەوە نین..؟! چونکە وشەی بیرەوشتی و گرێ و ڕستەی وای لەهەموو زمانێکدا هەبووەو بە باکراوەو پێویست نییە خەم لەو جۆرە شتانە بخۆین.

- لەوانەیە هەندێکی تریش بڵێن گرووپی یەکەم شایانی لێدوانە، بەڵام هی دووەم نا.

- بەهەرحاڵ بەهەموو لایەك دەڵێم: ئەو وشەو گرێ و ڕستانە مادامەکی هەریەکەی لایەنێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەگرێ، بۆیە پێویستە خراپەکەشی وەك چاکەکەی بەر شنەبای لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە بکەوێ...!!

لێکۆڵینەوە

لەدوا وتەمدا چەپکێ گوڵی ڕێز بۆ خەمخۆرانی زمانی کوردو وشەی کوردی لەهەر کوێیەك بن بۆ بۆنکردن لەبەردەمیان دەخەمە سەرمێز...؟!

**سەرچاوەکان**


**1- قورئانی پیرۆز.**

**2- عەلائەدین سەجادی، نرخشناسی،بەغدا، 1969.**

**3- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، بەغدا.**

**4- لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی.**

**5- کۆڕی زانیاری کورد، دەستووری زمانی کورد، بەغدا.**

6- لێژنەی زانستی زمانی کوردی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، 1976.

لێکۆڵینەوە

# شیرازەی کاری لێکدراو

د.شێرکۆ بابان

پرۆفیسۆری هاریکار

## 1- دەستپێك:

کاتێك کە ئـەو ئیـشانە دەخوێنینـەوەو کـە لەسـەر کـاری داڕێـژراو و کـاری لێکـدراو نووسـراون، دەبیـنین هــەر هــەموویان لەیــەکتری دەچــن و هــەر هەموویان لەسەر باری پانی و باری درێژی دەکۆڵنەوەو کەسیان دەست دا ناگرێت بەرەو قووڵی. بۆ نموونە، خوالێ خوشبوو دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف کتێبێکی دەگمەنی لەسەر ڕێزمانی کـار دانـاوە و لەئـەو شاکارەشـدا، نـەتوانراوە لەسـەر بـاری ئەسـتوورایی لـەکاری لێکـدراو بکۆڵنـەوە. لەئـەم رووەوە، پاشـگری دووپـاتی (ەوە) جـودا نەکراوەتـەوە، یـان، بـەدەیان و بەسەدان نموونەی (بوون : کردن) لەئاستی (ئاوەڵناو)دا ریزکراوەو پەی بـە ئەو راستییە نەبراوە، کە ئـەم دەروازە ڕێزمانییـە کراوەیـە بـەڕووی مـژاری (ئاوەڵناو)دا، بەرێسایەك لەچەشنی :

## [(ئاوەڵناو) بوون : (ئاوەڵناو) کردن]،

کۆتایی بەدیوی تێنەپەڕو دیوی تێپەڕی ئەم بالۆرە رستەسازییە دەهێرێـت. تەنانـەت، لەکتێبەکـەی (د. نەسـرین فـەخری و کوردسـتان موکریـانی)دا، لێکۆڵینەوە
چەندین نموونەی ئەو ڕێسایەی سەرەوە، بە بـەراوردی هێـزی تێپەڕینـەوە، پێش کەش کراون، بەڵام هەر نەکراون بە (ڕێسا). لەلایەکی تـرەوە، ئەگـەر سەیری نموونەکانی کاری لێکدراو بکەین، دەبینین کـە (نیـوەی راسـت)یـان لەسەر (ئاوەڵناو)ە و ئەو ڕێسایەی پێشەوە دەی گرێتەوە. بێ گومان، ئـەم راستییە خۆی سەپاندووە بەسەر گشت سەرچـاوە کوردییەکانـدا. لەلایـەنی ئێمەوە، ئێمە ئەو ڕێسایەی (جوان بـوون : جـوان کـردن) مـان کـردووە بـە (پێـوەر) بـۆ ناسـینەوەی (ئاوەڵنـاو). بـۆ نموونـە، وشـەی (تـووش)، لەدەستەواژەی (تـووش بـوون : تـووش کـردن)دا، ئـەو بنەمایـە پـەیڕەو دەکـات، هـەر لەبـەر ئـەوە بـە ئاوەڵنـاوی دەناسـین، کەچـی لەهەنـدێك سەرچاوەدا بەوشەیەکی بێ واتا باسکراوەو لەگەڵ (هان، فڕێ) ریزکراوە.

لەلایەکی تـرەوە، وەك ئـەو سەرچـاوانە لەیـەك دەچـن لـەڕووی نـاوەڕۆك و دابەشـکردنەوە، سـیمایەکی بـاش و لـەبار هـەڵ دەگـرن لەئاسـتی کـاری ناسادەدا. ئەو سیمایەش ئەوەیە کە توانیویانە پەرێزی ئەو جۆرەی گەمارۆ بدەن، بەڵام نەیان توانیوە زۆر بەهوردی لەنێو ئەو پەرێزە گەمارۆ دراوەدا،

بۆ زێڕی کاری لێکدراو بگەڕێن. یان، نەیان توانیوە بابەتەکە خاوبکەنەوەو بەش بەشی بکەن و بەدیوی قووڵی دا لێ ی هورد ببنەوە. سەرەڕای ئەوە، هەندێکیان چەندین نموونەی دوو کەرتی ریزکردووە کە لەباری رستەسازیدایەو هیچ پەیوەندییەکی نییە بە (واتای لێکدراو)ەوە، تا لە ئەتلەسی (کاری لێکدراو)دا باسی بکەین. بەواتایەکی تر، ئەو مەرجە رەچاو نەکراوە، کە کەرتی بەرایی لەکاری لێکدراودا دەبێت ببێت بە تەوەری واتایەکی تازەی لێکدراو، بۆ ئەوەی هەردوو کەرتەکە پێکەوە ببن بە وشەیەکی لێکدراو، لەچەشنی (کاری لێکدراو) و (چاوگێکی لێکدراو) فڕێ بدەنە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە. سەبارەت بەکەڵك وەرگرتن، ئێمە کەڵکمان لەئەو سەرچاوانە وەرگرتووە و تارادەیەکی زۆر رەچاوی ئەو دابەشکردنەمان کردووە، کە ئەوان دایان ناوەو پەیڕەویان کردووە. یان، لەزۆر جێدا کەڵکمان لە ئەوە وەرگرتووە کە نموونەکانیان، یان لیستەکانیان وەك (کەرەستەی خاو) بەکاربهێنین، یان گوڵبژێریان بکەین بۆ ئیشەکەی خۆمان. بێ گومان، ئیشەکانی ئەوان بریتین لەهەنگاوی بەرایی و ئیشەکانی لێکۆڵینەوە ئێمەش بریتییە لەهەنگاوێکی تر لەپاش ئیشەکانی ئەوان و لەپێش ئیشەکانی نەوەی نوێ. هەر لەبەر ئەوە سوپاسیان دەکەین و بەهیواین ئێمەش توانیبێتمان تەکانێکی ترمان دابێت بە رێزمانە ئاڵۆزەکەی (کاری لێکدراو) و توانیبێتمان بەشێوەیەکی قووڵتر خوێنەری ئازیز تێ بگەیەنین.

**2ـ مەرجەکانی کاری لێکدراو:**

بۆ ئەوەی بتوانین رێزمانی (کاری لێکدراو) گەمارۆ بدەین بەشێوەیەکی زانستی، دەشێت و دەبێت ئەو مەرجانە دیاری بکەین کە دەبن بەهۆی دابڕینی (کاری لێکدراو) لەکارەکانی تر، وەك:

**مەرجی یەکەم**: کاری لێکدراو دەبێت لەدوو کەرت پێك هاتبێت و ئەو دوو کەرتە پێکەوە واتایەکی (لێکدراو) دابهێنن.

**مەرجی دووەم**: ئەو واتا لێکدراوەی کە پەیدا دەبێت، واتایەکی تازە دادەهێنێت کە رامانی هەردوو کەرتەکە هەڵ دەگرێت. هەر لەبەر ئەو هۆیە ناشێت و نابێت کەرتی یەکەم دەستکاری رێزمانی پەسەند بکات، چونکە پێکهاتەیەکی واتایی لەواتا لێکرداوەکەدا لەناو دەچێت.

**مەرجی سێیەم**: کاری لێکدراو دەبێت لەئاستی وشەسازیدا بەرز ببێتەوە بۆ وشەیەکی نوێ لەچەشنی (لێکدراو)، یان بۆ چاوگێکی ناسادە کە دەشێت ببێت بەوشەیەکی فەرهەنگی.

**مەرجی چوارەم**: لەکەرتی یەکەمدا، دەشێت یەکێك لەخانەکانی بەرکار (+ 5)، ئامرازی پەیوەندی (+ 4)، یان پێشگری واتاگۆڕ (+ 3) بەکارهێنرابێت. بەواتایەکی فراوانتر، کاری ناسادە هەر لەدوو کەرت پێك هاتووە، نەك سیان، کەرتی دووەم بریتییە لە (کار)و کەرتی یەکەم بریتییە لەیەکێك لەئەو سێ خانەیە (+ 3 ، + 4، + 5).

**مەرجی پێنجەم**: کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو بریتییە لە (وشە)یێك کە ئاکاری واتایی و نا بەرجەستەیی زاڵە بەسەریدا، نەك ئاکاری بەرجەستەیی.

لەئاستی کاری لێکدراودا، چەند سەرنجێك هەیە و ئەو سەرنجانە باری گشتی ئەو جۆرە کارە دیاری دەکەن.

### 3ـ چەند سەرنجێك دەربارەی (کاری لێکدراو):

**یەکەم**: پێژو بڕشتی کاری ناسادە زۆر بەربڵاو نییە و تەنها لەپەرێزی چەند کارێکدا برەوی هەیە، وەك:



کردن، بوونی بوونایەتی (بوون)، دان، گرتن، کەوتن، خستن، بردن، چوون،...

**دووەم**: کاری (کردن) سەرمەشقە لەئاستی (کاری لێکدراو)دا، چونکە تا رادەیەکی زۆر بەرز سیمای کاری یاریدەدەری تێدا هەیە لەرۆنانی ئەو جۆرە کارانەدا.

**سێیەم**: لەبەر ئەوەی کاری (بوون : کردن) دەرگای واڵایە بەرووی (ئاوەڵناو)دا، دەشێت کەڵك لەئەم یاسایە وەربگیرێت و رووبەری (کاری لێکدراو)ی پێ بچووك بکرێتەوە، وەك:

| | تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|---|
| بێ پاشگری دووپاتی (ەوە) | ئاوەڵناو + بوون (چاك بوون) | ئاوەڵناو + کردن (چاك کردن) |
| لەگەڵ پاشگری دووپاتی | ئاوەڵناو + | ئاوەڵناو + کردنەوە |

| | | |
|---|---|---|
| (ەوە) | بوونەوە<br>لێکۆڵینەوە<br>(چاك بوونەوە) | (چاك كردنەوە) |

**چوارەم**: وەك درێژەیەك بۆ خاڵی پێشوو، دەشێت كاری (بوون بە... : كردن بە...) جودا بكرێتەوە، چونكە رێسای تایبەتی خۆی هەیە لەئاستی وەرگرتنی (ناو) دا، وەك:

| | تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|---|
| بێ پاشگری دووپاتی (ەوە) | بوون بە + (ناو)<br>بوون بە (ماست) | كردن بە + (ناو)<br>كردن بە (ماست) |
| لەگەڵ پاشگری دووپاتی (ەوە) | بوونەوە بە + (ناو)<br>لێکۆڵینەوە<br>بوونەوە بە (ئاو) | كردنەوە بە + (ئاو)<br>كردنەوە بە (ئاو) |

**پێنجەم**: هەندێك لەكارەكان، لەرووی هێزی (تێپەڕین)ەوە، جووت دەبەستن بەشێوەی كاری (بوون : كردن) لەخاڵی سێیەم و چوارەمدا. لەئەم رووەوە، كاری (كەوتن) و كاری (خستن) یەك دەگرن، وەك:

| تێنەپەڕ(كەوتن) | تێپەڕ (خستن) |
|---|---|
| ناوك كەوتن | ناوك خستن |
| پەك كەوتن | پەك خستن |
| پاڵ كەوتن | پاڵ خستن |
| پێش كەوتن | پێش خستن |
| خەولێ كەوتن | خەولێ خستن |
| دوور كەوتنەوە | دوور خستنەوە |

| | |
|---|---|
| دواکەوتن | دواخستن |
| ڕێك کەوتن | ڕێك خستن |
| فریا کەوتن | فریا خستن |
| لەبەرچاو کەوتن | لەبەرچاو خستن |
| نەخۆش کەوتن | نەخۆش خستن |

**شەشەم**: بەهەمان شێواز، هەر دووی کاری (چوون) و (دان) لەهەندێك جێدا جووت دەبەستن، وەك:

**بەفیڕۆچوون (تێنەپەڕ) : بەفیڕۆدان (تێپەڕ)**

**حەوتەم**: نیوەی ڕاستی نموونەکانی (کاری لێکدراو) لەخولگەی کاری (کردن) دایەو دەبێت بایەخێکی تایبەتی بدرێت بە ڕەگێشەو بەجینە ڕێزمانییەکانی ئەم کارە.

**هەشتەم**: ڕێزمانی (کاری لێکدراو) لەپێناوی پێکهێنانی بڕشتی واتاییدا پەیدابووە. هەر لەبەر ئەوە، دەشێت بەزوومێکی واتاسازییانە تەماشای بکرێت و مەحەکی (واتاگۆڕکێ) بکرێت بەپێوەر، لەبۆ جوداکردنەوەی (کاری لێکدراو) لە (کاری لێك نەدراو).

**نۆیەم**: وەك کاری لێکدراو لەدوو کەرت پێك هاتووە، دەبێت (کەرتی بەرایی) یان کەرتی یەکەم بریتی بێت لە (واتا هەژێن) بۆ (کەرتی دووەم). لەئەم ڕووەوە، دەبێت واتای کەرتی دووەم جێگیر بکرێت بەشێوەیەکی زانستی، وەك:

**ڕەگەزە ڕێزمانییەکانی کاری (دان)**

**- هەبوونی بکەرێکی وزەدار**

**- هەبوونی (بەرکار) ێکی بەرجەستە**

**- هەبوونی واتایەکی (تێپەڕ) لەنێوان کۆلکەی (بکەر) و کۆڵکەی (بەرکار)دا.**

**- ڕاگوێزکردنی (بەرکار) بەجوولە بەرەو بەرکارێکی ناراستەوخۆ.**

- .................. .

بۆ نموونە ئەگەر بگوترێت:

**شیلان پارە دەدات بە ئازاد.**

گشت ئەو خاڵانەی سەرەوە دەچەسپێت، بەڵام ئەگەر بگوترێت:

**شیلان هەناسە دەدات.**

یان

**شیلان ئازاد هان دەدات.**

یان

**شیلان پارە بەفیڕۆ دەدات.**

ئەوا لەهەر رستەیەکدا، رەگەزە واتاییەکانی کاری (دان) دەکەونەبەر هەرەس هێنان، بەڵام هەر رستەیەك لەئەو سێ رستەیە بەشێوازێکی تایبەتی. هەر لەبەر ئەوە، واتای (کاری ناسادە) پەیوەندی بەکەرتی یەکەمەوە هەیە، چونکە ئەوکەرتەش رەگێشەی وشەسازی و رەگێشەی رستەسازی تێدا هەیە.

**دەیەم**: بەپێی خاڵی پێشوو، بزاڤی واتاسازی لەزمانی کوردیدا، گیرفانێکی تایبەتی تێدا هەیە بۆ واتای (کاری ناسادە). لەئەم گیرفانە تایبەتییەدا، کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو چەند میکانیزمێکی تازە دەهێتە کایەوە، کە زۆر زەحمەتە بەبڕشتی واتاسازی زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی) لێك بدرێتەوە. بەراستی، ئەو میکانیزمانە هێندە دژوارو ئاڵۆزن، رەنگە وا بەئاسانی و بەسانایی نەخرێنەسەر پەڕەی نووسین، وەك:

**شیلان پارە دەدات بە ئازاد**

دەشێت بگوترێت:

**شیلان ئاو دەدات بە ئازاد**

لە ئەم رستانەدا، وشەی (پارە) و وشەی (ئاو) لەڕۆڵی بەرکاردان و رستەکە لەبارێکی رستەسازییانەی ئاساییدایە. بەڵام لەنموونەیەکدا، وەك:

**شیلان باخ ئاو دەدات.**

کارەکە لە (ئاودان بە...) وە دەگۆڕێت بۆ (باخ ئاودان)، بەتەریبی لەگەڵ ئەم رستەیەدا ناتوانین بڵێین(*):

**شیلان ئازاد ئاو دەدات(*).**

هۆی ئەم راستییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وشەی (ئاو) جارێك لەخانەی (+ 5)دا دانیشتووەو بووە بە (بەرکار) و جارێکی تر لەخانەی (+ 3) دا دانیشتووە بووە بە پێشگری (واتاگۆڕ)، وەك:

| (+ 5) | (+ 4) | (+ 3) | (سفر) |
|---|---|---|---|
| | | | |
| (ئاو)<br>باخ<br>ئازاد | —<br>—<br>— | —<br>(ئاو)<br>(ئاو) | دان بە...<br>دان<br>دان (*) |

لەنموونەی یەکەمدا، بارێکی لێکۆڵینەوەی ئاسسایی چەسپاوە، بەڵام لەنموونەی دووەمدا، وشەی (باخ) بووە (بەرکار) وشەی (ئاو) بووە بە پێشگرێکی (واتا هەژێن) لەخانەی (+ 3) دا. بەڵگەیەك بۆ ئەم راستیە ئەوەیە کە ناتوانین بڵێین(*)

**ئازاد (ئاو) دەدەم(*)**

بەڵام دەتوانین بڵێین:

**باخ (ئاو) دەدەم**

کەواتە، چاوگی (ئاودان) بریتییە لە (کارێکی لێکدراو) و هەردوو کەرتەکەی واتادارەو بەکۆی واتایەکی ستاتیکی (ئاو) و واتایەکی داینامیکی (دان) واتایەکی تازەتریان پێك هێناوە بەلێکدراوی، لەچەشنی (ئاودانی ئاژەڵ و دارو درەخت).

**یازدەیەم:** لەبواری کاری لێکدراودا، پێ دەچێت کە کاری (تێپەڕ) بڕشتی زۆرتر بێت لەکاری (تێنەپەڕ). لەگەڵ ئەوەدا، ژمارەی ئەو کارانە زۆر کەمە کە (کاری لێکدراو) چێ دەکەن.

**دوازدەم**: ئەو کارەی کە دەبێت بە (کاری لێکدراو)، واتایەکی تازەتر پەیدا دەکات ئەو کارە لێکدراوە بۆی هەیە ڕێزمانێکی تایبەتی بۆ خۆی جێ بکاتەوە. بۆ نموونە، لەدیوی تێنەپەڕدا دەگوترێت:

**لەدەست (چوون)**

بەڵام لەدیوی تێپەڕدا، پەنا دەبرێت بۆ کاری (دان)

**لەدەست (دان)**

یان، کاری (رووکردن لە...) ئامرازی (لە) داوا بکات بۆ ئەوەی بەرکارێکی ناراستەوخۆ جێ بکاتەوە، وەك:

**شیلان رووی کرد (لە) ئازاد**

## 4ـ هۆیەکانی پەیدابوونی کاری لێکدراو:

لەزمانی کوردیدا و لەئەو زمانانەدا کە هاوخێزانن لەگەڵیدا، جەنگەڵی (کاری لێکدراو) زۆر چڕو سەختەو ئەدگاری واتای ئیدیۆماتیکی خۆی زاڵ دەکات و گێرفانێکی گەورە دەکاتەوە بۆ (واتای لێکدراو). هۆی ئەم ئاڵۆزییە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، وەك:

**یەکەم**: لەزمانانی تردا، یان لەئەو زمانانەدا کە هاوخێزان نین لەگەڵ زمانی



کوردیدا، ئاماری کاری بنجی (چاوگی بنجی) زۆر زۆر بەرفراوانەو بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەزگای (Bescherelle) بڵاوی کردووە (پاریس 1995)، ژمارەی کار لەهەندێك زماندا بە ئەم چەشنەیە.

| زمان | ژمارەی کار |
|---|---|
| ئینگلیزی | 6000 |
| فەرەنسی | 12000 |
| ئیسپانی | 12000 |
| ئەڵمانی | 8000 |
| ئیتاڵی | 8000 |

یان لەزمانی عەرەبیدا، زۆر لەئەو ژمارانە زۆرترە. بێ گومان، ئەو شەش زمانەی کە باس کران، کەمتر پێویست دەبن بە میکانیزمەکانی (کاری ناسادە)، چونکە ژمارەی کارەکانیان زۆرە.

**دووەم**: لەزمانی ئینگلیزیدا، کە کەمترین ژمارەی کاری هەیە بە بەراورد، ئەو (6000) شەش هەزار کارە لەگەڵ ئامرازەکانی پەیوەندی یەك دەگرن و نزیکەی (13000) سیازدە هەزار کاری ئامرازدار (Phrasal verbs) چێ دەکەن. هەر بۆ بەراورد، لەزمانێکدا وەك زمانی ئینگلیزی (19000) نۆزدە هەزار کار هەیە و ئەو زمانەی کەبیەوێت بەرانبەر بە زمانی ئینگلیزی بوەستێت، دەبێت پەنا ببات بۆ چەندین میکانیزمی ڕێزمانی بۆ ئەوەی تێ بکۆشێت و ژمارەی واتاکانی بگەیەنێت بە (19000) کار.

**سێیەم**: زمانی کوردیش، وەك لە ئەو خێزانە زمانەیە کە (کار) ی بنجی کەمە بەژمارە، دەبێت هەر کارێکی بنجی چەندین جار خۆی هەڵ بشێلێت بەمیکانیزمی ڕێزمانی بۆ ئەوەی چەندین واتای تازەی لێ پەیدا ببێت. بێ گومان پەرێزی (کاری لێکدراو) یش بڕشتێکی زۆر پیشان دەدات و لە ئەنجامدا ڕێزمانەکە ئاڵۆزدەکات.

بۆ نموونە، ئەگەر زمانی کوردی (1000) کاری بنجی هەبێت، دەبێت **لێکۆڵینەوە** بەهێزی (واتاگۆڕکێ) ژمارەکەی بگەیەنرێت بەهی زمانانی تر. هەر لەبەر ئەوە، جەنگەڵی (واتاسازی) و (واتای لێکدراو) لەزمانی کوردیدا زۆر چڕترەو زۆر دژوارترە لەهەمان جەنگەڵ لەئەو زمانانەدا کە لەپێشەوە باس کران.

**چوارەم**: لەرووی تایپۆلۆژییەوە، زمانی کوردی ڕێسای ئاوێنە ( mirror principle) پەیڕەو دەکات، چونکە ئەوەی لەباری رستەسازیدا دەچەسپێت، بەهەمان ریزبەند، دەگوێزرێتەوە بۆ باری وشەسازی. بۆ نموونە، کە دەگوترێت:

من نامەم هەڵ نەگرتبوو

چەند نموونەیەك چێ دەبێت کە لەباری وشەسازیدان، بەڵام پەیڕەوی هەما ریزبەندی سینتاکسی دەکەن، وەك:

| رستەسازی (رستە) | من | نامە (م) | هەڵ | نە | گرتبوو |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| وشەسازی | — | نامە | هەڵ | | گرتن |
| (ناو) | — | نامە | هەڵ | | گرتوو |
| | — | نامە | هەڵ | نە | گرتن |
| | — | نامە | هەڵ | نە | گرتوو |
| | — | نامە | — | نە | گرتن |
| | — | نامە | هەڵ | — | گرتن |
| | — | نامە | — | — | گرتن |
| | — | — | هەڵ | — | گرتن |
| | — | — | هەڵ | — | گرتوو |
| | — | — | هەڵ | نە | گرتن |
| | — | — | هەڵ | نە | گرتوو |
| | — | .... | .... | .... | .... |

هەر لەبەر ئەم هۆیە، باری وشەسازی ئاڵۆز دەبێت و پچێك لەئەو ئاڵۆزییە دەکەوێتەسەر رێزمانی (کاری لێکدراو)، وەك:

**گۆشت گرتن، کەڵ گرتن، سەرگرتن، هەواڵ گرتن، دەست گرتن، رێ گرتن**

**<u>پێنجەم</u>**: لەپلیکانەی کاردا، پێنج خانەی پێشکار هەیەو ئەو خانانە نووکی (کار) درێژ دەکەنەوەو سیان لەئەو خانانە کە (بریتیین لە خانەی (+ 5)، خانەی (+ 4)، خانەی (+3)، بەشداری دەکەن لەپێکهاتەی کاری ناسادەدا. ئەم بابەتە لەزۆر جێدا باس کراوەو پێویست ناکات جارێکی تر باسی بکەینەوە.

**<u>شەشەم</u>**: لەزمانی کوردیدا، دیاردەی جێگۆرکێی جێناوی لکاو (م، ت، ی، مان، تان، یان) هەیەو ئەم جێناوانە پێنج باز دەدەن و بە ئەو پێنج بازەو وەك دەمی مەقەست پێکهاتەکانی (پێشکار) کەرت کەرت دەکەن و ئەو

کەرتانە بەجوانی لەیەکتری جودا دەبنەوەو بەهوردی باری لێکدراوی دیاری دەکەن.

**حەوتەم:** هەر بۆ پراوە، لەزمانی کوردیدا پەنا دەبرێت بۆ کاری لێکدراوی (هەناسەدان)، کە دوو کەرتی هەیە، وەك:

**[هەناسە]: کەرتی یەکەم، بەرکار، واتاگر (واتا هەژێن).**
**[دان]: کەرتی دووەم، کار، واتادارو رستە هەژێن.**

لەڕووی بەراوردەوە، لەزمانی (عەرەبی)دا، یان لەزمانی (فەرەنسی) داو (ئینگلیزی)دا، واتای کاری (هەناسەدان) بەدووکەرتی ناچەسپێت، چونکە هەر کەرتی دووەم (کار) هەیە. بەڵام لەزمانی کوردیدا باری دوو کەرتی بەربڵاوە و تەنها هەر لەبواری کاری (دان)دا، چەندین نموونە هەیە، وەك: (بۆردان، هەنیسك دان، پشوودان، ڕوودان، گیان دان، باوێشك دان،...).

**5- لە بەرەنجامدا:**

**یەکەم:** کاری (داڕێژراو) و (لێکدراو) لەچەشنی (دوو کەرتی)ن، بەڵام کەرتی بەرایی لەهەردوو کارەکە لەیەکتری جیاوازن.

**دووەم:** لەکاری داڕێژراودا هەندێك وشەی (ڕێزمانی) دەبن بە پێکهاتەی کەرتی بەرایی، بەڵام لەکاری لێکدراودا وشەیەکی (وشەی لێکسیکی) دەبێت بە پێکهاتەی.

**سێیەم:** ئەو وشە ڕێزمانییەی کە دەبێت بەکەرتی بەرایی لەکاری داڕێژودا، خشتەی دیاری کراو و نەگۆڕی هەیە لەڕێزمانەکەدا.

**چوارەم:** کاری ناسادە دەبێت لەدوو کەرت پێك هاتبێت و ئەو دوو کەرتە پێکەوە واتایەکی تازەی (لێکدراو) دابهێنن.

**پێنجەم:** کاری ناسادە واتایەکی تازە دادەهێنێت کە ڕامانی هەردوو کەرتەکە هەڵ دەگرێت.

**شەشەم:** نابێت کەرتی بەرایی واتاگۆڕ دەستکاری ڕێزمانی بکرێت، چونکە پێکهاتەیە واتاگۆڕەکە لەناو دەچێت.

**شەشەم**: کاری لێکدراو  وشەیەکی نوێ دادەهێنێت, لەچەشنی (وشەی لێکدراو)، یان (چاوگی لێکدراو).

**حەوتەم**:  ئە وشە تازەیەی کە کاری لێکدراو دای دەهێنێت دەشێت بکرێت بە وشەیەکی فەرهەنگی.

**هەشتەم**: هەر چەند کەرتی بەرایی درێژ بێت, وەك ( بە فیرۆ | دان), کاری لێکدراو هەر لە دوو کەرت پێك دەهێت، نەك سیان.

**نۆیەم**: کەرتی یەکەمی کاری لێکدراو بە (بەرکار) بریتییە لە (وشە)ێك کە ئاکاری واتایی زاڵە بەسەریدا، نەك ئاکاری بەرجەستەیی.

## لێکۆڵینەوە

**سەرچاوە:**


- د. شێرکۆ بابان، گەشتێك بەنێو رێزمانی کاری (دان)دا، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژمارە (4)، هەولێر 2006.
- محەمەد مەعرووف فەتتاح، کار پۆلێن کردن بە پێی رۆنان، گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە (38)، هەولێر 2006.
- مەحموود فەتحولا، نامەی ماستەر، کار تەواوکردن لەکوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین 1988.
- مەزن عوسمان، هەندێك لە بەراوردو لەسەرنجی زمانەوانی، هەولێر، 2008.
- بەکر عومەر عەلی، کاری لێکدراو چەند سەرنجێك، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (4)، سلێمانی 1999.

- د. یوسف شەریف، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا، نامەی دکتورا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر 1998.
- د. ئەورحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی، کردار، سلێمانی، 2000.
- د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی، رێزمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 1982.
- عەبدوڵڵا شاڵی، رابەری قوتابیان بۆ چاوگ و فەرمان، چاپی یەکەم، بەغدا، 1976.
- د. وریا عومەر ئەمین, لە پەیوەندییەکانی بکەرنادیار, ئاسۆیەکی تر زمانەوانی, هەولێر 2004.

- Bescherelle.3,la grammar pour tous, HATIER Paris 1990.
- Quenelle & D. Hourquin, 6000 verbes anglaise, Paris 1995, (pp so-50) Bescherelle, HATIER,
- F. Katamba, Morphology, MACMILLAN Press, 1993, (pp 276 – 277).


**لێکۆڵینەوە**

# فۆنۆلۆجی زمانی کوردی لە دیدی ماتماتیکـــــــــــەوە


**ئامادەکردنی** **بەسەرپەرشتی**

**لاوین تەحسین رەشید دزەیی** **د. عەبدولواحید دزەیی**

**پەیوەندی نێوان زمان و زانستەکانی تر :**

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە و تێکەڵاوی زۆر لە زانستەکانی ترە، هەروەك (لیچ ) دەڵێت: هەموو زانستەکان لە واتاسازیدا یەك دەگرنەوە، هەرچەندە لە خاڵی جیاوازەوە دەست پێدەکەن، واتا پەیوەندی بە گەلێ زانستەوە هەیە، وەك:ـ

( زمانەوانی ، هێمالۆجی ، مەنتق ، فەلسەفە ، دەروونناسی ، کۆمەڵناسی ، ماتماتیك ، ....... هتد )(1).

**سەرەتایەکی مێژوویی زمانەوانی و ماتماتیك:**

زمانەوانی لە نیوەی دووەمی چەرخی بیستەم پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیوە لە بەکارهێنانی هەنگاوەکانی پرۆگرامی وەرگێراو لە زانستە ماتماتیکییەکان. لە سەدەی بیستەمدا هەندێك لە ڕێگاکانی (ئامار) خۆیان خزاندووە ناو لقەکانی زانیاریەکان لە نێوانیاندا زمانەوانی بوو. وە بە ڕاستی سوودی ئەم ئامارانە دیار بوو لە لایەن ئەوانەی بایەخ دەدەن بە بابەتەکانی زمان, هیندیەکان یەکەم کەس بوون کە ئامارێکی وردی ژمارەکانی رستە و وشە و مۆرفیمەکانی کتێبی پیرۆزی خۆیان (ڤیدا) کردووە توێژینەوەی زمانەوانیەکان لە ڕێگای ماتماتیکەوە مەنتیق دروست بوو. کە یارمەتی دەربوو بۆ شیکردنەوەی ماتماتیك هەروەها زمانەوانەکانیش بۆ ئەوەی پێناسەی وورد و روون دابین بکەن بۆ دیاردە زمانیەکان پەنایان بۆ ماتماتیك برد بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە بەرامبەر واقعی زماندا هەروەها بۆ ئاسانکردنی کارەکانیان لە بواری شیکردنەوەی زماندا لە رێگای هاوکێشە ماتماتیکییەکان، هاوکات بوو لەگەڵ دروست بوونی بایەخی ماتماتیك زانان بە زمانەوانی. وە هەردوو دەستەی زمانەوان – ماتماتیکزانان بەکردەوە و لە ماوەیەکی پێوانەیی دا توانیان هەر یەك لە تایبەت مەندی خۆیدا بیروباوەرشیان یەك بخەن.

لێکۆڵینەوە

لە سەرەتای سەدەی بیستەم یەکەم هەنگاو نرا بۆ یارمەتی دانی زانایانی ماتماتیك لە ساڵی 1913 بەناوی (نموونە لە دانەی ئاماری دەقی (ایڤیجینیا (أ.أ.مارکۆڤ A.A.markov لەلایەن زانای بەناوبانگی روسی

او نیجینیا) ).لەم وانەیەدا مارکۆڤ لەم دانەی یاساکاندا جەخت دەکاتە سەر ئاماری نیمچە بزوێنەکانلە رووسیادا. ئاماریان دەکات لە هۆنراوەی بۆشکین (ایڤیجینیا او نیجینیا). ئەم دانەیە سەرەتایەك بوو بۆ سەدەیەکی نویٚ لە ماتماتیك لەسەر بنچینەی گریمانەکان بۆ هەندیٚ گرفت لە زمانەوانی، هەر ئەم کارەی مارکۆڤ وای کرد، کە ببێتە مامۆستایەکی گرنگ لە جیهانی ڕێگای مێژووی ماتماتیك وە زمانەوانی بە گشتی.

لێکۆلینەوەکانی ماتماتیك زانان لە بواری زمانەوانی بە رێژەیەکی گەورە پەرەی نەسەند تەنیا پاش جەنگی in formation Theory جیهانی دووەم نەبێت کە لەگەڵ سەرهەڵدانی (بیردۆزی زانیاریەکان), سەدەی بیستەم سەدەی گرنگی دان بە دۆزینەوەکانی هۆیەکانی گواستنەوەی زانیاریەکانە کە تەلەفۆن و مایکرۆفیك و رادار و وەرگێرانی ئامێری ....هتد. دەبوایە سیستەمێکی دیاری کراو بۆ نیشاندانی زانیاری لەلایەن نێرەر و وەرگر هەبوایە. وە ئەم دۆزینەوانە بووە بنەرەتێك بۆ پێشکەوتنی زمانەوانی لە سەدەی بیستدا لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان. ئێستا بەکارهێنانی وانەی زمانەوانی ماتماتیکی لە ولایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا بەڵکو لە ئاسیاش (بە تایبەتی یابان و چین بڵاوبۆتەوە) هەروەها لە



کرداری زانستی کە بەکار دەهێنرا لە ڕێگاکانی ماتماتیکی لە بواری گیروگرفتەکانی زمانەوانی. ئێستا هەنگاو هەیە بۆ دروست کردنی تایبەت بە بابەتەکانی زمانەوانی ماتماتیکی وە کۆمەڵکانی زانستی بۆ زمانەکانی ماتماتیکی لە وولاتە یەکگرتووەکان بە تایبەتی زمانەوانی ماتماتیکی پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە دیوە، لە ساڵەکانی پاش جەنگی جیهانیەوە لە ساڵی 1958 زمانەوانی ماتماتیکی و وەرگێرانی ئامێری لە زۆر لە زانکۆکانی روسیا (لەسەرووی هەمووشیانەوە) زانکۆی مۆسکۆ و لینگراد دوای زانکۆی جورکی و ساراتۆف و تومسك دەخوێنران، هەموو پێشکەوتنەکان لە وانەکانی ماتماتیکی و زمانەوانی زیاتر هەردوو بواری زمانەوانی و ماتماتیك بەرەو پێشەوە برد(2).

**پێناسەی فۆنیم:**

فۆنیم کە سەر بە ئاستی فۆنۆلۆجییە، هەرچەندە پێناسەی وردی کارێکی ئاسان نییە,لە زۆر روانگەوە پێناسە کراوە، لەوانەش ڕوانگەی ئەرکی کە واتا جیاکردنەوە بنەمای سەرەکی ئەم روانگەیە, کە دەڵێت:
فۆنیم بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ(3).

**دەستنیشانکردنی فۆنیم :**

دەستنیشانکردنی فۆنیم لە رێگای جوتۆکەکان دەبێت، کە ئەو وشانە دەگرێتەوە لە هەموو دەنگەکان وەکیەکبن و تەنها لە یەك دەنگدا جیاواز بن , ئەم جیاوازی دەنگە، واتای وشەکان دەگۆڕێت و بەمەش لەگەڵ پێناسەی فۆنیم رێکدەکەوێت)4(.

فۆنیمی ڕەسەن و ناڕەسەن:

فۆنیمەکانی زمانی کوردی هەندێکیان کێشەیان لەسەرە، چونکە ئەم فۆنیمانە لە ئەنجامی ململانێی زمان و خواستنی وشەی بێگانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، وەك: کێشەی فۆنیمی زمانی کوردی لە دەنگەکانی وەك:(ئ–ع–ح)1(–ص–غ–ق) ی عەرەبییە کە لە زمانی کوردی نییە و زۆر دەنگ هەیە لەگەڵ سازگەی قورگی مرۆڤی کورد ناگونجێ ئەم فۆنیمانە ئەگەری ئەلۆفۆنیان زیاترە لە فۆنیمبوونیان و کێشەی (ئ) لە زمانی کوردی بە بەکارهێنانی ئەلف وبێی لاتینی چارەسەر دەکرێ(5).



مەرجی فۆنیمی ڕەسەنیش ئەمانەن:

واتاگۆڕبێت

لەسەرەتاو ناوەراست و کۆتایی وشەدا بێت

بەو پێیە تەنها ئەم فۆنیمانەی خوارەوە پلەی فۆنیمیان هەیە:

ا–نەبزوێن : (ب–پ–ت–د–ك–گ–ج–چ–ق–ف–ڤ–س–ز–ش–ژ–خ–هـ–م–ن–ل–ڵ–ر–ڕ–و–ی

ب–بزوێن: (ا–ە–و–وو–ۆ–ی–ێ–I ) کەواتە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی: (33)ن فۆنیمە، کێشەدارەکانی تری زمانی کوردی ئەگەری ئەلۆفۆنیان زیاترە لە فۆنیمبوونیان[(6)].

بڕگە:

بڕگە لە ڕووی فۆنەتیکەوە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە کە لەناو وشەدا درکاندنێکی بەرزی هەبێ، گوێگر هەست بەو درکاندنە بەرزە بکات, لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوەش بریتییە لە بزوێنێك ونەبزوێنێك یا چەند نەبزوێنێك:

بڕگەی داخراو، ئەو بڕگەییە کە بە نەبزوێن کۆتایی دێت، وەك:

چاو C V C

بڕگەی کراوە، ئەو بڕگەیەیە کە بە بزوێن کۆتایی دێت، وەك:

با C V

بڕگەکانی زمانی کوردی درێژترینیان بریتییە لە وشەی(7):

خوارد C C V C C

هەروەها بەم شێوانەش بڕگە دێتە بەر چاو، وەك:

چا C V

خوا C C V

ناو C V C

دەست C V CC

گەیشت C V C C C

**وشەی فۆنۆلۆجی :**

ئەو وشەیەکە وەك خۆی دەیدرکێنین و جیاوازە لەگەڵ وشەی نووسراودا(8). وەك: ئاو–دار–بەرد.

**لێکۆڵینەوە**

بەشی دووەم:

پەیوەندی نێوان زمانەوانی و ماتماتیك، هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، یەکێ لەو ئاستانەش ئاستی فۆنۆلۆجییە(دەنگسازی تایبەت)، کە لەم بەشەدا دەیخەینە روو:

ماتماتیك و فۆنۆلۆجی:

ئادەمیزاد هەر بەو کۆمەلە وشانەی لەفەرهەنگی زمانی مێشکی (کە ژمارەیان سنوورداره)، لەسەر بناغەیەکی ماتماتیکی لێك ئەدرێتەوە . ماتماتیك سیستەمێکە بریتییە لە ژمارەیەکی کەم و سنووردار ( نیشانە ) و (یاسا)یە، کە بەهۆیانەوە ژمارەیەکی بێ دوایی ( نرخ) دەر ئەبڕێ .

بۆ نموونە سەیری ئەم دوو لایەنە بکە :

نیشانە (1 – 2 – 3 – 4 – 5 – 6 – 7 – 8 – 9 – سفر )
یاسا خانەی تاکانەو دەیانە و سەدانە و هەزارانە

| تاکانە | دەیانە | سەدانە | هەزارانە | × |
| --- | --- | --- | --- | --- |

تەنیا بەم دوولایەنە زۆر سنورداره، ژمارەیەکی بێ پایانە ( نرخ) دروست ئەکرێت، هەر خانەیەکی بچوکتر کە ژمارەیی بوو، بە (دە)، ئەم (دە) یە ئەکرێ بەیەك، ئەکەوێتە خانەی ژوورترو بەم جۆرە .. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە دوا ژمارە نییە .. ژمارەکە هەرچەن گەورە بێ، ئەشێ یەکێکی تری بخرێتە سەر,نرخی هەر ( نیشانەیەك )یش لەناو چوارچێوەی ئەم یاسایەدا بەهۆی شوێنەکەی و جۆری پەیوەندی لەگەڵ نیشانەکانی تر دەست نیشان دەکرێ . هەبوونی ژمارەیەکی بێ دوایی ئەگەر بۆ ئەم جۆرە پەیوەندییە لەنێوان ئەم نیشانانە، هۆیە کە بۆ توانینی دەربڕینی ژمارەیەکی بێ پایان (نرخ) .

بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی ژمارەیەکی بێ دوایی ئیعتمال، سەیرێکی ئەم نمونەیە بکە :

3س ص + 2ع ل = ت1

ئەم هاوکێشە نرخێکی تایبەتی هەیە کە(ن1) ە . نرخی دەست نیشان کراوە بەهۆی جۆری پەیوەندی هەر نیشانەیەك لەگەڵ نیشانەکانی ترو شوێنی بەگوێرەی یان لەناو چوارچێوەی ئەم هاوکێشەدا. گەر شوێنیان بگۆڕێ و ئالوگۆڕ بکرێن نرخەکەش ئەگۆڕێ وەك:



س + 2ع ل ص = ن2 نرخەکە گۆڕا

ص + 2ع ل س = ن3 نرخەکە گۆڕا

بەم جۆرە ئەبینین ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەگەری هەیە بۆ ئاڵوگۆرکردنی ئەم چوار نیشانەیە (س ص ع ل ) . گەر شوێنی ژمارەکان بگۆڕێ، ئەگەرە کە ئەوەندەی لێ دێ. نیشانەیەکی تری وەك (م) زیادبکرێ، ئەگەرەکە دەیەها جارتر دەبێ(9). پەیوەندی نێوان زمان و ماتماتیك لەئاستی فۆنۆلۆجیدا دەس نیشان ئەکرێ. وەك ئاشکرایە هەر زمانەی ژمارەیەکی دەست نیشان کراو فۆنیمی هەیە. بۆ نمونە زمانی کوردی (33)سی و سێ

فۆنیمی هەیە، لێك ئەدرێن بۆ دروست کردنی بڕگە , لەناو چوار چێوەی قالبی ئەم بڕگانە ژمارەییێکی بێ دوایی بەکارهێنان هەیە , بۆ ریزبوون و لەیەکدانی ئەم فۆنیمانە. هەبوونی ئەم ژمارە بێ دوایی لە ئەگەر دیاردەیەکی ماتماتیکییە، بۆ نموونە نرخی (1) دەکاتە:

1 = 99 −100

1= 2 − 3

1 = ½ + ½

1 = 6/1 + 6/2 + 6/3

....... تــــــا بێ پایان.

نرخی هەر نیشانەیەك لەناو چوار چێوەی ئەم یاسایانەدا، بەهۆی شوێنەکەی و جۆری پەیوەندی به نیشانەکانی ترەوە دەست نیشان دەکرێت . هەبوونی ژمارەیەکی بێ دوایی ئەگەر هەیە بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیانە لەنێوان ئەم نیشانانە هۆیەکە بۆ توانینی دەربرینی ژمارەیەکی بێ پایان لە نرخ و دەربرینی هەمان نرخ بە ژمارەیەکی بێ پایان لە قالب و دەربڕین . ئەم دیاردەیە لەهەموو لیڤلەکانی زمانیشدا دەست نیشان دەکرێت.

من لێرە تەنها باسی ئاستی فۆنۆلۆجی دەکەین:



هەر زمانەی ژمارەیەکی دەست نیشان کراو فۆنیمی هەیە. زۆربەی لە نێوان (25 – 40) دایە. بۆ نمونە زمانی کوردی (33)، فۆنیمی هەیە (1). زمانی عەرەبی ( 33) زمانی تورکی ( 29) زمانی ئینگلیزی ( 33)... هتد.

فۆنیمەکانی زمان لەرووی ئەرکەوە دوو جۆرن :

1− بزوێن ( vowel)

2− نەبزوێن (consonant).

ژمارەی بزوێنەکان کەمن. بۆ نمونە لە (33) فۆنیمی کوردی (8)ی بزوێنن، لە عەرەبی (6) بزوێنن، لە ئینگلیزی ( 9 ) بزوێنن، لە تورکی( 8 ) بزوێنن .

لەهەموو زمانێکا بزوێن ناوکی بڕگە پێکدێنێ. لەناو قالبی بڕگەی فۆنەتیکیدا لەگەڵ ئەم بزوێنە فۆنیمێکی نەبزوێن یا زیاتر دەردەکەوێ، بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی، وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێ :

| بڕگە | بزوێن |
| --- | --- |
| من , ژن | i بزۆکە |
| ژین , پیر , تیژ | ی |
| ژێر ,شێر , لێژ | ێ |
| کەس گەش دەست | ە |
| ساڵ , داو, قاز | ا |
| کورت , کورد, | و |
| تووك , پووش , دوور | وو |
| دۆ , برۆ , خۆش | ۆ |

بەم جۆرە ژمارەیەکی بێ دوایی ئەگەر هەیە، بۆ دەرکەوتنی فۆنیمە کپەکان لەگەڵ بزوێنەکاندا بۆ داڕشتنی بڕگە. واتە دەرگا کراوەتەوە بۆ داڕشتنی ژمارەیەکی بێ دوایی بڕگە لەم چەند فۆنیمە سنوردارە .

بەکورتی لەهەر زمانێکدا و لە کاتێکی تایبەتیدا ژمارەیەکی سنوردار فۆنیم هەیە. بەپێی چەند یاسایەکی فۆنۆلوجی تایبەت بەزمانەکە و، ئەم فۆنیمانە لەناو قالبی بڕگە لێك دەدرێن بۆ داڕشتنی مۆرفیمەکانی زمانەکە . بەمەش ژمارەیەکی بێ دوایی ئەگەر دێتە ئاراوە بۆ لێکدان و ریزبوونی ئەم فۆنیمانە لەناو قالبی برگەکاندا بۆ داڕشتنی مۆرفیمەکان و وشەی فۆنۆلۆجی, بەم پێیە هەموو زمانێك لەسەر بنەمای بەکارهێنانەوە کاردەکات، دەتوانین بێژمار وشەی فۆنۆلۆجی و وشە و ڕستە دروست بکەین(10). لە فۆنیمی بزوێنی (أ) دەتوانین چەند بڕگەو وشەی فۆنۆلۆجی دروست بکەین لەسەر بنەمای بەکارهێنانەوە و هەر جارەی نرخێکیش بدات، چونکە واتاکەی دەگۆڕێ، وەك:



دار , مار , شار , هار , کار , زار , بار ,لار ,جار , سار ,پار , چار...........هتد

**نرخی فۆنیم لە ماتماتیکی ئەبجەدیدا و بەکارهێنانی لای شاعیران:**

لە کۆنەوە شاعیران حیسابی ئەبجەدیان بەکارهێناوە بۆ مێژووی لەدایکبوون و مردنی شاعیرانی تر، کە حسابێکی تایبەتییە و لە ئارامییەکانەوە وەریان گرتووە(11) کە بریتییە لە:

ا=1 ب=2 ج=3 د=4 هـ=5 و=6 ز=7 ح=8 گ=9 ی=10 ك=20 ل=30 م=40 ن=50 س=60 ع=70 ف=80 ص=90 ق=100 ر=200 ش=300 ت=400 پ=500 خ=600 ژ=700 چ=800 ڤ=900 ع=1000

بۆنموونە: مێژووی مردنی ئەحمەدی خانی کە بە حیسابی ئەبجەدی تۆمارکراوە، بریتییە لە:

(گار خانی الی ربە ) دەکاتە:

گ + ا+ر+خ+ا+ن+ی+ا+ل+ی+ر+ب+هـ = ......

1212 = 5+4+200+1+30+1+10+50+ 1+600+200+1+9

واتە 1706 م

**بەکارهێنانی فۆنیم بۆ دەستنیشانکردنی کەلووی مرۆڤ**

ئاشکرایە کە ساڵ دوانزە مانگە و کەلووەکانیش دوانزەن جا خوێنەوارە کۆنەکان کە لە مەلا و سەید و شێخەکان پێکهاتبوون، کەلووی کەسەکانیان دەستنیشان دەکرد لە رێگای:

شیکردنەوەی فۆنیمەکانی ناوی کەسەکە و نرخ بۆ دانانیان بە نرخی ئەبجەد، ئینجا کۆکردنەوەیان.

شیکردنەوەی فۆنیمەکانی ناوی دایکی کەسەکە و نرخ بۆ دانانیان بە نرخی ئەبجەد، ئینجا کۆکردنەوەیان لەگەڵ ناوی کەسەکە.

لێکۆڵینەوە

دابەشکردنی ئەنجامی کۆکردنەوەکە بەسەر (12).

سەیرکردنی ژمارەی ماوە، جا ژمارە ماوەکە دەبێتە ژمارەی کەلووی کەسەکە، تەنها ئەگەر (سفر) بمێنێتەوە، ئەوا ژمارەی کەلووەکەی دەبێتە (دوانزە)، واتە دەبێتە (نەهەنگ) کە بەم شێوەیە رێزدەبن:

کاور

گا

دووانە
قرژاڵ
شێر
فەریك
تەرازوو
دووپشك
کەوان
گیسك
سەتل
نەهەنگ

گریمان کچێك ناوی (شیلان)ە، و ناوی دایکیشی (اصل)ە، ئەوا (کەلووە)کەی بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە:

( ش + ی + ل + ا + ن ) + ( ا + م + ل) = ئەنجام

( 300+ 10+ 30 + 1 + 50) (1+40+30) =462

12/462 = 38 ماوە (6)، واتە کەلووەکەی (فەریك)ە.

ئەنجام:

1ـ زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، تێکەڵاوی زۆر لە زانستەکانە وەك:– ( زمانەوانی، هێمالۆجی، مەنتیق، فەلسەفە ، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ماتماتیك، ....... هتد

2ـ پەیوەندی نێوان زمانەوانی و ماتماتیك، هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، یەکێ لەو ئاستانەش ئاستی فۆنۆلۆجییە(دەنگسازی تایبەت).



3ـ چۆن دوا ژمارە لە ماتماتیکدا نییە، چونکە ژمارەکە هەرچەند گەورە بێ، ئەشێ یەکێکی تری بخرێتە سەر، ئاواش لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا دەشێ فۆنیمێکی تر بخرێتە سەر وشە فۆنۆلۆجییەکە .

لە کۆنەوە شاعیران حیسابی ئەبجەدیان بەکارهێناوە بۆ مێژووی لەدایکبوون و مردنی شاعیرانی تر کە حیسابێکی تایبەتییە و لە ئارامییەکانەوە بەجێماوە.

4ـ خوێنەوارە کۆنەکان کە لە مەلا و سەید و شێخەکان پێکهاتبوون، کەلووی کەسەکانیان دەستنیشان دەکرد لە ڕێگای ئەم هاوکێشەیەوە (کۆی ژمێریاری ناوی کەس+کۆی ژمێریاری ناوی دایکی کەس) /12 = (..؟..) ژمارەی ماوە دەکاتە ژمارەی کەلووی کەسەکە تەنها (سفر) نەبێ، ئەگەر (سفر) بمێنێتەوە ئەوا ژمارەی کەلووەکەی دەبێتە (دوانزە).

**پەراوێزەکان:**

احمد مختار عمر:15:1982.

میلکا افتتش:1996:397–413.

محمد معروف فتاح:63:1990.

وریاعمر امین:10:2003.

عبدالواحد دزەیی:4:2005.

عبدالواحد دزەیی:4:2005.

غازی فاتح وەیس: 1984:83–84.

گالب حسین:157:2005.

وریاعمر امین:35:1983.

وریا عمر امین :1987: 226 – 228.

مجید ابراهیم نعمە و الاخرون: 10:1978.

ابی معشرالفلکی:.....:9.

**سەرچاوەکان:**

ابی معشر الفلکی الکبیر(....) الابراج ,المطبعة الحسینیة,المصر.

احمد مختار عمر (1982), علم الدلالة لێکۆڵینەوە, مکتبة دار العروبة للنشر و التوزیع, ط/ 1, الکویت.

طالب حسین علی (2005)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی (ئینگلیزی – عەرەبی–کوردی), هەولێر چ/1.

عبدالواحد مشیر دزەیی(2005)، فۆنیمە کێشەدارەکانی زمانی کوردی, باسێکی بڵاو نەکراوە.

غازی فاتح وەیس(1984)، فۆنەتیک,چ/1 چاپخانەی ئەدیب,بەغدا.

لێژنەی دەستوری زمانی کوردی (1985)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان,کۆڕی زانیاری عێراق , بەغدا.
مجيد ابراهيم نعمة و الاخرون (1978)، طرق تدريس اللغة العربية، ط/1 وزارة التربية، بغداد.
محمد علي الخولي (1987)، الاصوات اللغوية, ط/1 الرياض.
محمد علي الخولي (1991)، معجم علم اللغة النظري, (انكليزي–عربي), بيروت, لبنان.
ميلكا افيتش (1996)، اتجاهات البحث اللساني, ترجمة سيد عبدالعزيز مصلويه, و وفاء كامل فايد. بغداد.
وریا عومەر ئەمین (1983)، زمان و ماتماتیك – گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (97) لە ئایارو حوزیرانی 1983 .
وریا عومەر ئەمین (1987) ماتماتیك لە زمانا – گۆڤاری رۆشنبیری نوێ – ژمارە 113
وریاعومـەر ئـەمین (2003)، ئاسـۆیەکی تـری زمانـەوانی, ب/1, چ/1, دەزگای ئاراس, هەولێر.
وریـا عومـەر ئـەمین (1984)، رێزمـانی گـشتی, رۆژنامـەی عێـراق، ژمارە(2433)، لە 1984/2/1.

# تـاپیپۆلۆژی زمانەکان و زمانی کوردی بە نموونە

سەلام ناوخۆش

**دەروازە**

هەرچەندە تاپیپۆلۆژی زمان لە ئاكامی هەوڵ و كۆششەكانی فیلۆلۆژكاران پەیدابوو، بەڵام چەمكەكە لەدوای سەدەی نۆزدەهەمەوە بووە بەشێك لەزمانەوانی نوێ.

تیۆری مۆرفیم، بونیادی تاپیپۆلۆژی زمان پێكدێنێ، چونكە بەگوێرەی ئەم تیۆرەوە زمانەكان بەگوێرەی مۆرفیم بەرانبەر وشەو شێوازی پێكەوەهاتنی مۆرفیمەكان پۆلین دەكرێن. كە تیۆری مۆرفیم نەیتوانی وەڵامی زۆر ئاریشەی نێوان زمانەكان بداتەوە، تیۆری فۆنۆلۆژی و پێكهاتەی ڕستەسازی وەك ناوەندێكی چارەسەر بۆ پۆلێن كردنی زمانەكان هاتنەكایەوە.

ئەم دووەش نەیانتوانی تەواو ئاریشەكان چارەسەر بكەن، بۆیە ناچار زمانەوانان دان بەوە دەنێن كە جیاوازی زمانەكان لەیەكتر، ڕاستییەكی بنەڕەتییە.

لەم كورتە توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لەو ئاریشانە بدوێین و قسە لەسەر شوێنی زمانی كوردی لەو تیۆرانە بكەین.

**تاپیۆلۆژی زمانەكان**

دەكرێ زمانەكان لەسەر سێ بنچینە پۆلێن بكرێن:

**1ـ بنچینەی مێژوویی:**

هاومێژوویی، هاوڕەگەزی، هۆکارێکە کە زمانەوانان لە مێژووی زمانناسیدا کاریان لەسەر کردووە، بۆ ئەوەی زمانەکان بۆ کۆمەڵ Group یاخود خێزان Family پۆلێن بکەن.

بەگوێرەی ئەم پۆلێنکردنە، هەر کۆمەڵە زمانێك، دایکە زمانێکی Proto language هەیە. ئەم کۆمەڵە زمانەش چەندەها سیمای هاوبەشی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و فۆنۆلۆژیان لەنێواندا هەیە. هەر بەو ئەدگارو سیمایانەش بوونەتە خێزان. دابەشکردنی زمانەکانی هیندۆ ئەوروپایی لەسەر ئەو بنەمایە پەیڕەوکراوە، چونکە زمانەکانی وەك لاتینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتالی... هتد. هەموو لەزمانی سانسکریتی کۆنەوە پاش کەوتوون.

زمانی عەرەبی و سریانی، عیبری لەزمانی (سام)ی کوڕی نوح پێغەمبەر پەیدابوون، بۆیە بە ئەوانیش دەوترێ زمانە سامییەکان.

ئەم بنچینە ڕەگەزییە، بنەمایەکی ئەنسرۆپۆلۆژی پاڵشتی ناکات، چونکە زمانی دایك، زمانی یەکەم، هیچ شوێنەوارو ئەسەرێکی نییە، ئەوەی دەگوترێ لەم بارەیەوە زیاتر (زەن) و (تێڕوانین) و (گریمانە)ن.

ئەمەو، ئەم زمانانە (بۆنموونە، زمانەکانی هیندۆ ئەوروپی) ئێستا زمانی نەتەوەیین، هەر نەتەوەو زمانی خۆی هەیە.

ئایا زمانی یەکەم، زمانێکی نەتەوەیی بووە؟!

بێگومان، ئەو زمانەی ئادەم قسەی لەگەڵ خودا پێ کردووە، نەتەوەیی نەبووە، چونکە هیچ کەسێك تا ئێستا نەیتوانیوە ڕەگەزی نەتەوەیی ئادەم و زمانەکەی دیاری بکات!! هەروەها زۆرێك لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان هەندێ سیمای لەیەك جودایان هەیە، بۆ نموونە، زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە جێندەر زۆر لەیەك جودان و ئامرازە ناسین و نەناسینی فەرەنسی جێندەریش نیشان دەدەن، کەچی ئەوانەی ئینگلیزی هەر تەنها هەردوو ئەدگاری (ناسین) و (نەناسین) نیشان دەدەن:

un: ئامرازی نەناسین و نێر

un homme – a man پیاوێك

une ئامرازی نەناسین و مێ

une femme – a woman ژنێك

ئەم دووە لە فەرەنسی شێوە کۆیان هەیە بۆ هەردووکیان، کەچی لە ئینگلیزی ئەمە نییە:

Des hommes

Des femmes

لە ئینگلیزی تەنها (the – ەکە) هەیە بۆ ناسین ـ ئەم (the)یە هیچ ئەدگارێکی جێندەری نییە، هەروەها بۆ (تاك) و (کۆ) بەکاردێ، کەچی لە فەرەنسی هەریەکەو ئامرازی خۆی هەیە.

ئامرازی ناسین و نێر Le

Le homme – the man پیاوەکە

ـ ئامرازی ناسین و مێ La

La femme – the woman ژنەکە

Les hommes the men پیاوەکان

ئەمڕۆ چەندان جیاوازی دی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی لەنێوان ئەم (دوو زمانە زۆر لەیەك نزیکە) هەن.

لەم ڕوانگەوە، فاکتەری مێژوو، بەس نییە بۆ پۆلێن کردنی زمانەکان و کۆکردنەوەیان لە خێزانێك و دانانی دایکە زمانێکی گریمانیکراو بۆیان.

ئەم پۆلێنکردنەی زمان بەگوێرەی گریمانی هاوڕەگەزی یاخود هاو ڕەسەنی کار لەسەر (هاوشێوە)ی ڕێژەی ناوەکانی دەکات (دەیڤد کریستال 1993: 152 نموونەی ناوی (Peter) دەهێنێتەوە بۆ پیشاندانی هاوشێوەی ڕێژەیی ئەو ناوە لەگروپی زمانی هیندۆ ئەوروپاییدا:



Padre Padre Pere pai Pare

زمانی عەرەبی و زمانەكانی هیندو ئەوروپی و زمانی میسرییە كۆنەكان، بەگوێرەی هیچ گریمانەیەكی زمانەوانان هاوڕەگەزو هاوڕەسەن نین كەچی بۆ نموونە، لە وتنی ناوێكی وەك (یوسف)، هاوشێوەی ڕەگەزی ڕێژەییان لەنێواندا هەیە:

- یوسف: عەرەبی ، كوردی
- جۆزێف: ئینگلیزی
- یوزارسیڤ: میسری كۆن

## 2ـ بنچینەی پێكچوونی بونیاد

پۆلین كردنی زمانەكان لەسەر پێكچوونی بونیاد، كرۆكی تایپۆلۆژی زمانەكانە، چونكە تایپۆلۆژی زمان خۆی بریتییە لە لقێكی زمانەوانی، كە لەپێكچوونە بونیادییەكانی نێوان زمانەكان دەكۆلێتەوە بێگوێدانە فاكتەری مێژوو. هەر لەم ڕوانگەوە بەو شێوازە دەوترێ، زمانەوانی تایپۆلۆژی ئەم بنچینەیە تەواو پەیوەستە بەخودی زمانەوە:

بە سیستەم و پێكهاتەی زمانەوە نەك ڕوخسارو گەشەو فراژووبوون و مێژووی زمانەوە.

ئەم جۆرە توێژینەوەیە لە زمانەوانی كۆن نییە، بەڵكو مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرایی سەدەی نۆزدەهەمی زاینییەوە.

بونیاد لەم جۆرە پۆلێنكردنەدا ژمارەی مۆرفیم و چۆنییەتی پێكەوە هاتنی مۆرفیمەكان دەگەیەنێت.

لەسەر ئەم بنەمایە، زمانەكانی جیهانی بۆچەند گروپێك پۆلێن كراون. هەروەك چۆن ژمارەی فۆنیمەكان لەزمانێكەوە بۆ زمانێكی تر جیاوازە بەهەمان شێوە ژمارەی مۆرفیمەكانی وشەیەك لەزمانێكەوە بۆ زمانێكی تر دەگۆڕێت، بەهەمان شێوەش پێكەوە هاتنی مۆرفیمەكانیش لە وشەیەكدا لەزمانێكەوە بۆ زمانێكی تر جودایە.

لەسەر ئەم بنەمایە زمانەكان بۆ چەند جۆرێك دابەشكراون:

**یەكەم: زمانی ڕەگ**

لە ئەم جۆرە زمانەدا (بەزۆری) ژمارەی مۆرفیم بەقەد ژمارەی وشەیە، بەشێوازێكی تر وشەكانی ئەم جۆرە زمانە لە (یەك) مۆرفیم پێكهاتوون. وشەكانی ئەم جۆرە زمانە ناگۆڕدرێن، دابەش نابن، چونكە هەر مۆرفیمێك واتایەكی سەربەخۆی لێكسیكی هەیە. هیچ وشەیەك لە واتایەك هەتا فۆرمیك زیاتر هەڵناگرێ. مۆرفیمی سەربەخۆ هەیە بۆ (كۆكردن)، (خۆیەتی)، (پرسیاركردن)، وشەیەك نییە، ئەو هەموو ئەدگارەی (كۆ)، (تەمەلوك)، (پرسیاركردن) پێكەوە هەڵبگرێ. ئەو پەیوەندییە ڕێزمانییانە لەڕیزبوونی وشەكان لە ڕستە دەردەكەون، نەك لە تەنیا وشەیەك.

زمانی ڤێتنامی و چینی دوو زمانی ئەم جۆرە زمانەن. لە ئەم ڕستەیەی زمانی ماندارین دەردەكەوێ كە چۆن هەر وشەیەك تەنها یەك مۆرفیمی هەیە:

Chĕ shih wŏ tĕ shü

↓ ↓ ↓ ↓ ↓

ئەم ە من (هی) كتێب

ئەم كتێبە هی منە.

هیچ وشەیەك لە مۆرفیمێك زیاتری نییە، كەچی ڕستەكەی زمانی كوردی وانییە: (كتێبە) (منە) هەریەكە دوو مۆرفیمین، لەكوردی تەنها وشەی وەك (كە، بەڵام، تا) تەواو ڕەگن!

لەهەندێ ڕستەی ئینگلیزیدا وشەكان هەموو تاك مۆرفیمین، وەك:

Will you please let the dog now

بەڵام ناكرێ زمانی ئینگلیزی بەزمانی چینی بەراورد بكەین، چونكە زمانی چینی تەواو زمانێكی ئەنالیتیكیە (شیكارییە) و هیچ جۆرە دارشتن (inflectin)ی نییە، كەچی ئینگلیزی لەڕاناوەكان و كردارەكان و ئاوەڵناوەكان مۆرفیمی دارشتنی هەیە وەك (S)ی كۆ و خۆیەتی و كەسی سێیەمی تاك و (ed) رابردوو هتد. ئەوانە هەموو بە (ناو) و (كردار)وە دەنووسێن و دەبنە دوو مۆرفیم یان زیاتر، هەروەها مۆرفیمی پلەی بەراورد (est ـ er) و (Ly ـ) ئاوەڵكار بە ئاوەڵناو و ئاوەڵكارەوە دەنووسێن.

زمانی synthetic تەواو پێچەوانەی زمانی شیکاریە analytic، چونکە وشەکانی ئەو جۆرە زمانە (شێوە form)ی خۆیان دەگۆڕن، بۆ ئەوەی ئەدگارە ڕێزمانییەکان پیشان بدەن. زمانێکی وەك زمانی عەرەبی لە ئەم جۆرە زمانەیە هەر لە وشەیەکدا دوو مۆرفیم هەیە، مۆرفیمی تاك (سەربەخۆ) و مۆرفیمی (بەند) دووانەو کۆ:

- معلم  تاك
- معلمان   تاك + ان دووانە (مثنی)
- معلمون  تاك + ون - کۆ

هەروەها لەزمانی عەرەبی بەهۆی (سەر) و (بۆر) لەسەر وشەکان و شوێنی هاتنی وشەکان لەڕستەدا (بەرکار) و (بکەر)ی ڕستە دیاری دەکرێ.

زمانی ئینگلیزیش هەندێ ئەدگاری ئەم جۆرە زمانەی هەیە، چونکە مۆرفیمی کۆ، کات، دەمکاتی هەیە.

هەروەها زمانی لاتینی و یۆنانیش لە ئەم جۆرە زمانەن.

**دووەم**

## زمانی لکاو Agglutinayive*

وشەکانی زمانی لکاو بۆ چەند مۆرفیمێك دابەش دەکرێن. دەکرێ وشەیەك لەچەند مۆرفیمێك پێکهاتبێ و خەتی جیاکەرەوەی نێوان مۆرفیمەکانیش دیار بکرێ. لە ئەم جۆرە زمانەدا دیاردەی مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند لە وشەیەکدا هەیە.

جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە مۆرفیمەش بە ئاسایی و بەبێ دژواری دەکرێت.

زمانی تورکی، ژاپۆنی، سەواهیلی لەزمانە دیارەکانی ئەم جۆرە زمانەن.

زمانی ئینگلیزی هەندێ ئەدگاری ئەم جۆرە زمانەی تێدایە. چەندەها وشەی ئینگلیزی لەچەند مۆرفیمێ پێکهاتوون، وەك:

- un – faith ful - ness
- un – mis – take – able – ity

لەزمانی کوردیش ئەم دیاردەیە هەیە:

- کوڕ - ەکە - ان - م

- نووس - ین - ە - ەکە - ان - ی **ئێکۆڵینەوە**
- بێ - باوەڕ - ی

بەحوکمی ئەوەی زمانی تورکی لەزمانی ئینگلیزی و کوردی زیاتر ئەدگارە تایبەتییەکانی ئەم جۆرە زمانەی تێدایە، بۆیە زیاتر جەختی لەسەر دەکەین، وێڕای خەسلەتی جیاکردنەوەی مۆرفیمی سەربەخۆ و بەند، ئەوە لە زمانی تورکی گۆڕانی مۆرفۆفۆنیمیکی لە مۆرفیمی بەندیی ڕوودەدات، بەمەش بەگوێرەی مۆرفیمە سەربەخۆیەکە هارمۆنی ڤاوڵی دروست دەبێت:

| مۆرفیمی سەربەخۆ | مۆرفیمی بەند (کۆ) | واتا |
| --- | --- | --- |
| at | atlar | ئەسپ |
| šehr | šehirler | شار |
| ev | evler | خانو |
| Ada | adalar | ژوور |
| Kiz | kizlir | کچ |

مۆرفیمە بەندەکە (گیرەکی کۆ) لەوشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەگۆڕێت، بەمەش گۆڕانی مۆرفۆ فۆنیمیکی لەو وشانەی زمانی تورکی ڕوودەدات.

## سێیەم زمانی ئاوێتە بوون fusional

وشەکانی ئەم جۆرە زمانەش لە مۆرفیمێك زیاتر پێکهاتوون، بەڵام پەیوەندییەکی یەك بۆ یەکی لەنێوان مۆرفیمەکاندا نییە، مۆرفیمەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەچنە ناو یەك کە ئاسان نییە لەیەك جیا بکرێنەوە. ئاوێتەبوونی مۆرفیمەکانی هێندە سیستیماتیکیە، دژوارە ڕەگەزەکان لەیەکدی جیا بکرێنەوە.

زمانی لاتینی یەکێ لەو زمانانەیە. بۆ نموونە، پاشگری us ـ لە وشەی (taurus ـ گا) لەیەك کاتدا نیشانەی (نێر) و (تاك) و (بکەر) دەگەیەنێت. ئەم هەمووەش (بە ئاسانی) لەیەك جیاناکرێنەوە.

ئەم دیاردەیە لەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیدا هەیە، بەڵام بەو دژوارییەی زمانی لاتینی نییە:

ـ زمانی ئینگلیزی

+ went = go -ڕابردوو

+ goes = go -بکەری تاك + ڕانەبردوو

- زمانی عەرەبی

- کتبتها = کتب + رابردوو + بکەری کەسی یەکەمی تاك + شت.

- تقتلونه = مێ + قتل + نیشانەی بکەری کۆی مێ + ڕانەبردوو + نیشانەی بەرکاری نێر.

- زمانی کوردی

- کوشتم = کوش + ت (ئەو) تـ (رابردوو) + م (بکەر) من ئەوم کوشت.

- بردمەوە = برد — رابردوو + م بکەر (کەسی یەکەمی تاك (ەو) - بەرکار - کەسی سێیەمی تاك

## چوارەم زمانی فرە داڕشتن Polysynthetic

شێوەی وشەکانی ئەم جۆرە زمانە (درێژ) و (ئاڵۆزن)، ئەدگارەکانی زمانی داڕێژراو و پێکەوە نووساویان تێدایە.ئەم شێوە درێژو ئاڵۆزە تەواو ڕستە دەنوێنن. زمانە بەراییەکانی (ئوسترالیا) لە ئەم جۆرە زمانەن، هەروەها زمانی (ئەسکیمۆش) لە ئەم جۆرەیە.

لەم جۆرە زمانەدا وشەیەك ئەوەندە مۆرفیمی بەند وەردەگرێ، هەتا دەبێتە ڕستەیەك. بەواتای وشە ڕەسەن و سەربەخۆیەکە لەگەڵ مۆرفیمە بەندەکان پێکەوە دەنووسێن و ڕستەیەك پێکدەهێنن: ئەم نموونەی زمانی (ئەسکیمۆ) ئەم دیاردەیە زیاتر ڕوون دەکاتەوە:

خانوو igdlo

خانوێکی گەورە igdlorssuaq

ئەو خانوێك دروست دەکات igdluliorpoq

ئەو خانوێکی گەورە دروست دەکات igdlorssualiorpoq

ڕستەکە بە قەد - وشەیەکی سەربەخۆ دەست پێدەکات و بە پاشگری ڕاناوی کەسێتی کۆتایی پێدێت.

لەم پۆلێنکردنەی زمانەکان بەگوێرەی تیۆری مۆرفیم، زمانی کوردی لە کامەیانە؟ ئایا زمانی کوردیش وەك زمانی ئینگلیزی هەندێ ئەدگاری چەند

لایەی تێدایە؟! یان تەنها یەك ئەدگاری هەیەو دەكرێ تەنها جۆرە زمانێك بێت و بەس؟

**جۆرەكانی زمان و زمانی كوردی**

## 1ـ زمانی ڕەگ ـ Root

ئەم جۆرە زمانە بەزمانی دابڕاو Isolating زمانی شیكاری – analytic یش ناو دەبرێ. لەم زمانەدا ژمارەی مۆرفیم و وشە بەرانبەر یەكن. مۆرفیمی بەند بە مۆرفیمی سەربەخۆوە نانووسێت. هەندێ توێژەر دەنووسن: هەندێ ناوی كوردی بەشێك لە ئەدگارەكانی ئەم جۆرە زمانەی تێدایە: ئەو ناوانەی تەنها یەك مۆرفیمن:

ـ زستان

ـ شار

ـ پیاو

بەڵام هەبوونی ئەو دیاردەیە تەواو لەگەڵ بنەماكانی زمانی ڕەگ یەكناگرێتەوە چونكە هەتا ئەو وشانەش دەكرێ گیرەك وەربگرن:

زستان + یی = زستانیی

شار + یی = شاریی

پیاو + ەتی = پیاوەتی

لەم ڕوانگەوە ناكرێ كوردی بەزمانێكی ڕەگ یاخود دابڕاو دابنێین.

**2ـ زمانی لكاو یان پێوە نووساو**

لەم جۆرە زمانەدا هەر مۆرفێك morph بەرانبەر مۆرفیمێكە، دەتوانرێت بەئاسانی بەشەكانی یەكسەرو دوا بەش immediate constituent and ultimate constituent دیاری بكرێن.

ئەم ئەدگارەی زمانی لكاو لە كوردیدا هەیە:

ـ دیـ تـ م ەوە

ـ بر د یـ ان ەوە

ـ كوشـ ت یش ان ەوە

ئەم دیاردەی پێوە نووساوی مۆرفیمەكان لەزمانی كوردیدا زۆر باوە، بەڵام زمانی لكاو هەر تەنها ئەو ئەدگارەی نییە، بەڵكو زمانێكی وەك زمانی

تورکی دیاردەی گۆڕانی مۆرفۆنیمیکی بۆ گونجاندنی هارمۆنی ڤاولی تێدایە، کەچی ئەمە لەزمانی کوردیدا نییە.

## 3ـ زمانی ئاوێتەبوو ـ تێکچڕژاو

تێکەڵبوونی مۆرفیمە بەندەکان لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆ بەجۆرێکە کە تەنها بەو (یەکە زمانەوانییە) ڕستەیەك دروست دەبێ، ئەم دیاردەیە لەکوردی ئەوکاتە دەبێ کە ڕەگی وشەکە کردار بێت، نەك بەشێکی تر لە بەشەکانی ئاخاوتن:

ـ ڕۆیشتنەوە

ـ دەیانکوژینەوە

کەچی لەزمانێکی وەك زمانی (ئەسکیمۆ) ئەم دیاردەیە لە (ناو)یش هەیە، نەك هەر تەنها تایبەت بێت بەکردارەوە. ئەم دیاردەیە لەزمانی عەرەبیش هەیە، وەك:

ـ فسیکفیکهم

لەم جۆرە زمانەدا، دیاردەی تێکەڵبوونی یان ئاڵۆزبوونی بکەرو بەرکاری لێدەکەوێتەوە تەواو ڕوون نییە، کە مۆرفیمە بەندەکان بکەرن یان بەرکار:

ـ کوشتمن

ـ کوشتنم

ـ کوشتیانم

## 4ـ زمانی مۆرفیمی و نێوگر

هەندێ ئەدگاری ئەم جۆرە زمانە:

1ـ ناسنامەی بکەرو بەرکار... هتد. بە مۆرفیم دیار ناکرێ، بەڵکو بە هەندێ هێما دیاری دەکرێ و (سەر) و (ژێر) و (بۆر) لە عەرەبی ئەم دیاردەیە تەواو هەژموونی بەسەر زمانەکەدا هەیە کەچی لەکوردی دا نییە.

2ـ ڕێکەوتی ڕێزمانی و جێندەری

لەعەرەبی و فەرەنسی و ئەڵمانی ئەم دیاردەیە زۆر باوە، لە کوردیش هەیە، بەڵام جێندەری عەرەبی و فەرەنسی زۆر لە هی کوردی بەهێزترە، چونکە لە کوردی زیاتر لە گیرەکەکان دەردەکەوێ (ئەویش لە کرمانجی سەروو)، کەچی لە عەرەبی لەناو وشەکەش هەیە. لە کرمانجی سەروو ڕستەی:

ـ گوتمێ

لێڵی دروست دەکات، چونکە تەواو جێندەرەکە پیشان نادات، هەرچەندە (ـ ێ) بۆ (مێ)یە.

ڕێکەوتی ڕێزمانی بەهۆی ڕاناوی لکاوەوە لە ڕابردوو و رانەبردوو دەردەکەوێ.

من چووم.

من دەچم.

تۆ چووی.

تۆ دەچی.

زمانی عەرەبی تایبەتمەندییەتی تری هەیە، کە لەزمانی کوردی دا نییە، ئەویش ئەوەیە کە پێکهاتەی ڕەگی وشەکانیان کۆنسەنەنتە بەهۆی ناوگرەوە وشەی تر دروست دەکرێت:

قتل = ق ت ل ـ ناو

قَتَلَ قە تە لە : کردار ـ رابردوو ـ تێپەڕ ـ دیار

قُتلَ قو تیـ لە : کردار رابردوو نادیار

قاتَلَ قا تە لە : کردار

قاتل قا تیـ ل = ناو

هەرچەندە زمانی کوردی هەندێ ئەدگاری زمانی ڕەگ و زمانی پێوە نووساوی هەیە، بەڵام زیاتر دەکەوێتەوە ناو بازنەی زمانەکانی وەك (Nootka) باکووری ئەمریکاو ئوسترالیاو ئەسکیمۆ، بەوەی تەنها لەوشەیەك دەکرێ پۆلێك مۆرفیم گردبکرێنەوەو هەموو پێکەوە بنووسرێن. ئەو جۆرە زمانەش هەندێك بە incorporating ناوی دەبەن، هەندێك بە polysynthetic بەسەدان نموونە لەزمانی کوردی هەیە:

ـ دەتانبەمەوە.

ـ ڕامانەسپاردبوویت.

ـ هەڵمانەگرتبوونەوە.

ـ دایاننەگرتبۆوە.

ـ بزربووبوونەوە.

تیۆری مۆرفیم نەیتوانی زمانەکان بە پێی مۆرفیم پۆلێن بکات، چونکە بەڕاستی هیچ زمانێك هەتا زمانی (ماندارین) جۆرێکی مۆرفۆلۆژی پاك نییە، بەڵکو هەندێ ئەدگار هەیە لەهەموو جۆرە زمانەکاندا هەریەکەو بەرێژەیەك هەیە.

زمانێکی وەك زمانی ئینگلیزی ئەدگاری هەرسێ جۆرە سەرەکیەی زمانەکانی تێدایە. جا چۆن دەکرێ لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفیم زمانی ئینگلیزی پۆلێن بکەین؟!

لەپاش بێ ئەنجام بوونی تیۆری مۆرفیم بۆ پۆلێن کردنی زمانەکان، دوو جۆر پۆلین کردنی تر کاریان لەسەر کراوە: یەکەمیان پۆلێن کردنی زمان بەگوێرەی ئەدگاری فۆنۆلۆژی. دووەمیش پۆلێن کردنی زمان بەگوێرەی پێکهاتەی ڕستەسازی.

دابەشکردنی زمانەکان بەگوێرەی ئەدگاری فۆنۆلۆژی هێندە جێگەی سەرنجی زمانەوانان نەبوو، بۆیە زیاتر جەخت لەسەر پێکهاتەی ڕستەسازی زمانەکان کراوەو دەکرێ بۆ پۆلێن کردنی زمانەکان، ئامانجەکی باشتری هەبێ لەوەی تیۆری مۆرفیم.

**سێیەم: بنچینەی ڕیزبوونی وشەکان پێکهاتەی ڕستەسازی**

بەشێوەیەکی گشتی زمانەکان لەڕووی پێکهاتەی ڕستەسازییەوە بۆ شەش جۆر پۆلێن دەکرێن:

1ـ بکەر + بەرکار + کار

2ـ بکەر + کار + بەرکار

3ـ کار + بکەر + بەرکار

4ـ کار + بەرکار + بکەر

5ـ بەرکار + کار + بکەر

6ـ بەرکار + بکەر + کار

لەڕووی پراکتیکەوە، ئەو زمانانەی دانە وشەی یەکەمیان بکەرە (ئەوەی یەکەم و دووەم) زۆر لەوانە باوترن کە یەکەم دانە وشەیان کارە (سێیەم و چوارەم) هەرچی ئەوانەن.

کە دانە وشەی یەکەمیان بەرکارە بەشی پێنجەم و شەشەم، ئەوە زۆر دەگمەنن.

ئەم جۆرە پۆلین کردنە کار لەسەر ریزبوونی وشەکان دەکات، جا هەر زمانێك بۆ نموونە، پەیڕەوی (بکەر + کار + بەرکار) بکات، ئەوە بەو گروپە دانەنرێن با لەهەمان خێزانی زمان نەبن. لەم ڕوانگەوە هەر سێ زمانی ئینگلیزی و چینی و تای، کە نە لەڕووی مێژووییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەروەها نە هەمان سیستەمی مۆرفیمیان هەیە، بەڵام هەرسێك ڕستە لەسەر بنەمای (بکەر + کار + بەرکار) پێکدەهێنن، بۆیە هاوگرووپ دەبن. کەچی، هەرچەندە ئینگلیزی و کوردی سەر بەهەمان خێزانی هیندو ئەورووپین هەروەها لەهەندێ سیستەمی مۆرفیمیش پێکدەگەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پێکهاتەی ڕستەسازیان جودایە، بەدوو زمانی جودا لەیەکتر دادەنرێن.

زمانی ئەڵمانی لە پێکهاتەی ڕستەی سەرەکیدا وەك ئینگلیزی وایە، بەڵام لە پاڕستەدا وەك کوردی وایە:

**ـ سەگەکە مراوییەکەی کوشت.**

ئەم رستەیە لە ئینگلیزی و ئەلمانی ئەوهایە:

**سەگەکە کوشتی مراوییەکە.**

بەڵام ئەگەر ئەم رستەیە لە ئەڵمانی بکرێتە پارستە، ئەوە وەك کوردی دەنووسرێت: بکەر + بەرکار + کار

**بیستم کە سەگەکە مراوییەکەی کوشت.**

بەزاندنی ئەم ریزبوونە وا لەزمانی ئەلمانی دەکات، کە سەر بەهەردوو جۆرەی SOV ، SVO بیت. ئەمەش ئارێشەیە، گومان لەم جۆرە پۆلین کردنە دروست دەکات.

زمانی عەرەبی یەکێ لەو زمانانەیە کە ڕستە لەسەر بونیادی VSO دروست دەکات، وەك:

ـ ضربَ المعلمُ الطالبَ.

بەڵام بە دەیان ڕستە لەزمانی عەرەبیدا هەن، کە پەیڕەوی VSO ناکەن، ئەوەتە ئەم ئایەتە لە قورئانی پیرۆز لەسەر بونیادی VOS هاتووە:

ـ انما یخشی اللهَ من عبادە العلماءُ

ئەمەو، زمانی عەرەبی و وێلزی هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی و هاوسێی و مۆرفیمیان پێکەوە نییە کەچی هەردوو زمان پەیڕەوی VSO دەکەن.

Killed the dog the duck. (welsh)

(عربی) قَتَلَ الکلبُ البطةَ.

هەروەها زمانی تورکی و کوردی نە لەڕێگەی بنچینەیی مێژووییەوە لەیەك نزیکن وە نە لەڕێگەی بنچینەیی مۆرفیمییەوە، کەچی هەردووك پەیڕەوی SOV دەکەن، هەروەها هەردووك وەك دوو زمانی پێکەوە نووساو لە وەرگرتنی مۆرفیمی لکاو ڕەفتار دەکەن:

gorürüm ـ دەبینم

gördüm ـ دیتم

لەزمانی لاتینی و کوردیدا دیاردەی دیار نەمانی ڕاناوی بکەر هەیە، لەزمانی لاتینی ڕستەی ـ (cano) زۆر باوتربووە لە ڕستەی egocano، لەکوردیش بەهەمان شێوە ڕستەی (گۆرانی دەڵێم) زۆر باوترە لەڕستەی (من گۆرانی دەڵێم)، ئەم دوو ڕستەیەش لەڕووی پێکهاتەو واتاوە هەمان دوو ڕستەکەی زمانی لاتینین، ئەمەش کێشەیەکی دی ئەو جۆرە پۆلێن کردنەیە، چونکە ئەگەر لە لاتینی و کوردی ڕاناوی بکەر لاببەین، هەردوو دەبنە گرووپی : OVS

cano ـ گۆرانی دەڵێم

بەڵام ئەگەر ڕاناوەکە لانەدەین (کە دەکرێ)، دەبنە گرووپی SOV

من گۆرانی دەڵێم

Ego cano

**کورتەی باسەکە**

لەم کورتە نووسینەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

1ـ بەگوێرەی زمانەوانی بەراورد، دەتوانین زۆر خاڵی لەیەك جیاواز و وێکچوو لەنێوان زمانەکان دیاری بکەین.

2ـ هیچ دوو زمان لەدنیادا وەك یەك نین.

3ـ هیچ زمانێك پاك ـ pure نییە.

4ـ هەرسێ تیۆری (هاوڕەسەنی) و (مۆرفیم) و (پێكهاتەی ڕستەسازی) تەواو زمانەکانی جیهان لەیەك جیا ناکانەوەو ناتوانن ناسنامەیەکی ڕاست و دروست بۆ زمانەکان دروست بکەن.

5ـ لەهەرسێ تیۆردا مرۆڤ ناچار دەبێ تەواو ملکەچی ئایەتی (اختلاف السنتکم) ببێت، چونکە ئەمە ئایەتی خودایە، دەبێ زمانەکان لەیەکتر جیا ببن، هەرچەندە لەهەندێ ڕووخساردا بەیەك بچن.

**سەرچاوەکان**


1- Aitchison, j. 1993 Linguistics.

2- Alexandar, C. G. 1988. Longman English Grammar.

3- Aronoff, M and Kirsten fudeman 2005 what is morphlogy?

4- Crystal, D. 1993. An Encyclopedic Dictionary of language and languages. Oxford.

5- Horsey, R. 2001. 101 Key ideas Linguistics. London.

6- Katamba, F. 1993. Morphology, London.

7- West. F. 1983. The way of language.


د. وریا عومەر ئەمین یەکەم توێژەرە کە باسی تایپۆلۆژیای زمانی کوردی کردبێت، لەساڵی 1976 لە پەرەگرافێك ئاماژە بەوە دەکات کە کوردی زمانێکی (Agglutinative)ە، هەروەها لە وتارێکدا دەنووسێ کە کوردی زمانێکی (Polysythetic)ە.

ماستەرنامەکەی د. وریا بە ناوی

Some fundamental Rules of Kurdish syntax

لەساڵی 1976 لەزانکۆی لەندەن تاوتوێکراوە، سەلام ناوخۆش لەئینگلیزی وەریگێڕاوە بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە.

**لێکۆڵینەوە**

# ڕێزمانی قوتابخانەکان و سەر لە قوتابی شێواندن

**سەباح مەجید**

**ڕێزمان چییە؟**

ئەگەر ڕێزمان بریتی بێت لە یاسا و دەستوورەکانی زمان، ئەوە ڕێزمانی کوردی بریتی دەبێت لە یاسا و دەستوورەکانی زمانی کوردی. هەروەها بەهەمانشێوە ڕێزمانی عەرەبی بریتی دەبێت لە یاسا و دەستوورەکانی زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکەش بەهەمانشێوە.

ئەگەر سەیری وشەی (ڕێزمان) بکەین، ئەوە دەبینین کە لەڕووی ڕۆنانەوە وشەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە وشەی (ڕێ) و وشەی (زمان). بەهەدووکیان وشەی لێکدراوی (ڕێزمان)یان دروستکردووە. لێرەدا وشەی (ڕێ) بەواتای ڕێگا دێت و (زمان)یش واتاکەی ڕوون و ئاشکرایە، واتە: وشەکە واتای (ڕێگای زمان) دەگەیەنێت، کە مەبەست لە ڕێگاش یاسا و دەستوورەکانی زمانە، کەواتە ڕێزمان، واتە: (ڕێگاکانی زمان) و (یاسا و دەستوورەکانی زمان).

ئەی ئەوانەی ئەو یاسا و دەستوورانەی زمان دادەنێن یاخود راستتره بلێین ئەی ئەوانەی یاسا و دەستوورەكانی زمان دیاریدەكەن كێن؟ ئەوانەی یاسا و دەستوورەكانی زمان دیاریدەكەن پێیاندەگوترێت (زمانەوان)، زمانەوان ئەو كەسەیە كە كاری دەستنیشانكردن و دۆزینەوەی یاسا و دەستوورەكانی زمانە. بۆیەش دەڵێین دەستنیشانكردن و دۆزینەوەی یاسا و دەستوورەكان و ناڵێین دانانی یاسا و دەستوورەكان، چونكە لەڕاستیدا

زمانەوان یاسا و دەستوور دانانێت، بەڵكو هەموو زمانێك خۆی لە خۆیدا یاسا و دەستووری خۆی هەیە بەبێ ئەوەی كە هیچ زمانەوانێك دەستی تێدا هەبێت. واتە: هەر زمانێك كۆمەڵێك یاسا و دەستووری خۆی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. هەربۆیەشە مرۆڤەكان بەشێوەیەكی خۆكارانە یاسا و دەستوورەكانی زمانەكەی خۆیان بەوپەڕی راستی و دروستییەوە بەكاردەهێنێت، ئەوان هەڵە ناكەن، بەڵام زۆرجاران زمانەوانەكان سەرچیغ دەچن و بەهەڵە یاسا و دەستوورەكان دەستنیشان دەكەن. گەر سەیری مرۆڤی كورد بكەین، دەبینین هەموو كوردێك بەبێ كێشە و بەبێ هەڵەش قسەدەكات و سەرجەم یاسا و دەستوورەكانی زمانی كوردی لە قسەكردندا بەكاردەهێنێت، ئەمەش بەبێ ئەوەی هەڵە بكات، هەڵبەت ئەمەش لە كاتێكدایە كە تەنانەت ئەگەر كوردێكی ئەم كوردستانە رێزمانیشی نەخوێندبێت..دیسانەوە هیچ هەڵەیەك ناكات.

با پیرەمێردێكی نەخوێندەواری كورد بە نموونە وەربگرین، دەتوانین لە پەنای سێبەری مزگەوتێكدا یان لەژێر سێبەری درەختێكدا لە پیرەمێردێك وردببینەوە كە بۆ نموونە یاری (دامە) دەكات. تۆ لە قسەكانی ورد بەرەوە و بزانە چۆن رێزمان بەبێ هیچ هەڵەیەك لە قسەكردندا بەكاردێنێت! كە تەنانەت رەنگە هەر گوێشی لە وشەی رێزمان نەبووبێت. لێی وردبەرەوە كە لەبەرامبەر پیرەمێردێكی دیكەدا دانیشتووە و سەرقاڵی دامەكردنی خۆیەتی.. گوێت لێی دەبێت بە بەرامبەرەكەی دەڵێت ((ئەم بەردە بخۆ!)) ئەو فەرمان بەبەرامبەرەكەی دەكات و كاری داخوازی بەكاردێنێت، ئەمەش بەبێ ئەوەی یاساكانی كاری داخوازی خوێندبێت یان بزانێت. جگە لەمەش لە رێزمانی كوردیدا ئەگەر رەگی كار كۆتایی بەپیتی بزوێن هاتبێت كە لەم

کارەدا ڕەگی کاری (خواردن) کە (خۆ)یە و کۆتایی بەبزوێنی (ۆ) هاتووە و لەم بارەشدا جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك کە ئەرکی کارا دەبینێت، دەرناکەوێت، چونکە دوو پیتی بزوێن لەدوای یەکتردا نایەن، لەبەرئەوەی لەکاتی دەربڕینی پیتی بزوێن دەمی مرۆڤ کراوەیە بۆیە ناتوانێت دوو پیتی بزوێن لەدوای یەکتردا بەکاربهێنێت. ئەم پیرەمێردە بێئاگایە لەم شتانە! بەلاّم سەد دەر سەد لە قسەکردندا بەڕاستی و دروستی بەکاری دەهێنێت و هەڵەشی تێداناکات!! هەر ئەم پیرەمێردە ڕەنگە بە بەرامبەرەکەی بڵێت ((چەند بەردت خواردووە؟)) ئەو ڕستەیەکی پرسیاریت بۆ دروستدەکات بەهۆی ئامرازی پرسی (چەند) کە بۆ ژمارە بەکاردێت،بەلاّم خۆ ئەو نازانێت ڕستەی پرسیاری بە چەند شێوە یان بەچەند ڕێگا دروستدەکرێت؟ بەلاّم دیسانەوە بەبێ هەڵە قسەی پێدەکات. ئەمە لەکاتێکدا کە ڕەنگە داوای لێبکەیت ناوی خۆی بنووسێت، نەزانێت! دیسانەوە هەمان پیرەمێرد ڕەنگ بێت لە بەرامبەرەکەی تووڕەبێت..بەتایبەتی ئەگەر بەرامبەرەکەی پێی بڵێت (هەی دامە نەزانە) کە پیرەمێردەکان زۆر ڕقیان لەم ڕستەیە و پێیاننناخۆشە و لەم کاتەدا ڕەنگە سووربێت لەسەر ئەوەی یارییەکە بباتەوە و بە بەرامبەرەکەی بڵێت ( ئەگەر لێم نەبردیتەوە، ئەم قۆڵەی خۆم دەبڕم!) ئەم پیرەمێردە ڕستەیەکی ئاوێتەی مەرجیت بەهۆی ئامرازی لێکدەری مەرجی (ئەگەر) بۆ دروستدەکات. ئەمە لەکاتێکدا کە وەك جارانی پێشوو بێئاگایە لە ڕستەی ئاوێتە و ئامرازی لێکدەری مەرجی، بەلاّم هەر بەبێ هەڵە بەکاری دەهێنێت. واتە: مرۆڤەکان لە قسەکردندا هەڵە ناکەن و ڕێزمانێکی بێ هەڵە و خەوش بەبێئاگایی خۆیان بەدروستی دەزانن. ئیدی زمانەوانەکان یاسا و دەستووری زمانەکان دەدۆزنەوە. واتە: ئەوان یاسا و دەستوورەکان دانانێن، بەڵکو تەنها و تەنها دەیاندۆزنەوە، بەلاّم زۆرجاران زمانەوانەکان بەهەڵەدادەچن و نیشانە ناپێکن. زمانەوانەکان هەڵەدەکەن لە دۆزینەوەی یاسا و دەستوورەکانی زمان، بەلاّم تەنانەت پیرەمێردێکی نەخوێندەواریش لە قسەکردندا هەڵە ناکات.

زمانەوانەکان لەپێناو ئاشنابوونی هاوزمانانیان بەیاسا و دەستووری زمانەکەیان کاردەکەن و شەونخونی دەکێشن..ئەمەش بایەخ و گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتیش بۆ ئێمەی کورد هەر زۆر گرنگە، چونکە ئێمە گەلێکین کە تاکو ئێستا قەوارەیەکی سەربەخۆمان نییە و تا ئێستاش هەوڵ و هەڕەشەکان بەمەبەستی لەناوبردنی زمانەکەمان لەئارادایە..بەسڕینەوەی زمانیشمان، ناسنامەشمان لەدەستدەدەین، بۆیە هەرچەندە کە مرۆڤ –وەك ئاماژەمان بۆکرد– هەموویان لە قسەکردندا بێکێشە و هەڵەی ڕێزمانی مامەڵە لەگەڵ زمانی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیدی ئێمە دەست لەئەژنۆ دانیشین و دەستبەرداری ڕێزمان و دەستنیشانکردنی یاسا و دەستوورەکانی زمانەکەمان بین، نەخێر..بەڵکو ئەمە لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا ئەرکێکی نیشتمانی گەورەیە.

## ئامانج لە ڕێزمانی قوتابخانەکان چییە؟

کاتێك لە قوتابخانەکاندا ڕێزمان دەخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، هەڵبەت دەبێت ئامانجێکی لەپشتەوە بێت، چونکە نالویێ هیچ بابەتێك بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە و ئامانجێکی دیاریکراوی نەبێت! لە کوردستاندا قوتابی هەر لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتییەوە ڕێزمان دەخوێنێت تاکو قۆناغی ئامادەیی و بگرە زانکۆش تەواو دەکات..ئەمەش لەپێناو ئاشنابوونی قوتابیانی کوردە بە یاسا و ڕێساکانی زمانی دایك. ئەمە وێڕای ئەوەی کە هەر لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە هێدی هێدی و هەنگاو بە هەنگاو چەند شتێك لەبارەی ڕێزمانەوە دەخوێنێت و فێردەکرێت. ئەگەر دوورتریش بڕۆین، دەتوانین بڵێین کە تەنانەت هەر لە باخچەی ساوایانەوە قوتابیان ئاشنای ڕێزمان دەکرێن، بۆنموونە.. فێری پیتەکانی زمانی کوردی دەکرێن. دیارە کە پیتیش بچووکترین یەکەی زمانە. ئیدی ساڵ لەدوای ساڵ قوتابیان بەشێوەیەکی فراوانتر ئاشنای زمانەکەیان دەکرێن، بەڵام وەك پەرتووك ئەوە لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتییەوە پەرتووکێکیان پێدەدرێت کە لەسەری نووسراوە (ڕێزمانی کوردی). ئیدی لەوێوە بەشێوەیەکی چڕوپڕتر قوتابیان ئاشنای یاسا و دەستوورەکانی زمانی کوردی دەکرێن هێیدی

هێدی فێری ناو و هاوەڵناو و هاوەڵکار و ئامرازی پەیوەندی.....تاد دەکرێن. ئەمەش بەئامانجی ئەوەی کە قوتابیان زانیارییەکی تەواویان سەبارەت بە زمانەکەی خۆیان هەبێت و لە تەواوی یاسا و ڕێساکانی زمانەکەیان ئاگاداربن، نەك هیچ لەبارەی زمانی دایك نەوانن و بێئاگا بن. بۆیە ئەرکی زمانەوان زۆر گرنگە و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لە ئەستۆدایە، چونکە ئەو لیژنانەی کە ڕێزمانی قۆناغە جیاجیاکانی قوتابخانە دادەنێن پشت بە بیوبۆچوونی زمانەوانەکان دەبەستن بۆ دانانی ڕێزمانێکی گونجاو بۆ هەر قۆناغێك. لەبەرئەوە نابێت زمانەوان سەرپێیانە یاسا و دەستوورەکانی زمان بخاتەڕوو یاخود دیارییبکات، چونکە ئەگەر خوانەخواستە زمانەوانەکان هەڵەیەك بکەن، ئەوە ڕەنگە نەوەیەك لەبارەی ڕاستی و دروستی یاسا و دەستوورێك بەهەڵەداببەن! بۆیە ئەرك و کاری زمانەوانەکان زۆر سەخت و دژوارە و چارەنووسی نەوەیەکی پێوەبەندە. هەروەها ئەو لیژنانەی کە ئەرکی دانانی ڕێزمانی قۆناغێکیان دەکەوێتە ئەستۆ دەبێت زۆر شارەزا و پسپۆڕ و کارامەبن و تەنانەت ئەوانیش زمانەوانی سەرکەتووبن و هەموو شتەکان بەوردی و بەوپەڕی ڕاستییەوە بخەنە بەردەست قوتابیانەوە. نەك وەك لیژنانەی ئەمڕۆ کە ڕێزمان و بگرە زمانی کودیشیان شێواندووە! هەر لەبەرئەمەش کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە مشورێك لەم بابەتە بخوات و کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێت، پێویستە وەزارەت کەسانێك لە لیژنەکان دابنێت کە خەمخۆری زمان و قوتابیان بن و لەئاستی پێویست دابن، نەك هەندێك لە لیژنە دابنێت کە تەنها و تەنها ناوەکەی لە ریزی ئەندامانی لیژنەی پسپۆڕ بنووسرێت و بە تاکە وشەیەکیش بەشداری لە دانانی پەرتووکی ڕێزمان نەکردبێت؟!

### ئەو ڕێزمانانەی لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێن

دوای ئەوەی بەخێرایی ڕۆشناییمان خستە سەر ڕێزمان و ئامانجی ڕێزمانی قوتابخانە، ئێستا دەپرسین ((ئایا ئەو ڕێزمانانەی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەخوێنرێن تاچەند ڕاست و دروستن و خزمەت بە زمانی کوردی

و تاکی کورد دەکات؟)) ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە هۆکاری سەرەکی نووسینی ئەم پەرتووکەی بەردەستت بێت، چونکە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەو ڕاستییەمان دەگەیەنێت کە ئاخۆ تاچەندە نەوەی نوێ بەڕاستی و دروستی بەیاسا و دەستوورەکانی زمانی دایك ئاشنادەبن؟ ئاخۆ تاچەند قوتابیان بەهۆی ڕێزمانی قوتابخانەکانەوە ئامانجی سوودمەندبوونە! ئایا ڕێزمانی قوتابخانەکان ئامانجی تەوەرەیی خۆی بەدیدەهێنێت؟ یاخود بەپێچەوانەوە تەنها سەر لە قوتابیان و نەوەی دوارۆژ دەشێوێنێت و ئاشنایان دەکات بە شتە هاودژەکان! ئایا تاچەند ئەو لیژنانەی کە پەرتووکی ڕێزمانی کوردی بۆ قوناغە جیاجیاکان دادەنێن، لە ئەرك و کارەکانیاندا سەرکەوتوون؟

## پێناسەیەك بۆ ڕێزمان

بەر لە هەر شتێك، نە لە قۆناغی بنەڕەت و نە لە قۆناغی ئامادەیی تەنانەت بە یەك دێڕیش کورتە پێناسەیەکی ڕێزمان بۆ قوتابیان نەکراوە! قوتابیانی قۆناغی بنەڕەت و ئامادەیی ڕێزمان دەخوێنن و لە هیچ قۆناغێك و پۆلێکیشدا پێناسەی ڕێزمانیان بۆ نەکراوە، زۆبەی مامۆستایانیش لە ئەمڕۆدا پێناسەی ڕێزمان بۆ قوتابیان ناکەن. واتە: قوتابیان ڕێزمان دەخوێنن بێئەوەی جارێ بزانن (ڕێزمان) چییە! ئەمەش شتێکی سەیرە، چونکە بۆ نموونە ناکرێت تۆ باسی کەسێك بکەیت کە نەتناسیبێت..ئەمە وەك ئەوە وایە کە توێکاریی پزیشکی بەکسێك بکەیت بسپێریت کە جارێ نەزانێت توێکاریی چییە! بۆیە پێویستە لەکاتێکی زوودا و هەر لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتییەوە پێناسەیەکی ڕێزمان بۆ قوتابیان بکرێت. لە بابەتی (ئەدەب)دا ئەم پێناسە هەیە، بەڵام دیسانەوە لە قۆناغێکی درەنگدا کە لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتییدایە. ئەمە لەکاتێکدا کە قوتابیان هەر لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی هۆنراوە ئەزبەردەکەن کە بەشێکە لە دوو بەشە سەرەکییەکەی ئەدەب.

بۆیە پێویستە ئەم هەڵە ئاشکرایە ڕاستبکرێتەوە و قوتابیان هەر لە زووەوە فێری پێناسەی ڕێزمان بکرێن، چونکە ناکرێت بەبێ پێناسەکردن، ڕێزمان

بەقوتابیانی هەشبەسەر بخوێنرێت. بەداخەوە چەند کەسانێك کە خۆیان بەپسپۆر و شارەزا ناودەبەن و بیریشیان بۆ ئەم شتە نەچووە و ئەم هەڵە روون و ئاشکرایەیان بەسەردا تێپەڕیوە!

**هەڵەی تێکەڵکردنی رێزمان و ئەدەب**

لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییدا، ئەوە چەندین ساڵە کە هەڵەیەکی زۆر گەورە بە بەردەوامی لە پەرتووکی رێزمانی کوردیدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم هەڵەیەش بریتییە لە تێکەڵکردنی رێزمان و ئەدەب.

بەهیچ شێوەیەك ناشێت و ناگونجێت لە بابەتی رێزماندا هۆنراوە و پەخشان بۆ روونکردنەوەی بابەتەکان بەکاربهێنرێت یان لە راهێنانەکاندا بوونیان هەبێت، رەنگە هەندێك بپرسن: بۆچی؟ لە وەڵامدا دەڵێین چونکە ئەدیبان بەکشتی و شاعریان بەتایبەتی لە نووسینی تێکستی ئەدەبیدا رێزمان تێکدەشکێنن..بەتایبەتیش لە سەردەمی ئەمڕۆماندا شاعیران لە هەمووان زیاتر رێزمان تێکدەشکێنن.

ئەو کاتە شاعیرێك یان چیرۆکنووسێك یان پەخشاننووسێك بەداهێنەر ناوزەد دەکرێت کە زیاتر لە خەمی فەرامۆشکردنی رێزماندا بێت و رێزمان بەهەموو یاسا و دەستوورەکانییەوە تێکبشکێنێت، بۆیە پەسند و شیاو نییە کە دێڕە و هۆنراوە و تێکستی پەخشان لە پەرتووکی رێزماندا بوونیان هەبێت. بۆ نموونە لە رێزمانی کوردیدا یاسایەکی گشتی هەیە کە لە سەرەتای رستە (کارا–بکەر) دێت و دواتر بەرکار و تەوکەری بەیاردە و هاوەڵناو و ...تاد، لە کۆتاییشدا (کار) دێت.

واتە بەمشێوەیە: ((کارا+ بەرکار و تەواوکەرب بەیاریدە و....و...+کار))

بەڵام شاعیر باوەڕی نە بەمە و نە بەهیچ یاسایەکی دیکە هەیە، چونکە ئەو بە بوونی یاسا و رێساکان واهەستدەکات کە دەخرێتە بازنەیەك یان گرتووخانەیەك، بۆیە بە یاسا و رێساکان پابەند نابێت، هەر لەبەرئەمەش کە بەدڵی خۆی لەجیاتی ئەوەی کار لە کۆتایی بەکاربهێنێت، ئەوە دەیهێنێتە سەرەتاوە کە دیارە هاتنی کاریش لە سەرەتاوە زیاتر لە رێزمانی زمانی عەرەبییەوە بەدی دەکرێت.

سەیری ئەم دێڕە هۆنراوەیە بکە کە کار لە سەرەتای دێڕە هۆنراوەکەدا هاتووە:

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و رۆحی شیرینم نەهات

..........................................

بەڕاستی تێکەڵکردنی رێزمان و ئەدەب بەلای منەوە رێك وەك تێکەڵکردنی دۆ و دۆشاو وایە، کە دیارە بە تێکەڵکردنی ئەم دووانە شتێك دروست نابێت کە ببێتە مایەی رەزامەندی هیچ بخوێنێك، بۆیە پێویستە هەرچی زووە ئەو نموونە شیعرییانەی کە لە بەشی رێزماندا هێنراون یان ئەو پارچە پەخشانانەی کە بۆ روونکردنەوە هێنراون یان لە راهێنانەکاندا هەن، لابرێن، چونکە ئەمە لەبری ئەوەی سوود بە قوتابیان بگەیەنێت زیانیان پێدەگەیەنێت و رێزمان و زمانەکەی خۆیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

## شیکردنەوە یان شلۆڤەکردن پێویست ناکات

ئاشکرایە کە هەر زمانێك سەر بە کۆمەڵە زمانێکی دیاریکراوە. زمانی کوردیش سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆ–ئەوروپییە، لەم کۆمەڵە زمانەشدا شیکردنەوە نییە. تەنها ئێمەی کورد شیکردنەوەمان هەیە، ئەمەش هۆکاری یەکەمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد چەندین ساڵە لەژێر چەپۆکی داگیرکارانی عەرەبدا بووە و زمانی کوردیش بەردەوام کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەربووە. لە زمانی عەرەبیدا کە سەر بە کۆمەڵە زمانی (سامی)یە، شیکردنەوە هەیە. ئیدی ئێمەی کوردیش لەژێر کاریگەری داگیرکاری عەرەب و زمانی عەرەبیدا شیکردنەوەکان بەسەر خۆمانەوە کردۆتە بار، چونکە وەك گوتم هیچ زمانێکی سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆ–ئەوروپی شیکردنەوەی تێدا نییە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات وەزارەتی پەروەردە شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا نەهێڵێت، چونکە ئەمە کاریگەریی نەرێنی بەسەر زمانی کوردیدا هەیە. شیکردنەوە تاکو ئێستا بەشێکی زۆری لە زمانی کوردیدا بە تەعریبکراوی هێشتۆتەوە. بۆ نموونە ئەگەر عەرەبێکی فاشیست بیەوێت زمانی کوردی بەراوورد بکات لەگەڵ زمانی عەرەبیدا ئەوە دەتوانێت سوود لە شیکردنەوە وەربگرێت تاکو بۆچوونێکی فاشیستانەی

خۆی لەبارەی زمانی کوردییەوە، بخاتەڕوو. بۆیە شیکردنەوەی لەناو بابەتی ڕێزمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بەپێویست نازانێت، مەبەستمان ئەوەیە کە نابێت چیدیکە وەك عەرەبەکان مامەڵە لەگەڵ شیکردنەوەدا بکەین. ئەگەر سەیری زمانی ئینگلیزی بکەین، دەبینین شتەکان زۆر سادە ساکار و کاڵن، کەچی زمانی ئینگلیزی لە تەواوی جیهانیشدا بەپلەی یەکەم دێت! با ئێمەش شتەکان بە سادە و ساکاری بۆ قوتابیانمان بخەینەڕوو، نەك شتەکانیان لەسەر سەخت و قورس بکەین و زمانی کوردیشیان لەبەرچاو بخەین.

ڕەنگە هەندێك کەس هەبن لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ئێمەدا هاودژبن و پێیانوابێت کە شیکردنەوە زیانی بۆسەر زمانی کوردی نییە و بەڵکو سوودیش بە زمانی کوردی دەگەیەنێت و بە سەرچاوەی دەوڵەمەندی زمانی کوردیشی بزانن، بەڵام من هەرگیزاو هەرگیز بەم نزایە نابێژم: ((خودایە لێمانی وەربگرە)). چونکە یەکێکە لە هەڵە گەورە و کوشندەکان و کاریگەریی زۆر خراپی بۆسەر زمانی کوردی دەبێت و دەتوانم بە یەکێك لە کلتوورەکانی بەعسی گۆڕبەگۆڕی ناوبنێم، بۆیە پێموایە دەبێت کە زۆر بەپەلە بنبڕبکرێت، چونکە بەر لە هەرشتێك ڕەسەنایەتی زمانی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەبەرئەوەی وەك پێشتریش ئاماژەم بۆکرد کە شیکردنەوەی لە زمانەکانی سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆ– ئەورووپیدا نییە و تەنها لە کۆمەڵە زمانی (سامی)دا هەیە کە لەژێر کاریگەری داگیرکاری عەرەب و ئاینی ئیسلامەوە هاتۆتە ناو ڕێزمانی زمانی کوردییەوە، بۆیە پێویستە شیکردنەوە فرامۆشبکرێت و چیدیکە سەری خۆمان و قوتابیانیشی پێنەهێشێنین.

## هەڵەی ڕێزمانی لە ڕێزماندا

لە پەرتووکی قوتابخانەکاندا نابێت بەهیچ شێوەیەك هەڵە بەدی بکرێت، جا ئەم هەڵەیە هەڵەی چاپ بێت یان هەر جۆرە هەڵەیەکی دیکە، بەڵام لە پەرتووکە جیاجیان بەسەدان هەڵە بەدیدەکرێن..پەرتووکی ڕێزمانی کوردی یان زمان و ئەدەبی کوردیش لەم هەڵانە بێبەش نین، بەڵکو چەندەها هەڵەی

چاپ و هەڵەی زانستی بەدیدەکرێن. ئێمە لێرەدا هەڵوەستە لەسەر بابەتی ڕێزمان دەکەین و هەوڵدەدەین زیاتر قسە لەسەر هەڵەکانی نێو بابەتی ڕێزمانی قوتابخانەکان بکەین. لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا هەڵەیەکی زۆر و زەوەندی چاپ بوونیان هەیە کە شتێکی گەلێك نەشیاو و ناپەسندە..بوونی ئەو هەموو هەڵەی چاپە ئەگەر شتێك بگەینێت، ئەوەیش ئەوەیە کە (لیژنەی پسپۆر) لە وەزارەتی پەروەردە بەپێی پێویست گرنگی و بایەخیان بە ڕێزمان نەداوە، ئەوان تەنها و تەنها لەپێناو دەستکەوتێکی ماددی کە لەبەرامبەر پێداچوونەوە و وردبینی و هەڵەچنی..تاد وەریدەگرن، شتەکانیان سەرپێیانە بەڕێکردووە! ئەمە لە کاتێکدا کە پڕۆگرامی خوێندن پشوودرێژی و وردبینی زیاتر و کاتێکی زۆرتریشی دەوێت. بوونی ئەو هەموو هەڵەی چاپە زۆرجار گومانی ئەوەمان لا دروستدەکات کە ئەو کەسەی ئەرکی هەڵچنکردنی بابەتی ڕێزمانی لەئەستۆ گرتووە هەر بەتەنها بە یەك شەو کارەکەی لەکۆڵی خۆی کردبێتەوە! چونکە هەڵەکان زۆرن. ئەمە سەبارەت بە هەڵەی چاپ، بەڵام هەڵەی دیکەی کوشندەتر هەیە کە هەڵەی ڕێزمانییە لەناو ڕێزماندا!! ئەمەیان دەکرێت بە کارەسات ناوی بەرین، لەبەرئەوەی ژیربیژییەکی تێدا نییە کە لەناو ڕێزماندا هەڵەی ڕێزمانی هەبێت. ئەمە وا لە قوتابیان دەکات کە بەچاوێکی نزمەوە سەیری زمانەکەی خۆی بکات. من نایشارمەوە زۆرجار ئەوەندە هەڵەی ڕێزمانیم بۆ قوتابیان دەستنیشان کردووە کە قوتابی وا هەبووە پێمیگوتووە: (( مامۆستا ئەوانەی کە ئەم ڕێزمانەیان داناوە پێدەچێت کە هیچ لە ڕێزمانی کوردی نەزانن، چونکە بەڕاستی هەڵەکان زۆر زۆرن)). گەر سەیری ڕێزمانی هەر پۆل و قۆناغێك بکەین، دەبینین کە لە بابەتێکدا یاسایەك بەجۆرێکە و لە بابەتێکی دیکەدا یاساکە تەواو لە یاساکەی پێشوو جیاواز دەبێت! ئەمە لە کاتێکدا کە یەك بابەت روونکراوەتەوە یان ڕاڤەکراوە. بۆ نموونە لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی بەجۆرێك باس لە (ی) دەکرێت و بە (ئامرازی پەیوەندی) ناودەبرێت، کەچی لە پۆلی دەیەم و یانزەهەم و دوانزەهەمدا ئیدی (ی) بەهیچ شێوەیەك نابێتە (ئامرازی پەیوەندی). ئەم (ی)یە دەبێتە ئامرازی

دانەپاڵ و دەبێتە جێناوی کەسی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك......بەڵام بەهیچ شێوەیەك نابێتە ئامرازی پەیوەندی....
یاخود لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا باس لە (نە–نا–نی) دەکرێت و بە (هاوەڵکاری نەری) ناودەبرێن!! بەڵام دواتر لە پۆل و قۆناغەکانی دیکەدا وەك (نیشانەی نەرێکردن) باسیان لێوەکراوە..ئەمانەش دەبنە هۆی سەرلێشواندنی قوتابیان و بگرە زۆرجار مامۆستایانیش. بەڵام ئەرکی مامۆستایە کە هەڵەکان بەقوتابیان بڵێن، پێویستە پێیان بڵێن ئەمە هەڵەیە و ئاگاداربن، پێویستە پێیان بڵێت کە راستە ئەمە هەڵەیە، بەڵام چونکە لە پەرتووکەکەتدا وا نووسراوە یان وا هاتووە ئەوە لە تاقیکردنەوەکاندا وەك پەرتووکەکەت بینووسە و ئەوکاتیش نمرەت لێناشکێنرێت، بەڵام وریابە هەڵەیە، لەبەرئەوەی پێویستە مامۆستا بە رەش بڵێ رەش و بە سپی بڵێ سپی..بە هەڵە بڵێ هەڵە و بە راست بڵێ راست. من لەم پەرتووکەدا نامەوێت سەرجەم هەڵەکان بخەمەڕوو، چونکە ئەمە بەتەنها پێویستی بە پەرتووکێکە و کات و دەرفەتێکی زۆریشی دەوێت، بەڵام بەشێوەیەکی ئاماژەم بە چەند شتێکی بچووك کرد، کوردیش دەڵێت: ((مشتێك نموونەی خەروارێکە)).

**بوونی چەندەها ناو و هاوواتا**

شتێکی دیکە هەیە کە مایەی سەرلێشواندنی قوتابیانە، ئەویش ئەوەیە کە بابەت و بەشەکانی ئاخاوتن و ئەرکەکانیش کە لەرێزماندا باسیان لێوەکراوە و خراونەتەڕوو، هەریەکەیان چەندین ناویان هەیە. بۆنموونە (بکەر) ناوێکی دیکەی هەیە بەناوی (کارا)..(بەرکار) زۆرجار پێیدەگوترێت (تەواوکەری راستەوخۆ)..(جێناو) (راناویشی دەگۆترێت.. (تەواوکەر) (دیارخەر)شی پێدەڵێن..(کاری ناتەواو) هاوواتایەکی هەیە کە ئەویش (کاری بێهێز)ە..هەروەها (ئاوەڵناو) دەبێتە (هاوەڵناو) و (ئاوەڵکار)یش دەبێتە (هاوەڵکار) و (بکەر نادیار)یش پێیدەگوترێت (کارا نادیار) و ...و...و.....

ئەمانەی ئاماژەمان بۆکرد هەموویان دەبنە هۆی دەردەسەری بۆ قوتابیان و زۆرجاریش بۆ قوتابیانیش دەبنە مایە گرفت. ئەمە لە کاتێکدا شتەکە زۆر ئاسانە و دەتوانرێت زۆر بەسانایی چارەسەبکرێت.

کاتێك مامۆستایان بابەتێکی ڕێزمانی بۆ قوتابیان باس دەکەن، ڕەنگ بێت کاتێکی زۆر لە بەکارهێنانی هاوواتاکان بەکارببات، چونکە وەك گوتمان هەر وشەیەك هاوواتایەکی بۆ بڕیاردراوە. بۆیە گەرەکە ئەم هەموو ناو و هاوواتایە نەهێڵرێن، تاکو چیدیکە سەرلە قوتابیان نەشێوێنرێت. بەڕاستی سەیرە ! تۆ لەکاتێکدا ئەم هەموو هەڵە و کەموکووڕییە لەناو بەشی ڕێزماندا ببینیت و لیژنەیەکیش لاف ئەوەت بەسەرەوە لێبدات کە پسپۆر و شارەزان ! ! ئەمانە ناوی خۆیان ناوە (لیژنەی پسپۆر) ! کە باشتروابوو ناوی خۆیان نابا (لیژنەی سەرلێشێوێنەر) چونکە بەڕاستی ئەوان کە سەریان لە بابەتەکان دەرنەچووە. ئیدی بوونەتە هۆی سەرلێشێواندن.

هەقە بەزووترین کات ئەم هەموو هاوواتا و ناوە جیاجیایانە چارەسەربکرێن، هەقە ئێمە شتەکان لەلای قوتابیان ڕوونتر و ئاشکراتر بکەین، نەك بەپێچەوانەوە. با ئێمە شتەکان بۆ قوتابیان ئاسان بکەین نەك گران..با ڕێگاکان کورت بکەینەوە نەك دوور...

**با دەستبەرداری درێژدادڕی بین**

لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا درێژدادڕی و زۆری و بۆرییەکی زۆر هەیە. هەم ژمارەی بابەتەکانی ڕێزمان زۆرن و هەمیش درێژدادڕی لە ڕاڤەکردن و نموونەکاندا هەیە. ئەم درێژدادڕییەش وەنەبێت کە لە قازانج و سوودی قوتابیان و خزمەتکردنی زمانی کوردیدا بێت، نەخێر..بەڵکو بەپێچەوانەوە قوتابی بەهۆی درێژدادڕییەوە دووچاری بێزاری دەبێتەوە.

ئەوانەی لە لیژنەی پسپۆری سەر بە وەزارەتی پەروەردەوە هەڵساون بە دانان و پێداچوونەوە و بژارکردنەوەی ڕێزمانی قوتابخانەکان، بۆیە پەنایان بۆ درێژدادڕی بردووە، چونکە نەیانتوانیوە شتەکان هەرس بەکەن و خۆیان بەتەواوی تێبگەن، بۆیە ئەو هەموو درێژدادڕییە لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا

بەدی ددەکرێت کە لەبری ئەوەی لە سوودی قوتابیان بشکێتەوە، بەپێچەوانەوە بۆتە هۆکاری سەرەکی بێزاری قوتابیان.

ئەو زۆری و بۆری و درێژدادڕییە وەنەبێت هەر لە بەشی رێزماندا بوونی هەبێت، نەخێر..بەڵکو لە بەشی ئەدەبی کوردیشدا بوونی هەیە. لە بەشی ئەدەبی کوردیدا درێژدادڕییەکی زۆر لە بابەتەکان و هۆنراوە و پەخشان و نموونەی ئەدەبدا کراوە..دیسانەوە لەم بەشەشدا قوتابیان بێزارن و لەو هەموو درێژدادڕی و زۆری و بۆرییە. هەر لەبەر ئەمەشە کە قوتابیان لەجیاتی ئەوەی لە قوتابخانەکاندا خۆشەویستیان بۆ ئەدەب و نووسران و شاعیران و پەخشاننووسانی کورد زیاد بێت، بەپێچەوانەوە رقیان زیاد دەبێت. ئەگەر راپرسییەك ئەنجام بدرێت مە ئاخۆ قوتابیان تا چەند بەهۆی ئەو ئەدەبەی کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا خوێندوویانە، رقیان لە بەرامبەر ئەدەب و نووسەران و شاعیران و پەخشانووسانی کورد لەلا دروستبووە؟ بەدڵنیاییەوە ئەوەکاتە رێژەیەکی یەکجار زۆری قوتابیان هاواریان پێمان دەگات و بێزاریی خۆیان لەبەرامبەر ئەو هەموو زۆری و بۆری و درێژدادڕییە لە ئەدەبی کوردیدا دەردەبڕن، بۆیە گەرەکە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات مشورێك لەم کێشەیە بخوات، چونکە خوێندنی ئەدەب لە قوتابخانەکاندا بۆ خۆشەویستکردنی شاعیران و پەخشاننووسان و ئەدەبی کوردییە لەلای قوتابیانەوە، نەك رقلێبوونەوە..

**لە رێزمانێك زیاتر**

لە هیچ ولاَتێکدا لە قوتابخانەکاندا، لە یەك کاتدا دوو رێزمان ناخوێنرێت! قوتابیان لە یەك کاتدا یاسا و دەستوورەکانی دوو شێوەزار ناخوێنن، بەلاَم لە کوردستاندا لە وانەی کوردیدا زیاتر لە دوو رێزمان دەخوێنێت. رەنگە بپرسیت قوتابیانی کورد لە قوتابخانەکاندا هەر دوو رێزمان دەخوێنن.. رێزمانی شێوەزاری کرماجی ژووروو و رێزمانی شێوەزاری کرمانجی خواروو، بەلاَم ئەگەر سەیری راڤە و روونکردنەوەی بابەتەکانی رێزمان و راهێنانەکان بکەین، دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر لە رستە و هۆنراوەی سەر بە شێوەزارەکانی دیکەش بەدیدەکرێن. من وەك پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد کە

زیاتر دەمەوێ لەسەر ئەو خاڵانە بوەستم کە دەبنە هۆکاری سەرلیشێواندنی قوتابیان، نەك بێم باسی هەر شتێکم کرد و چەندین نوونەی بۆ بهێنمەوە، بەڵام هەندێك جار ناچار دەبم کە ئاماژە بە هەندێك شت بکەم و وەك نموونە بیانخەمەڕوو.

ئەمڕۆ هەوڵدەدرێت رێزمانی قوتابخانەکان نیوەی کرماجی خواروو و نیوەکەی دیکەشی کرمانجی ژوورووبێت، کە دیارە ئەمە مەرامێکی سیاسی لەپشتەوەیە کە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە باسی لێوەبکەین، بەڵام تەنها ئەوە دەڵێین کە نابێت سیاسەت تێکەڵ بە پرۆگرامی خوێندن بکرێت، چونکە سیاسەت پەتایەکی کوشندەیە و پرۆگرتمی خوێندن و بگرە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش لەباردەبات. لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵدەدرێت رێزمانی قوتابخانەکان دابەشی سەر هەردوو شێوەزاری کرمانجی ژووروو و خواروو بکرێت، هاوکات زۆرجار شێوەزاری دیکەش لە پەرتووکی رێزماندا بەدیدەکرێت، جا ئەمە بە ئەنقەست کرابێت یان لە بێئاگاییەوە.. گرنگ ئەوەیە کە بوونی هەیە. بۆ نموونە لە پەرتووکی (رێزمان و ئەدەبی کوردی–پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی)دا لە بەشی رێزمان و لە بابەتی (بڕگە)دا و لە راهێنانی سێیەمدا ئەم نوونە شیعرییە هێنراوەتەوە:

گوڵ چوون روی ئازیز نەزاکەت پۆشان

وەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

ئەم دێڕە هۆنراوەیە بە شێوەزاری (گۆران) نووسراوە، کەواتە: قوتابی وێڕای ئەوەی کە شێوەزاری کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو دەخوێنێت، هاوکات هەندێك جار ناچاردەکرێت کە شێوەزاری دیکەش بخوێنێت. ئێمە دەپرسین: ئەمە لەپای چی؟

رەنگە ئەندامانی لیژنەی پسپۆری سەر بە وەزارەتی پەروەردە پاساویان بۆ ئەمە ئەوە بێت کە ئەوان لە خەمی توانەوەی شێوەزارەکاندا بنـ بەڵام ئەمە پاساو نییە. رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ چەندین ساڵ هەوڵیدا و لەمرووەوە سەرکەوتوونەبوو.. ئیدی ئەمڕۆ ئەو مەترسییە لە ئارادا نییە. ئەگەر ایژنەی پسپۆر و شارەزای سەر بە وەزارەتی پەروەردە وابزانن کە بە تێکەڵکردنی دوو یان سێ شێوەزار لە قوتابخانەکاندا هەنگاوێك لە دروستکردنی زمانی

یەکگرتووی کوردی نزیکمام دەکەنەوە، ئەوە بەدڵنیاییەوە بەهەڵەداچوونە. بەپێچەوانەشەوە.. بەم کارەیان نەك هەنگاوێك، بەڵكو ئێرە و ماڵی خودان تەعالا لە دروستکردنی زمانی یەکگرتوومان دووردەخەنەوە. کێشەی ئێمە ئەوەیە کە کەسانێك لەپەنای لاف و گەزافی نیشتمانپەروەرییەوە خەریکە شیرازەی هەموو شتەکانی کۆمەڵگای کوردی تێکدەدەن کە یەکێك لەمانە سەر لە قوتابی شێواندنە بەهۆی ئەم ڕێزمانە پڕ لە کەموکوڕییە. بەڕاستی جێگەی داخە کە چەند کەسانێك بەناوی پسپۆڕی و شارەزاییەوە خۆیان کردووە بە بار بەسەر شانی قوتابیانەوە. بەڕاستی ئەم لیژنەیە وەك بڵێی لەپێناو دژایەتی کردنی زمانی کوردی و قوتابیانەوەوە دروستکرابێت وایە! بۆ نموونە ڕاهێنانی وایان لە بەشی ڕێزماندا هێناوەتەوە کە من پێموایە ڕەنگە تەواوی ئەندامانی لیژنەی پسپۆڕی سەر بە وەزارەتی پەروەردە



کۆبکەیتەوە نەتوانن شیکاری بکەین! ئەمە لەکاتێکدا کە خۆیان ڕاهێنانەکەیان هێناوەتە ناو پەرتووکی ڕێزمانی کوردییەوە! بەڵام چونکە هەر هەڕەمەکییانە ڕاهێنانەکانیان داناوە و هیچ وردبینییان نەکردووە و بیریان لێنەکردۆتەوە، بۆیە دوای چاپکردنی پەرتووکەکە و گەیشتنی بەدەستی مامۆستایان، ئەوکات ڕاستییەکان دەردەکەون کە ئەو لیژنەیە چەندە بێئاگایانە ڕستە و ڕاهێنانەکانیان خستۆتە بەشی ڕێزمانەوە.

خوێندنی زیاتر لە ڕێزمانێك لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، ستەمێکی ئاشکرایە کە دەرهەق بە قوتابیان کراوە، بۆیە هەقە چیدیکە قوتابیان ناچار نەکرێن کە لە یەك کاتدا زیاتر لە ڕێزمانێك بخوێنن، چونکە ئەم شتە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا نییە و ئەگەر هەشبێت ئەوە حاڵی ئەو شوێنە و کەسەکانیشی لە هی ئێمە باشتر نییە! پێمخۆشە ئاماژە بە شتێك بکەم، ڕۆژێك سەرپەرشتیارێکی پسۆری بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی هاتە ئەو قوتابخانەیە کە تێیدا زمان و ئەدەبی کوردیم دەگوتەوە..ئەو سەرپەرشتیاری من بوو.. کاتێك هاتە ناو پۆل، من بابەتێکی ڕێزمانیم بۆ قوتابیان ڕووندەکردەوە کە زۆربەی هەر زۆری بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بوو، دوای ئەوەی من وەستام، ئەو هاتە بەردەم قوتابییەکان و گوتی: (( من هیچ ناڵێم و هیچ لەسەر ئەم بابەتەش قسە ناکەم، چونکە با

بەئاشکرا پێتان بڵێم: من هیچ لە کرمانجی ژووروو (بادینی) نازانم! شەرمیش ناکەم کە ئەم قسەیە دەکەم، من نایزانم، لەسەردەمی ئێمە شتی وانەبوو و نەشمانخوێندووە، ئێستا هەموویان تێکداوە...)) ئەم سەرپەرشتیارە قسەی زۆری کرد، بەڵام ئەوەندە بەسە بۆئەوەی بڵێین: باشە ئەگەر ئەمە حاڵی سەرپەرشتیارێکی پسپۆری بێت، ئەی دەبێت چاوەڕوانی چی لەوانی دیکە بکرێت؟

**ڕێزمانێکی خۆشەویست**

گەر ڕێزمانێکی خۆشەویستت هەبێت، زمانێکی خۆشەویستیشت دەبێت، واتە: بوونی ڕێزمانێکی خۆشەویست زامنی خۆشویستنی زمانە.لە کوردستاندا ئەو ڕێزمانەی دەخوێندرێت (بەبۆچوونی خۆم) ڕێزمانێکی

**لێکۆڵینەوە**

خۆشەویست نییە، بەر لە هەرشتێکیش هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە قوتابی بۆ نمرە ڕێزمان دەخوێنێت. بۆیە کاتێك قوتابی نمرەیەکی کەم لە ڕێزمان دەهێنێت ئیدی هەر لەخۆوە رقێك لە ناخی دروست دەبێت و واهەستدەکات کە ڕێزمانی خۆشناوێت و ئەمەش دەگاتە ئەو رادەیەی کە زمانی کوردیشی خۆشنەوێت.

جگە لەمەش تۆ سەیری هەموو پەرتووکەکانی ڕێزمانی کوردی بکە! دەبینیت کە رستەکان لە سەرجەم پۆل و قۆناغەکاندا لە یەك ئاستدان، هەست دەکەیت رستە و هۆنراوەکان بۆ تەمەنێکی دیاریکراو نووسراون! ئەمە لەکاتێکدا دەبێت رستەکان بۆ هەر پۆل و قۆناغێك بەشێوازێکی تایبەت و بۆ تەمەنێکی دیاریکراو بن. بۆ نموونە لە نالویٚ بۆ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەت رستەیەك بهێنرێتەوە کە باس لەشتێك بکات لەئاست تەمەنی ئەواندا نەبێت. بەپێچەوانەشەوە نالویٚ بۆ قوتابیانی پۆلی دوانزهەمی ئامادەیی رستەیەکی وەها بهێنرێتەوە کە لەئاستی قوتابیانی زانکۆدا بێت. یان بۆ قوتابیانی ئامادەیی رستەیەك وەها بخێنرێتەوە کە لە ئاستی قوتابیانی قۆناغی بنەڕەت بێت. ئەم لایەنە لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا رەچاو نەکراوە، بەداخەوە ئەمەش زۆرجار هۆکاری ئەوەیە کە قوتابیان ڕێزمانی کوردیان خۆشنەوێت.

وێڕای ئەمانەش ئەو ڕستانەی کە لە ڕێزمانی قوتابخانەکدا هەن، زۆر دوورن لە واقیعی ژیانی قوتابیان، ڕستەکان بەگشتی لەگەڵ حەز و ئارەزوو و خەون و ئاواتی قوتابیاندا یەکانگیرنین. هەروەها ڕستەکان بەگشتی ڕستەی وشك و برینگن، ڕستەی تەڕ لە ڕێزمانی کوردیدا زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەشتێك بکەم، بەندەی مەخلیستان کاتێك تاقیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی دەکەم، هەمیشە بەکۆمپیوتەر پرسیارەکان ئامادەدەکەم و بەشێوەیەکیش پرسیارەکان دادەنێم کە قوتابیان هەر لەسەر ئەو کاغەزەیە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە کە پێیاندەدەم. جا ئەو ڕستانەی کە دەیانهێنمەوە تا پێمدەکرێت ڕستەی تەڕ بۆ قوتابیان دەهێنمەوە، بۆیە هەستدەکەم کە ئەمە وا لە قوتابیان دەکات کە وانەی کوردی بەگشتی و ڕێزمانی کوردیان خۆشبوێت..هەروەها بابەتی ڕێزمانیشیان لا خۆشەویست دەبێت، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە من ڕستەی سواویان بۆ ناهێنمەوە، بەڵکو ڕستەگەلێکیان بۆ دەهێنمەوە کە بەلایانەوە تازە بێت و لەگەڵ واقعی ژیانی ئەواندا بگونجێت. بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا نموونەیەك لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی ڕێزمانی کوردی بخەمەڕوو، ئەم نموونەیەش، نموونەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی پۆلی یانزەهەمی ئامادەییە بۆ ساڵی 2009–2010 فەرموون لە خوارەوە ئەم نموونەیە ببینن...

تێبینی: لێرەدا تەنها پرسیارەکان خراونەتەڕوو.

**نموونەی پرسیارەکان:**

**پ1/ لەم ڕستانەی خوارەوەدا پارستەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان بنووسە. (3 وەڵام بدەرەوە). (3 نمرە).**

**1–نەمتوانی زنجیرەدراماکە ببینم، چونکە کارەبامان نەبوو!**

**2–موبایل کو ئەڤرو گەلەك پێدڤیە ، نیعمەتەکا خودێیە.**

**3–بە پیرەمێردەکەم گوت کە حەیرانێکی خۆشم بۆ بڵێت.**

**4– ئەو باوکەی کە منداڵەکەی لە ڤیلمقاسیێ کردبوو، زۆر دڵخۆش بوو.**

**پ2/ لەم ڕستانەدا ئەوانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە (پاڕستەی ناوین) تۆ تەنها ئەرکەکانیان بنووسە. (2 نمرە).**

**1–ئاشکرایە کە هەڵبژاردەی بەرازیل گەیشتۆتە جامی جیهانی 2010.**
**2–بیستوومە کە بەکوردی بە زەڕافە دەڵێن (ملدرێژە).**
**پ3/لەم رستانەدا (4) بەرکار هەیە، ئەگەر تۆ (3)ت دۆزیەوە ئەوە سێ نمرە بۆ تۆ.**
**1–کەزی ئیمەیلێکی بۆ بەرزی نارد.**
**2– کچێ، من بە تەنیایی مەسپێرە ئەی یار!**
**3–پیاوەکە زۆر بەتووڕەیی تەماشای دەکردین.**

**پ4/ ئایا دەگونجێت لە رستەیەکدا کارێك زیاتر لە بەرکارێکی هەبێت؟ ئەگەر دەگونجێت ئەوە لە رستەیەکدا کارێك بهێنەرەوە کە دوو بەرکاری هەبێت، تا (دوو نمرە) وەربگریت.**



****

لێرەدا دەپرسم کە ئایا تاچەند ئەو رستانەی کە لە پەرتووکی رێزماندا هەن، بەمشێوەیەن؟ ئێمە لاف و گەزاف لێنادەین، بەڵکو لە خەمی ئەوەداین کە ئیدی تەنانەت لە کاتی تاقیکردنەوەکانیشدا وا لە قوتابیان بکەین کە رێزمانی کوردیان خۆشبوێت، چونکە ئەوکات زمانەکەشی خۆشیان خۆشدەوێت.

**رێزمانی قوتابخانەکان دەبێت چۆن بێت؟**

لەپێناو ئاشنابوونی قوتابیانی کورد بە رێزمانێك کە لایان خۆشەویست بێت و بەدووربێت لە سەرلێشێواندنیان، بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا چەند خاڵێك بخەمەڕوو..بۆئەوەی لەمەودوا کە لیژنەی پسپۆری سەر بە وەزارەتی پەروەردە لەکاتی پێداچوونەوە و بژارکردنەوە و چاپکردنەوەی چاپەکانی داهاتوو سوودی لێوەربگرن، تاکو چیدیکە قوتابیانی کورد لەڕێگەی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردییەوە رقیان لەبەرامبەر زمانی کوردی بۆ زیادنەبێت. ئێستاش لە خوارەوە خاڵەکان زۆر بەڕوونی و بەئاشکرایی دەخەمەڕوو:–

یەکەم: بە زووترین شیکردنەوە _شلۆقەکردن) لابردرێت.

دووەم: یەك شێوەزار لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا بخوێندرێت، ئەویش شێوەزاری کرمانجی خواروو بێت، چونکە قوتابیانی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەم شێوەزارەدا نییە.

سێیەم: با زۆری و بۆری و درێژدادڕی وەلاوە بنرێت.

چوارەم: دوورکەوتنەوە لە تێکەڵکردنی ڕێزمان و ئەدەب، بەتایبەتیش هۆنراوە.

پێنجەم: پێویستە لە هەموو قۆناغە و پۆلەکاندا، کێشەی زۆری هاوواتاکان چارەسەربکرێت.

شەشەم: سەرلەنوێ هەڵەچنی بۆ ڕێزمانی قوتابخانەکان، لە هەموو پۆل و قۆناغە جیاجیاکاندا بکرێتەوە و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ- بەمانای وشە- ئەم ئەرکەیان پێبسپێردرێت، نەك کەسانێك کە بەواسیتە ئەو ئەرکەیان پێبسپێردرێت و لەپەنای ئەمەوە دەستکەوتی ماددی بەدەست بهێنن!



حەوتەم: پێویستە لە هەر پۆلێك چەند بابەتێکی دیاریکراوی ڕێزمان بخوێنرێت، نەك چەند بابەتێك بە بەردەوامی لە هەموو پۆل و قۆناغەکاندا دووبارە بکرێنەوە.

هەشتەم: با لیژنەی پسپۆڕ لە وەزارەتی پەروەردە، سەرنج و تێبینی و بۆچوونەکانی مامۆستایان بەهەند وەربگرن، چونکە ساڵانە مامۆستایان چەندین سەرنج و تێبینی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاودەکەنەوە یان ڕاستەوخۆ ئاراستەی لیژنەی ناوبراوی دەکەن، کەچی شتەکان هەر وەك خۆیان دەمێننەوە.

نۆیەم: با لیژنەی پسپۆڕ، ڕاپرسییەك لەسەر چەندین پرسی تایبەت بە ڕێزمان و بگرە ئەدەب و خوێندنەوە و داڕشتنیش ئەنجام بدات.. با بۆچوونی قوتابیان وەربگرن..با بچنە ناو قوتابیانەوە، کە ئاخۆ تا چەند ئەو کارەی ئەوان مایەی دڵخۆشی و جێی ڕەزامەندی قوتابیانە؟!

دەیەم: بەشی ڕێزمانی پێویستە لە دووتوێی پەرتووکێکی سەربەخۆ چاپبکرێت و بەسەر قوتابیاندا دابەشبکرێت، نەك ڕێزمان و ئەدەب لە دووتوێی یەك پەرتووکدا بمێنێتەوە! چونکە ئەمە کاریگەریی نەرێنی بۆسەر قوتابیان دەبێت. بۆ نموونە، کاتێك قوتابییەکی پۆلی یانزەهەمی ئامادەیی پەرتووکی (زمان و ئەدەبی کوردی) دەبینێت کە لە زیاتر لە (300) لاپەڕە پێکهاتووە! هەر زوو لەلایەنی دەروونییەوە دەشڵەژێت، بەڵام ئەگەر ڕێزمان

بەتەنیا و ئەدەب بەتەنیا بێت و بەشی خوێندنەوەش بەجیابێت، ئەوکات ئەم کاریگەرییە کەمتر دەبێتەوە.

## بەر لە ماڵئاوایی

هەموو ئەو شتانەی لەم پەرتووکەدا خراونەتەڕوو، ئەزموونی نزیکەی 10 ساڵەی منە وەك مامۆستایەکی زمان و ئەدەبی کوردی. هەڵبەت مامۆستایانیش زیاتر لە هەمووان درك بە لایەنە باش و خراپەکانی پەرتووکی ڕێزمان و ئەدەبی کوردی دەکەن. منیش نزیکەی 10 ساڵە لەنێو لاپەڕەکانی پەرتووکی ڕێزمان و ئەدەبی کوردیدا ژین بەسەردەبەم..ئەم هەوڵەشم لەپێناو خۆشەویستکردنی زمانی کوردییە لەلایەن قوتابیانی کوردستان.

لەڕاستیدا بەهۆی بوونی چەندین هەڵەی زەق و کوشندە لە پەرتووکەکانی (ڕێزمانی کوردی) یان (ڕێزمان و ئەدەبی کوردی) لە سەرجەم قۆناغە جیاجیاکانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و ئامادەییەکاندا، دەمێك بوو بیرم لە پەرتووکێکی لەمچەشنە دەکردەوە کە شتەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار روونبکەمەوە و هەڵەکانی نێو پەرتووکی ڕێزمانیان بۆ دیاریبکەم و بیانخەمە بەردەستیان..هەروەها دەمێك بوو دەمویست ئەم پەرتووکەی بەردەستت بنووسم و بڵاویبکەمەوە تاکو هەر هیچ نەبێت کە تۆزێك بەرپرسانی پەروەردەیی بەزەییان بە زمانی کوردی و ڕێزمانی کوردی و تەنانەت قوتابیانی کوردیشدا بێتەوە و ئەو هەڵە کوشندانە لە پەرتووکی ڕێزماندا چارەسەربکەن یاخود لایانبەرن.

لەڕاستیدا ئامانجی ئەم پەرتووکە هەولێکە بۆ نیشاندانی ڕێزمان وەك خۆی، ئەمەش بەمەبەستی هەڵوەستە لەسەر کردن و پێداچوونەوە، نەك شتێکی دیکە، چونکە ئەو ڕێزمانانەی ئەمڕۆ لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێن لەلایەکەوە قوتابیانی پێسەقەت دەکرێت و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ مامۆستایانیش دەردەسەرییە، چونکە بەسەدان هەڵەیان تێدایە. بۆیە لەم پەرتووکەدا، پەرتووکی ڕێزمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا خراوەتە بەر نەشتەری ڕەخنە و ئەو هۆکارانەشمان بۆ روونکردنەوە کە بوونەتە هۆی سەرلێشێواندنی قوتابیان.

لەکۆتاییدا هیواخوازم کە ئەم پەرتووکەم ببێتە جێگای سەرنجی لایەنی پەیوەندیدار و دەروازەیەکیش بێت بۆئەوەی بزانین کە رێزمانی قوتابخانەکان دەبێت چۆن بێت.
ئەوانەی لەم پەرتووکەشدا خراونەتەڕوو بیوبۆچوونی منە وەك مامۆستایەك، مامۆستاش بەر لەوەی مامۆستابێت مرۆڤە، هیچ مرۆڤێکیش بەدەر نییە لە هەڵە، بۆیە ئەگەر هەر هەڵەیەك یان کەموکوڕییەك هەبێت، ئەوە بەوپەری دڵفراوانییەوە لێتانی وەردەگرم.

**لێکۆڵینەوە**

# توانای مرۆڤ بۆ فێربوونی زمان

**خالید جەمیل**

زمان یەکێك لە بناغە گرینگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هۆی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە لە کۆمەڵگادا. زمانەوانی یان زانستی زمان وەك هەموو لقێکی دیکەی زانست زۆر بەربڵاوەو کاری زۆری لەسەر کراوە.
ئایا توانای مێشك لەمرۆڤدا بۆ فێربوونی زمان بێکۆتاییە؟ توێژەرەوە ئەلمانییەکان جەخت دەکەنەوە کە مێشکی مرۆڤ توانای زۆر بەرفراوانی

هەیە لە وەرگرتنی زیاتر لە یەك زمان، بەتایبەتی لای منداڵان و تەنانەت کۆرپەکانیش، چونکە کۆرپە گوێی لە دەنگی دەوروبەر دەبێت.
زانست وا دەڵێ: لەشەشەمین مانگدا ئەو دەنگانە دەناسێ، چونکە لە شەشەمین مانگیدا، سیستی بیستن پێگەیشتوو دەبێت.
بەڵام توانای مرۆڤ لەزماندا لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازەو تەمەنەکانیش جیاوازن..
گەر سەیری مێژووی ڕابردووی خۆمان بکەین لەبواری بەشێکی زمانەوانی سادەیی و ئاسان بۆ فێربوون، ((زمانی ئاوێستایی)) زمانی پیرۆزی ئێرانییەکان بووەو لەوکاتانەدا جگە لە ئاوێستا هیچ پەڕاوێکی تریان نەبووە بەو زمانە نووسرابێت، تەنانەت دوای هێرشی عەرەبەکانیش بەچەند سەد ساڵێك جگە لە مووریدەکان کە لەبەریان کردووە بە دڵۆگیانیان پاراستوویانە، ئەو زمانە وەك جارانی پێشوو نەماوە، ئەویش هەروەك چۆن زمانی لاتینی ((Latin) لە ئەوروپادا تا چەرخەکانی ناوەڕاست لە ئاراوا بووەو پارێزراوە، بەڵام دوای خراوەتە پشت گوێ ڕووی لەیەکتری کردووە دوای ئەمیش نەماوە: کەواتە زمان لەناو دەچێت...
لێکۆڵینەوە
بەڵگەش زۆرە، مێژووش هەر هەموویانی چەند جارێك ڕوونی کردۆتەوە، گەر زانستیانە شیبکەینەوە، ناوەڕاستی (زمان) بەرز دەبێتەوەو خۆی لەنەرمە مەلاشوودا دەدات، ڕی لەسیەکان دەگرێ و تەوژمێك دروست دەبێ، لەپی زمان دێتە خوارێ، دەنگی ((کاف)) دروست دەبێ، ئینجا ژێیەکانی دەنگ دروست دەبێ، فۆنۆلۆژی سیستەمی زمانی کوردیدا بەمانای بەخشن دێت، لەنێو چوارچێوەی زمانێکی تایبەتدا...
وە ئەو بەشە زانستییەی زمان کە لەو قۆناغەدا بەقانونێکی تایبەتەوە لێکدەدرێن بۆ دروست کردنی بڕگە.
لێرە دەبینیت ئەو توانایە لای منداڵان زۆرترە وەك لای گەورەکان هەروەها لێهاتووەکان لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا جیاوازن و بگرە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکەش جیاوازن، بۆ نموونە:

لەدانیشتووانەکەیەوە ناسراون، کە بە ئاسانی فێری زمان دەبن، بەراوورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا دەکرێت، بۆ پێگەیەك و چەند زمانێکی جیاواز قسە بکەن لەیەك دەوڵەتدا..

وڵاتی سویسرا چوار زمانی تێدایە (فەرەنسی، ئەلمانی، ئیتالی، رۆمانی). من لێرەدا دەیسەلمێنم کە زمان لەناو دەچێت نموونەی ((ماددەکان)) و ((ئەخمانیەکان)) لەسەردەقی زەردەشتەکان واتە ئاڤێستایەکان کە بە (بیری چاك) و (وتەی چاك) و (کرداری چاك) بەناوبانگە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزە زلەی کە ئارەزووی داگیرکردنی ئەو شوێنەی هەبێ دەست دەکات بە لەناوبردنی گشت کەلتوورو زمان و مێژوو یان تاکو جێگای پێی خۆی قائیم بکات بۆ مەرامی خۆی.

گەر دوای ((تۆفان)) و زمانی ئەوساش بابلی بووە، پاشان ژمارەی خەڵك زیادیکردووە بڵاوبوونەتەوە بەهۆی کۆچی بە کۆمەڵەوە بۆ ژیان و گەڕان بەدوای بەهۆی کۆچی بەیەکەم کۆچ بۆ ولاتی نیل بوو (میسری ئێستا)، پاشانیش چین شارستانییەتی مەزنیان دروستکردوو خەڵك لەو شوێنانەی بۆی چوون شتی نوێیان دۆزیتەوەو داهێنانیان کردووە.



ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وشەی زۆرتری چووەتە سەر لەگەڵ دەنگی نوێ بەگوێرەی پێویستی ساڵ لەدوای ساڵ جیاوازییەکە زیاتر بووە، پاشان بووەتە چەند لقێکەوە کە لەزماندا لەهەریەیەك لەو شارستانیەتانە بەهۆی کۆچکردن و دوورکەوتنەوە.

کەواتە زمان بنەمای شارستانییەتی و مرۆڤایەتەوە و خۆشەویستی ئەم زمانە خۆشەویستی میللەتییە.

پێویستە ئێمە کار لەسەر ڕەوتی زمانی کوردی خۆمان بکەین خۆشمان ڕزگار بکەین لە وشەی بێگانەکە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنن.

پەراوێزەکان:

- سەرهەڵدانی ئوسترا ((زەردەشت))
- زمان بنەمای شارستانییەتە
- د. ئیبراهیم عەزیز ، زانستی زمان، 278.
- شێوازگەری هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا.

ـ د. عبدالرحمن تواب.

**وەرگێڕان**

# شیعرییەتی شێوازگەری

## وەرگێڕانی : ئیدریس عەبدوڵڵا

شیعرییەتی شێوازگەری لە دامەزراندنی پڕۆژەکەی خۆیدا لەو پرەنسیپە سەرەکییە سەرچاوە دەگرێت، کە دەڵێت: وەصفی لیسانی بە تەنیا بەس نییە بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندێتی هەموو دەقێکی داهێنراو، چونکە لەو یاساو بنەما جوانیناسییە گشتیانە دەکۆڵێتەوە، کە

دەقە هونەرییەکان ڕێکدەخەن، ئەمەش وایکرد (ڕیڤاتێر) هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە هونەرییە فەردییەکانی هەر دەقێکی هونەری تەرخان بکات، لەو سیاقەشەوە (ڕیڤاتێر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە: پێویستە هەندێك پێوەری تایبەت هەبێت، جیاوازی بکات لە نێوان ئەو ڕووداوە ئاساییانەی دەقیان لەسەر دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەو دیاردەو تایبەتمەندییە شێوازگەرییانەی کار لە بیسەر دەکەن.

وەکو تێبینی دەکرێت: سەرچاوەکانی شیکاری شێوازگەری لە کارکردن لەسەر دیاردەی ئەدەبی، لەلای (ڕیڤاتێر) بۆ بیروبۆچوونە داهێنراوەکانی فۆڕمالیستەکان بە تایبەت بۆچوونەکانی جاکبسۆن و بۆ شیعرییەتی بونیاتگەری و بە تایبەت تێگەیشتنی (جۆن کۆهن) بۆ لادان دەگەڕێتەوە.

شیکاری فۆڕمالیستەکان بە پێی ڕاڤەی ڕیڤاتێر، تاکە زامنکەرە بۆ دەستنیاشانکردن و دۆزینەوەی دیاردەی ئەدەبی لە (دەق)دا، چونکە گرنگی بەوە دەدات، کە تایبەتە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، نەك گرنگی بە شتێکی دیکەی دەر لەوە بدات، لەسەر خودی (دەق)یش لەگەڵ پەیوەندییە ناوخۆییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نێوان وشەکان و لەسەر فۆڕم زیاتر لەوەی لەسەر ناوەڕۆك، هەروەها لەسەر کاری ئەدەبی بەو پێیەی، کەوا شوێنی سەرچاوەگرتنی زنجیریەك ڕووداوە، نەك بەو پێیەی، کە ئەوە خاڵی گەیشتنە بە ئەو زنجیرە ڕووداوە، یان بەو پێیەی ئەوە پوختەی ئەنجامی ئەو زنجیرە ڕووداوەیە، کورت هەڵدەمێنێ.

دیارە (ڕیڤاتێر) لەسەر گەلێك لە پڕەنسیپەکان لەگەڵ (جاکبسۆن) ڕێکدەکەوێت، بە تایبەت لەوەی کە دەڵێت: لە تواناندا هەیە، زمانی ئەدەبی تەنیا لە ڕێگەی کورت هەڵمان لەسەر خودی زمانی پەیامەکە خۆی، بە شێوەیەکی وردی و بابەتی شیکاربکرێت. بەڵام جیاوازیەکەیان لەوە دایە، کە ڕیڤاتێر وای بەلاوە باشترە، لە باتی زاراوەی (ئەرکی شیعریەت)، کە (جاکبسۆن) بەکاریهێناوە، زاراوەی (ئەرکی شێوازگەری) بەکاربهێنرێت، چونکە زاراوەی (ئەرکی شیعریەت) کەسی بەرانبەر بە هەڵە دەبات، وای تێدەگەینێ، کە بە تەنیا لەسەر بواری شیعردا کورتدەبێتەوە، بەڵام زاراوەی (ئەرکی شێوازگەری) فراوانترەو ئەو بەهەڵەبردنە درووست ناکات.

لەگەڵ هەبوونی ئەو جیاوازییە بچوکەش لە نێوان ڕیڤاتێر و جاکبسۆن، دیسانەوە ڕیڤاتێر پێی وایە، کە (ئەرکی شێوازگەری)، تەنیاو یەکە ئەرکی ئاراستەکراوە بۆ پەیامی ئەدەبی، لە کاتێکدا کە ئەرکەکانی تر بەرەو ڕەگەزانێکی دەرەکی ئاراستەکراون، پەیوەندییان یان بە نووسەر و یان بە بیسەرو یان بە ناوەڕۆك و یان بە هەر لایەنێکی دیکەی بێجگەی ئەوانەشەوە هەیە، هەروەها ڕۆڵێکی لاوەکییان هەیە لە درووستکردنی بنیاتی دەقی داهێنراو.

گرنگترین خاڵێك کە شێوازگەری ڕیڤاتێر جیادەکاتەوە، پشتبەستنیەتی بە چەمکی لادان، بەڵام تیۆری دانەر لە دەستنیشانکردنی ئەو کارانەی لەسەر شێوازگەری دەقەکاندا ئەنجام دەدرێت، خاڵی نابێت لە دەستکاریکردنێك لە چەمکەکە، بۆیە ڕیڤاتێر هەوڵی دا، بەسەر زەقترینی ئەو ڕەخنانەدا تێپەڕێت، کە ئاراستەی ئەو تیۆرە کراوە، بە تایبەت گرنگترینیان، کە بریتییە لە زەحمەتی دەستنیشانکردنی ئەو یاساو بنەما، یان پێوەرە دەرەکیە، کە (لادان)ەکە لەوەوە بە ئەنجام دەگات، بۆیە ڕیڤاتێر پێشنیاری کرد، لە باتی (بنەمای دەرەکی)، (بنەمای ناوەخۆیی) بەکاربهێنرێت، کە ئەوەی دووەم پەیوەنددار دەبێت بە بنیاتی هونەری دەق، چونکە هەموو کارێکی شێوازگەری لە ماوەی پەیوەندییە سیاقییەکانی بە کارە شێوازگەرییە ئاساییەکان لەناو خودی بنیاتی هونەری دەقەوە دەستنیشان دەکرێت، ئەمە لەبەر ئەوەی بە تەنیا سیاق خۆی زامنکەری دەستنیشانکردنی ئەو یەکە زمانییانەیە، کە بە ڕۆڵێکی ئەرکی و پێڕاگەیاندنی لە سیستمێك لە پەیوەندییەکان لە لایێك و بە ڕۆڵێکی ئیجرائی شێوازگەری لە سیستمەکەدا لە لایێکی دیکەوە هەڵدەستن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئیجرائێکی شێوازگەری هەمیشە پێگەی پێشەوەیی، یان دواوەیەویی نابێت، بەڵکو دەکەوێتە ژێر تەواوی ئەو کاریگەرییانەی، کە سیاق ئەنجامی دەدات، بە سروشتی حاڵیش ئەو سیاقە لە دەقێك بۆ دەقێکی دیکە دەگۆڕێت، چونکە ناشێت هەر بە تەنیا سیاقێك هەبێت، بەڵکو سیاقەکان جۆراوجۆر و لێکجیاوازن، ئەوەش ئەوە ڕاڤە دەکات، کە چۆن هەموو بەجێهێشتنێکی یاسای سەرەکی ئیجرائێکی شێوازگەری پێکناهێنێت،

هەموو کاریگەرییەکی شێوازگەرییش پێویست نییە لادانێك بێت لە پێوەرەکان، چونکە وێنەی شێوازگەری لەوانەیە لە بابەتێکدا لادانێك دروست بکات و لە شوێنێکی دیکەشدا گوتەی ئاسایی. جا لەژێر تیشکی ئەو بۆچوونەدا، ڕیڤاتێر وای دەبینێت، کە شێواز هەر بە تەنیا لە وێنەو خوازەو تەکنیکە ڕەوانبێژییەکان پێك نایێت، بەڵکو بونیاتی شێوازگەری لە دەقێکی دیاریکراو: لە زنجیرەیێك ڕەگەزی چاوەڕوانکراو بەوەی کەوا دەشێن ڕووبدەن و لە پەیوەندییەکی بەرهەڵستیدایە لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی چاوەڕوانناکریَ ڕووبدەن، خۆی حەشار دەدات، چونکە هەموو شێوازێك لە سیاق و دژەسیاقەکەیشی پێکدێت.

ڕیڤاتێر وای دەبینێت، کە ئیجرائاتی شێوازگەری پەیوەندییەکی تۆکمەی بە دەرککردنی خوێنەر بەو ئیجرائاتانەوە هەیە، ئەمەش چونکە نرخی هەر ئیجرائێکی شێوازی لە ماوەی ئەو موفاجەئەیەوە دەستنیشان دەبێت، کە لە بیسەریدا دروست دەکات، چونکە هەر موفاجەئەیەك چەندەی کەمتر چاوەڕوانکراوبێت، کاریگەریی لە دەروونی بیسەردا قووڵتر دەبێت، بۆیە شێواز بە پێی ڕیڤاتێر ناکریَ دەستنیشان بکرێت، تەنیا بە زەقکردنەوەی وەرگێران هەندیَ ڕەگەزی سیاقی بابەت نەبێت، لەگەڵ ناچارکردنی بیسەر بەوەی کەوا ئاگاداریان بێت، چونکە ئەگەر هاتو لێیان بیَ ئاگا بێت، دەقەکە دەشێوێت، بەڵام ئەگەر بە ئاگادارییەوە دەقەکەی لێکدایەوە، ئەوساکە بۆی دەردەکەوێت، کە: گوتە گوزارشتکەرە، بەڵام شێواز ئەوەیە کە زەقدەبێتەوە.

شێوازگەری ڕیڤاتێر بە بەشداریکردنی بیسەر لە بەرهەمهێنانی واتا، یان باشتر بڵێین واتا لەتواناادا بووەکان جیادەبێتەوە، بە شێوەیەك کە بیسەر، یان خوێنەر چیدی لایەنێکی بەکاربەر نابێت بۆ دەقی داهێنراو، بەڵکو لە هەموو قۆناغەکانی دروستکردن و داهێنانی دەقەکەدا دەبێتە ڕەگەزێکی زیندوو و بەرهەمهێن. لەبەر ئەو هۆیە ڕیڤاتێر پێشنیاری ئەوە دەکات: شیکارکەری شێواز یەکسەر لە دەقەوە سەرچاوە نەگرێت، بەڵکو لەو ئەحکامانەوە سەرچاوە بگرێت، کە کۆی خوێندنەوەکان لە دەوری دەقەکەدا دەیخەنە ڕوو، چونکە ئەم ئەحکامانە بریتینە لە شتانێکی

وروژێنەر، یان وەڵامدەرەوە، لە ئەنجامی وشیارکەرەوەی شاراوە لە قووڵایی دەقەوە سەرچاوەیان گرتووە، شێوازیش بەو مانایە بریتییە لە شلەژان و گرژییێکی بەردەوام لە نێوان خودی داهێنەر و بێئومێدبوونی بیسەر لە چاوەڕوانی، ئەم گرژییە بەردەوامەش جەوهەری کردەی شێوازگەرییە، یان وەکو ڕیڤاتێر ناوی نا: جەوهەری درووستبوونی موفاجەئەیە. کە دەشێت بۆ ئەوەی بنەچەیەك بۆ ئەوە بدۆزینەوە، بۆ گوتەکەی جاکبسۆن بگەڕێینەوە، کە دەڵێت: موفاجەئەی شێوازگەری بریتییە لە درووستکردنی چاوەڕووانن‌ەکراو لە ماوەی شتی چاوەڕووانکراودا.

دیارە (ڕیڤاتێر) سوودی لەو بۆچوونەی جاکبسۆن وەرگرتوە، لەوەوە بڕیاری داوە، کە: نرخی هەر ئیجرائێکی شێوازگەری پەیوەستە بە چۆنیەتی موفاجەئەکەی، جا هەر چەندەی تایبەتمەندی شێوازگەری چاوەڕواننەکراو بێت، ئەوا کاریگەریی بەسەر بیسەر قوولتر دەبێت، هەرچەندەش هەمان تایبەتمەندی شێوازگەری لە دەقدا دووبارە بوویەوە، هێزی کاریگەرییەکەی بەسەر بیسەردا لاوازتر دەبێتەوە، چونکە دووبارەبوونەوە ورده ورده هێزی کاریگەریەکەی کەمدەکاتەوە.

وەرگێران

لە لایێکی دیکەوە، ڕیڤاتێر وەهای دەبینێت، کە ئەو ئیجرائە شێوازگەرییەی لەسەر ڕەگەزی موفاجەئە دەوەستێت، هەمیشە بە سیاقەوە پەیوەست دەبێ و هیچ پەیوەندییەکی بەو بیرۆکەی (لادان)ەوە نابێت، کە جۆن کۆهن بەرگری لێ دەکرد، ئەو سیاقەش هیچ پەیوەندییەکی بە واتای باوی وشە نییە، بەڵکو ئەو واتایەی گوزارشتی لێ دەکات، لە نێو بنیاتی دەقی هونەرییەوە دەستنیشان دەکرێت، لێرەوەیە شیکارکەری شێوازی بە تەنیا جەخت لەسەر ڕەگەزە ناولێنراوەکانی نێو دەق ناکاتەوە، چونکە ئەوانە ڕەگەزی زەقن، بەڵکو بە قەد ئەوە گرنگی بە ڕەگەزە ناولێنەنراوەکانی نێو دەقیش دەدات.

ڕیڤاتێر سیاقی شێوازی دابەشدەکاتە سەر دوو بەش:

1- سیاقی بچوك:

ئەمە بە پەیوەندی نێوان وشە ناولێنراو و وشە ناولێنەنراوەکانەوە دەستنیشان دەکرێت، هیچ یەکێکیشیان لەو دوو کۆمەڵە وشانە بەبێ

یەکتری کاریگەرییان نابێت، ڕیڤاتێر بەم شێوەیە ئاماژە بۆ ئەم سیاقە دەکات: (سیاق + دژیەك)، نمونەش بۆ ئەوە بەو گوتەیەی شاعیرێك دێنێتەوە، کە دەڵێت: (ئەو لێلاییە ڕوونە، کە ئەستێرەکان وەدەردێخیَ)، چونکە تایبەتمەندی شێوازی بەوە هاتۆتە دی، کە ڕوون دراوەتە پاڵ لێلایی، ئەمەش بریتییە لە درانەپاڵی وشەیەکی ناولێنەنراو، کە (ڕوون)ە، بۆ ئەو سیاقەی، کە لە بە تەنیا وشەیەك پێکدێت، ئەویش (لێلایی)یە. بە ڕای ڕیڤاتێر ئەم سیاقە بچوکە لە ڕەوانبێژیدا لێکچوواندن و خواستن بەرهەمدێنێت، لە ماوەی تەنیا ڕستەییێك بەرهەم دێت.

2ـ سیاقی گەورە: لە بەرانبەر سیاقی بچوکدا ڕیڤاتێر جۆرێکی دیکە لە سیاقی گەورە دەستنیشان دەکات، ئەویش لەم دوو ڕێگەیانەی خوارەوە بەدەست دێت:

أ ـ سیاق ---< ئیجرائی شێوازی ----< سیاق.

ئەمجۆرە بە گەڕانەوە بۆ سیاقی یەکەم جیادەبێتەوە، ئەوەش دوای ئەو ئیجرائە شێوازیەی، کە هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی بۆ خۆشکردبوو، ئەو وەرگێڕان نمونەیەش لە سیاقی گەورە بەوە بەدی دێت، کە وشەیەکی ناولێنەنراو ـ وشەیەکی نامۆ بە زنجیرەی دەربڕینەکانی گوتە ـ بخرێتە ناو سیاقەکە.

ب ـ سیاق----< ئیجرائی شێوازی بەو پێیەی خاڵێکی سەرچاوەگرتنە بۆ سیاقێکی نویَ ----< ئیجرائی شێوازی.

ئەم سیاقی گەورەیەش بە لای ڕیڤاتێر ئاراستەییێکی تەڕکیبی هەیەو بە نێو تەواوی دەقدا شۆڕدەبێتەوە.

کەوابێت: لە ماوەی جیاوازیکردن لە نێوان ئەو دوو سیاقە، وا دەردەکەویَ، کە جیاوازی لە نێوان سیاقی بچوك و سیاقی گەورە، بریتییە لەوەی: سیاقە بچوکەکە وەکو لێکچواندن و خواستن بۆ نمونە لە ماوەی تەنیا ڕستەیەکدا بەجیَ دێت، بەڵام سیاقە گەورەکە لە ماوەی تەواوی دەقەکەدا ئینجا وەدی دێت.

دواجار دەشیَ بڵێین: دەستنیشانکردنی شێواز بە دروستکردنی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزە چاوەڕوانکراوەکان و ڕەگەزە چاوەڕواننەکراوەکان لە دەقی هونەری، خاڵی جیاوازی لە نێوان شیعرییەت و شێوازگەری پێکدەهێنێت،

چونکە لە کاتێکدا کە شیعرییەت لە بنیاتە هاوبەشەکانی نێوان دەقە داهێنراوە لێکجیاکان دەکۆڵێتەوە، شێوازگەری لەسەر ئەوە سوور دەبێت، کە: هەموو دەقێکی ئەدەبی تایبەتمەندی و ڕووالەتی ئیستاتیکی خۆی هەیە، ئەمەیە ئەدەبیەتیەکەی دەستنیشان دەکات، بۆیە ئەوەش پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت، بۆ ئەوەی هەر دەقێك بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز بمێنێتەوە لە دەقەکانی دیکە.

**ژێدەر: محەمەد قاسمی، ئینتەرنێت .**

**وەرگێڕان**

# زمان و بیر

**بەشی یەکەم** **و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو**

فەیلەسوف و زانایان و ڕۆشنبیران لەدێر زەمانەوە گرنگیان بەپەیوەندییەکانی نێوان زمان و بیر داوەو لەم بوارەدا چەندەها بۆچوونیان هەبووە، هەندێك لەو زانایانە پێیان وایە کە زمان پەیوەندی بە بیرەوە نییە، وەکو (برگسۆن) (بڕوانە جەعفەر 1971) ئەوانی دیش پێیان وایە کە زمان و بیر لەدوو ڕەگی جوداوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام لەکاتی گەشەسەندنی

منداڵدا یەکانگیر دەبن، وەکو (فیکوتسکی) (بڕوانە فیکۆتسکی 1976)، هەندێك زانای تریش ووتوویانە کە زمان و بیر دوو شتی جودان، بەڵام پەیوەندییان بەیەکدییەوە زۆر بەهێزە، جا لەم لاپەڕانەدا ئەو بۆچوونە هەمە جۆرانە دەخەینەڕوو کە باس لە پەیوەندییەکانی ئەم دوو چالاکییەی مرۆڤ دەکەن (زمان و بیر)، هەروەها کۆشش دەکەین بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوانەی کە هەریەکەو لەو بۆچوونانە ئەنجامیان داوە پێشکەش بکەین، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەش پێشکەش دەکەین کە ئەم بیروڕایانە ڕەت دەکەنەوە.

بەهەمان شێوەش پەنا بۆ کورت کردن و پوختەکردنی بابەتەکە دەبەین، بۆ نموونە چارەسەری ئەو تیۆرەمان کرد کە دەڵێ زمان کاریگەری بەسەر بیرەوە هەیە بەو ئیعتبارەی کە یەك تیۆرە، بەڵام خۆیشی لە ڕاستەقینەدا لەیەك تیۆر زیاترە، تیۆری یەکەم پێی وایە کە زمان کاریگەری بەسەر یادەوە هەیە. تیۆری دووەمیش دەڵێ زمان کاریگەری بەسەر دەرك کردنەوە هەیە تیۆری سێیەمیش پێی وایە زمان کاریگەری بەسەر کردەکانی عەقڵ و بیرەوە هەیە، داوای بوورن و لێبوردن لە خوێنەریش دەکەین، وەرگێڕان چونکە ئێمە گەر بێینەسەر هەموو ئەم تیۆرانە و بەدرێژی باسیان بکەین ئەوا ئەوکاتە ناچار دەبووین پەرتووکێکی سەربەخۆی بۆ نووسین، مەسەلەیەکی ئاساییە کە زۆربەی ئەوانەی لەم بوارەدا بواری (دەروونناسی زمان) توێژینەوە ئەنجام دەدەن پێیان وایە کە زمان پەیوەندییەکی بەهێزی بەبیرەوە هەیە. جا کاتێکیش کە زمان کاریگەری بەسەر بیرەوە هەیە یان بیر کاریگەری بەسەر زمانەوە هەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەردووکیان دووشتی جیاوازن، پاشان کاریگەرییەکە دروست ببێ،

بەڵکو پەلار بۆ ئەو دیاردانە تێ دەگرین کە بە (بیر) ناوزەدی دەکەین و جودان لەو دیاردانەی کە بە (زمان)ی ناوزەد دەکەین و هیواخوازیشین کە خوێنەر ئەم مەسەلەیەی لەکاتی خوێندنەوەی لاپەڕەکاندا لەیاد بێتەوە.

**زمان و بیر یەك شتن**

بافلۆف و واتسن و سکنەر بە زۆری نوێنەرایەتی ئەم بۆچوونە دەکەن، چونکە زانایان هەموو توانای توێژینەوەی بیر دەکەن، ئەویش لەبەر پەسەندنەکردنی شاردنەوە وەکو ئالیەتێك بۆ کۆکردنەوەی بەیاننامەکانی

بواری دەروونناسی، (بافلۆف) پێی وایە کە زمان سیستەمێکی مەرجایەتییەو سەر بۆ یاساکانی مەرجایەتی دادەنوێنێ ، بەڵام ئاستەکەی لە ئاستی مەرجایەتی هەستی باڵاترە، بۆیە ناوی نراوە دەزگا یان سیستەمی ئاماژەی دووەم، کە سیستەمێکی داڕێژراوی پاشگەزبوونەوەی مەرجاوی هۆشیارکەرەوەی زمانەوانییە تەنها لە تواناکانی مرۆڤیشدا حەشاردراوە و ڕووتی و گشتاندن ڕۆڵێکی گەورەی تیادا دەبینێت پاشان دێینە سەری و بە درێژی باسی دەکەین.

بەڵام لێرەدا ناتوانین ئەو تیۆرانە بەدرێژی باس بکەین، جگە لەوەی کە لە سوودمەندی ئەو هەوڵە بەگومانین، ئەویش لەبەر ئەوەی لێکچوونێکی زۆر لەنێوان بیرو بۆچوونەکاندا هەیە، لەبەر ئەوە تەنها هەردوو تیۆرەکەی (بافلۆف) و (واتسن) کورت دەکەینەوە.

هیچ تیۆریکیش لەو تیۆرانەی کە باس لە پەیوەندییەکانی زمان بەبیرەوە دەکەن، وەکو قوتابخانەی ئاکاری دووچاری تەم و مژی نەبوونە لەڕووی شرۆڤەکردنی پەیوەندییەکانی زمان بە بیرەوە، جا بۆ ئەوەی کە هەڵوێستی

قوتابخانەی ئاکاری هەمبەر ئەم مەسەلەیە دەرك پێ بکەین ، پێویستە یەکەم جار باسی هەڵوێستی لە مەسەلەی زمان بکەین و دووەم جاریش باسی هەڵوێستەکەی لە مەسەلەی بیر بکەین ، پاشان پەیوەندی هەردووکیان روون بکەینەوە.

(واتسن) دامەزرێنەری قوتابخانەی ئاکاری دەڵێت: ئەو شتەی کە مرۆڤ لە ئاژەڵان جودا دەکاتەوە ئەو پێشڤەچوونە بەردەوامەیە، کە لە سێ سیستەمی دابو نەریتدا لەلای مرۆڤ ڕوودەدات، کە ئەمانەن:

1- چڕی و زۆری نەریتەکانی گەروو و درکاندن و ئاڵۆزبوونیان و وردبوونیان.

2- چڕی و زۆری نەریتەکانی ناوەوەی و فرەیی سۆز و ورژانەکانی و وردبوونیان.

3- زۆری و بۆری نەریتە جوڵەییەکانی مرۆڤ و وردبوونیان.

کەواتە ئاکاری زمانەوانی ئاکارێکە بەگشتی سەر بۆ یاساکانی ئاکار دادەوێنێت ،مرۆڤ خودی ئەو ئاکارانە لە ڕێگەی مەرجایەتیەوە وەك هەر نەریتێکی دی وەردەگرێت، قسەکردن و ئاخافتن بەڕای ئاکاریەکان چەند

جوڵەیەکە لەهەردوو سیەکان و گەروو و ئەندامەکانی دی دەم و ناو دەمدا روودەدات و سەریش بۆ ئەو یاسایانە دادەنەوێنێت کە کۆنترۆڵی هەموو جوڵەکان دەکات، بەڵام ئاکارییەکان بیر ڕەت دەکەنەوە، بەهەمان شێوەش دان بە شرۆڤە عەقڵییەکانی دی ناهێنن، ئەوان دیاردەکان ڕەت ناکەنەوە، ئەو دیاردانەی کە ئەوانی دی بە (بیر) ناوزەدی دەکەن، بەڵام شرۆڤە شاراوەییەکانی ئەم دیاردانە ڕەت دەکەنەوە، لەبەر ئەوە (واتسن) بیر بەم شێوەیە شرۆڤە دەکات: (گوزارشتی بیرکردنەوە هەموو ئاکارە درکاوییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە کە بەردەوام دەبێت - واتە ئاکارە درکاوییەکە لەخوار ئاستی درکاویەوەیە subvocal ص 243، جا (واتسن) بیرکردنەوە بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات، کە ئەمانەن:

1- بەکارهێنانی وشەکان لە ئاستێکی خوار درکاوەکاندا ئەویش کاتێك کە نەریتە درکاوەکە بە تەواوەتی چەسپابێ، کاتێك کە پرسیارت لێ دەکەم و دەڵێم ئایا دوا وشەی فاتیحە کامەیە؟ ئەوا ئەوکاتە تۆ سوورەتی فاتیحە لەخوار ئاستی ئاخافتنەوە دەخوێنی ، پاشان وشە کۆتاییەکەمان پێ ڕادەگەیەنێت، بەمشێوەیە ئەرکێکی ئاخافتن ژێراوژێر مومارەسە دەکەیت لە پێشووتر فێری بوویت.

2- هەروەها بیرکردنەوە دیسانەوە لەحاڵەتێکدا بەردەوام دەبێت کە بەرەنگاری هەڵوێستێك یان هۆشیارکەرەوەیەك دەبین، کە فێری ئەوە نەبووبێتین و کاردانەوەمان بەرامبەر هەبێ ، یان خۆمان لەسەر وەڵامدانەوەی ڕانەهێنابێ.

گەر لێت بپرسم ئایا دەرەنجامی جاران کردنی (22) بە (222) چەندە، ئەوا کردەکانی جاران کردن بەشێوەی ئاخافتن لەخوار ئاستی ئاخافتنەوە ئەنجام دەدەیت و وەڵامی گونجاو پێشکەش دەکەیت.

ئێمە لەم حاڵەتەدا وەکو ناوەڕۆك ئەرکێکی درکاوی مومارەسە دەکەین کە پێشووتر فێر نەبووین،یان ماوەیەکی زۆر بەسەر فێربوونیدا گوزەری کردبێ تاکو لەبیرکردنەوەیدا هەندێك شتمان لێ لەبیر چووبێتەوە.

3- لێرەدا جۆرێکی دی بیرکردنەوە هەیە،کە پێی دەوترێت بیرکردنەوەی بونیادنەرانە، یان بیرکردنەوەی نەخشەئامێز یان هەر ناوێکی دی لەمجۆرە.

جا ئەم جۆرە هەمیشە فێربوونێکی نوێی لەتویٚ دەگرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەڵوێستەکە بۆ ئێمە زۆر نویٚ و تازەیە، یان تۆزقاڵێك نوێیە، گریمان هەردوو چاوتم بەستیەوە و لێتم داواکرد کە سیٚ شتی مەعدەنی کە بەیەکە بەستراون لەیەکدیان جیابکەیتەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە وشە و چرپە و قسەکردن دادت نادات، بەڵکو پێویستە هەردوو دەستەکانت بەکاربهێنیت، تاکو کۆششێکت سەردەگریٚ ئەمەش دەبێتە یەکەم کۆششی تاقیکردنەوەیەکی فێرخوازی ئاسایی، ئێمە ڕۆژانە چەندەها کێشەمان بەرەنگار دەبێتەوەو بەفێربوون چارەسەری دەکەین، هەر بەم شێوازە ئاکارییەکان داهێنانی شیعری شرۆڤە دەکەین، بەو ئیعتبارەی کە تاوتویٚ کردن و مامەڵەکردنێکە لەگەڵ وشەکاندا تاکو لەکۆتاییدا شاعیرەکە فۆرمەلەیەکی نوێی دەست دەکەوێت، بەڵام لەوانەیە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا گەر ئەم مەسەلەیە بەم شێوازەیە، ئیدی بۆچی منیش بە تاوتویٚ کردنی وشەکان نابمە شاعیر؟ لەوەڵامدا دەڵێین کە تاوتویٚ کردنی وشەکان لەلایەن ئەدیبێکەوە بۆ زیرەکی و شارەزاییەکەی دەگەڕێتەوە لەو بوارەدا، بەڵام

وەرگێڕان

تاوتویٚ کردن و چارەسەرییەکانی من بۆ وشەکان هیچ شارەزایی و لێزانینێکی نەگرتۆتەخۆ، بۆ نموونە ئەدیبەکان مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ وشەکاندا دەکەن، ئەویش لەژێر سایەی بارودۆخێکی هەڵچووناوی و فرەکردەیی ئاڵۆز، ئەو لەم حاڵەتەدا لەگەڵ وێنەکێشدا جیاوازییەکی هەیە، چونکە وێنەکێش شارەزاییەکی لەرادەبەدەری بە ڕەنگ و شێوە و ئامرازەکانی وێنە و نیگارەکان هەیە...

زاناو پیشەیەکان و بگرە داهێنانکارانیش هەروان، (واتسن) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوە هەمیشە لە بیرکردنەوەدایە و دەڵیٚ: کاتێك کە تاکێك کاردانەوەی بەرامبەر بە هەڵوێستێك یان شتێکی تایبەت دەبیٚ، ئەوا ئەوکاتە هەموو جەستەی ئەو تاکە وەڵامدەری هەڵوێستەکە دەبیٚ،کەواتە یاد لەڕاستیدا چالاکییەکە لە چالاکییەکانی لایەنی ئاخافتن، ئەویش لە تەواوی نەریتێکی گشتی.

گەر لێت بپرسم ئایا چۆن بۆینباغێکی مل دەبەستیت، لەوانەیە وشەگەلێکی ئەوتۆت دەست نەکەوێت بۆ گوزارشت کردن لەم کردەیە، بۆیە بەشێوەیەکی

پراکتیکی ئەم کارە ئەنجام دەدەیت، هەر بەم شێوەیەش ئێمە زمان لە بیرکردنەوەدا بەکاردەهێنین ئەویش لە حاڵەتێکدا کە بتوانین کارە ماسولکەییە تەواوەکە بۆ ئاخافتن کورت بکەینەوە، جا کە مرۆڤ بیردەکاتەوە، ئەوا (هەموو سیستەمەکانی جەستە بەشێوەیەکی کاکڵەیی لەکاردان، ئەمەش حاڵەتی بیرکردنەوەمان بۆ شرۆڤە دەکات، کە بەبێ بەکارهێنانی وشە ئەنجام بدرێت.

**ئەو بەڵگانەی کە بۆچوونی ئاکارییەکان پاڵپشت دەکات:**

ئاکارییەکان پێیان وایە کە چەندەها بەڵگە ئەم بۆ چوونەیان دەسەلمێنێ، کە ئەمانەن:

1ـ یەکەم گروپی بەڵگەکان لەسەرنجدانی ئاکاری منداڵانەوە وەردەگیرێت، منداڵان بەدەنگێکی بەرز بیردەکەنەوە، بەڵام کەس و کاری منداڵەکە هەمیشە سەرزەنشتی دەکەن و پێی دەڵێن کە غڵبەو گاڵە گاڵ نەکات، کۆمەڵگاش بەشێوەیەکی گشتی سزای ئەو کەسە دەدات کە لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات، لەبەر ئەوە هەموو کەسێك هەوڵ دەدات کە کەمتر لەگەڵ خۆیدا قسە بکات، واتە وەڵامدانەوەو کاردانەوەی خۆی کاڵ بکاتەوە (واتە لە دەنگ بەرزییەوە ـ چپە ـ ئاخافتنی کاکڵەیی).

توێژینەوەش سەبارەت بە بزاوتی ماسولکەکان لەکاتی بیرکردنەوە بەبێ دەنگی ئەنجام دراوە، (جاکۆبسن) 1932 لەتوێژینەوەیەکیدا دەریخستووە کە تەوژمە کارەباییەکان بەو شێوەیەی کە (کالفانۆمیتر) پێواندویەتی، بە ماسولکەکانی قۆڵدا تێپەڕ دەبێت ئەویش لەکاتی هەڵگرتنی باری قورسدا، کاتێکیش کە توێژەر داوای لەو کەسە کرد کە تاقیکردنەوەکانی لەسەر دەکرێت، بیر لە داکوتانی بزمارێك بکاتەوە، بە لێدانی چەکوشێك بۆ دووجار، ئەوکاتە دوو (باری) یەك لەدوای یەك لەسەر (کالفانۆمیتر)ەکە دەردەکەوێت، پاشان کە توێژەرەکە داوای لەو کەسە کرد کە بەدەستی چەپەی چەکوچەکە لێبدات، هەمان ئەو تەوژمە کارەباییانە لەقۆڵی ڕاستیدا دەرنەکەوتن.

هەروەها ماکس (1937) لەو تەوژمە کارەباییانەی توێژییەوە کە بە قۆڵی کەڕولاڵاندا تێدەپەڕن، ئەوانەی کە لەکاتی خەوبینیندا دەستەکانیان لە

قسەکردندا بەکاردەهێنن، ئەم توێژەرە بینی کە تەوژمە کارەباییەکان لە هەندێ حاڵەتەدا توندتر دەبن ، بۆیە کاتێك کە ئەو کەرولاڵانەی بەخەبەر کردەوە ، لێیانی پرسی ئایا خەودەبینێت، لەکۆی ژمارەی (33) جار، (30) جاریان بە (بەڵێ) وەڵامیان دایەوە، وەکو کردەیەکی کۆنترۆڵکردنیش (62) جار لەکاتی نزم کردنەوەی تەوژمە کارەباییەکان بەخەبەریانی دەکردەوە و پرسیاری ئەوەیانی لێ دەکرد ، کە ئایا خەویان بینیوە یان نە، (9) جار وەڵامیان بە (بەڵێ) دایەوە ، کەچی لە (53) جارەکەی دی وتیان کە خەویان نەبینیوە، توێژینەوەیەکی پێشووتریش دەریخستووە کە ماسولکەکانی زمان و گەروو لەکاتی بیرکردنەوە دەجولێنەوە (بڕوانە هەس 1965)،هەروەها چاوەکان لەکاتی خەوبینیندا دیسانەوە دەبزوێن (بڕوانە ئۆسوالد 1962 و کینان 1970) .

ئێمەش بۆ روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە و زیاتر تیشك خستنەسەری پشتمان بە بۆچوونی (واتسن) بەستووە، بەڵام ئاکارییەکانی دی زۆر جیاوازیان لەگەڵ ئەودا نییە بۆ نموونە (سکنەر) هەمان ئەو بیروڕایەی هەیە.

وەرگێران

سکنەر سەبارەت بە مەسەلەی پەیوەندی زمان بە بیرەوە دەڵێت (ساناترین و باشترین چارەسەرییەکان ئەوەیە کە وەك ئاکارێك بڕوانینە بیرکردنەوە، چ ئەو بیرکردنەوەیە درکاو چ نادرکاوبێت، کاکڵەیی یان دیاردەیی بێت، چونکە ئەمە کردەیەکی تەم و مژاوی بەرپرسیاری ئاکارەکانە، بەڵکو جاری وا هەیە هەر ئاکارەکە خۆیەتی کە هەموو ئالۆزی و هەموو پەیوەندییە کۆنترۆڵکارەکانی گرتۆتەخۆ، ئەویش سەبارەت بەو مرۆڤەی کە ئاکارەکە ئەنجام دەدات و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی) (سکنەر 1957). دەشتوانین بەشێوازێکی دی بلێین کە بیرکردنەوە ئاکارە، کە جاری وا هەیە لەوانەیە ئاکارێکی درکاوی دیار یان زۆر جار لەوانەیە کاکڵەیی بێت، لەوانەشە ئاکارێکی نادرکاوی دیاریان نادرکاوی کاکڵەیی بێت.

بەڵام (بافلۆف) لە هاوشێوەی ئەم دەسپێکانەوە دەست پێ دەکات، کە لە بنەڕەتەوە فێربوونی مەرجایەتییە، بەڵام گریمانەکانی خۆی لەسەر کارایی دەزگای دەمارگیری بونیاد دەنێت، بەتایبەتی توێکڵی مێشك، زمان سیستەمێکی ئاکارییە کە ناوی سیستەمی ئاماژەی دووەمە و لە سیستەمی

ئاماژەی یەکەمی کردەکانی گشتاندنەوە پەیدا دەبێت، واتە فێربوونی مەرجایەتی هەستی کە پێشتر لەلاپەڕەکانی پێشوودا باسمان کرد، چونکە لەپاش ئەوەی کە مرۆڤ بەمەرجایەتی فێر دەبێ، ئەوا هاوکوف کردنەکان دەگشتێنرێ، بەشێوەیەك کە وشە شوێنی هاوکوف کردنە ڕەسەنەکە دەگرێتەوە، واتە وشە دەبێتە ئاماژەی ئاماژەکە و لە بەکارهێنانی زمانەکەوە شێوازێکی دینامیکی پەیدا دەبێت، کە سیستەمێکی مەرجایەتی یان زنجیرەیەکە لە وەڵامدانەوە مەرجدارانەی کە چەند جارێك بەهەمان ڕێکخستن و بەهەمان زنجیرە ڕێکخراون، بەشێوەیەك کە تاك بە ئاسانییەکی زۆر ئەنجامی دەدات، ئەم شێوازە دینامیکیە بە بنەوانەی فسیۆلۆجی شارەزاییە ئاڵۆزەکانی زمان و توێژینەوە و کارکردن هەژمار دەکرێت... هتد.

لێرەدا دەبینین کە ڕێژەیەکی زۆری لێکتێنەگەیشتن سەبارەت بە بۆچوونەکانی (بافلوف) و یاوەرانی قوتابخانەکەی لە ئارادا هەیە،شێوازی دینامیکی زمانەوانی لە توێی سیستەمی ئاماژەی دووەمدا بونیادنراوەو وەرگێران لەسنوورەکانی دەرناچێت لەبەر ئەوە سیستەمی ئاماژەی یەکەم و پەیوەندییە ڕەگییەکانی نێوان ئاماژەکان دەستی تێوەرنادەن، لەلایەکی دییەوە هەندێك پێیان وایە کە سیستەمی ئاماژەکاری دووەم دەکاتە زمان و قسەکردن، چونکە ئەوا ئەو گریمانەیە دەکەن، کە هەر کاتێك کە تاکێك وشەیەکی دەدرێتێ و کە دەبێتە وەڵامدانەوەی وشەکە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کارایی سیستەمی ئاماژەکاری دووەم.

هەندێکی تریش لەو باوەڕەدان کە سیستەمی ئاماژەی دووەم سیستەمی هۆشیارکەرەوەی دەمارە و لەبەر ئەوە سیستەمێکی زمانەوانییە، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان، کە وشەکان ڕاوێژی سیستەمی ئاماژەی یەکەم دەکات کە زمان مەرجێکە بۆی.

ئەم شرۆڤانە هەموو لە ڕاستییەوە دوورن، جا بۆ ئەوەی لە قسەکانی (بافلۆف) تێبگەین، دەبێ تۆزێك بە درێژی ئەم مەسەلانە باس بکەین:

یەکەم: سیستەمەکانی ئاماژەکردن چەند سیستەمێکی هۆشیارکەرەوەی دەرەکی نین، بەهەمان شێوەش سیستەمگەلێکی ئاماژەکان نین، بەڵام

کۆمەڵە سیستەمێکن کە لە پەیوەندییە دەمارییەکان پێکهاتوون، کە لە توێکڵی مێشك و لەژێر کاریگەری ئەم هۆشیارکەرەوە دەرەکییانە دروست دەبێت، بێ گومان هۆشیارکەرەوە دەرەکیەکانیش سیستەمێکی دیاریکراو دروست دەکات، پاشانیش سیستەمەکانی پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی دەمار لە مێشکدا دروست دەبن، ئەویش بە پشت بەستن بە بوونی ئەم هۆشیارەکەرەوانە لە دەرەوەی کائینە ئەندامییەکە بەشێوەیەك کە کاریگەری بەسەر هەستەکانیدا هەبێت، پاشان کاریگەری بەسەر توێکڵی مێشکدا دەبێ ، لەبەر ئەوە بەگوێرەی بۆچوونی کردەکانی ئەقلی باڵا. ناوی سیستەمی ئاماژەکاری تەنها بە سیستەمەکانی پەیوەندییە دەمارگیرییە کاتییەکانی توێکڵی مێشك دەوترێت و سیستەمەکانی هۆشیارکەرەوەی دەرەکی پێ ناوزەد ناکرێت،بەڵکو ئەم پەیوەندییانە ناو دەنێین (ناوی ئاماژەکاری) چونکە لەژێر هۆشیارکەرەوە دەرەکییە بابەتییەکان کاردەکەن.

دووەم: وشەکان هەمیشە هۆشارکەرەوەی ئاماژەیی دووەم نین، وشە وەکو هۆشیارکەرەوەیەکی دەرەکی جیاوازی لەگەڵ هیچ هۆشیارکەرەوەیەکی مادی تردا نییە، چونکە وشە بنەمایەکی هەستی (دەنگی یان بینراو)هەیە. لەبەر ئەوە کاریگەری بەسەر سیستەمی ئاماژەی یەکەمدا هەیە، چونکە کاریگەری بەسەر شیتەڵکراوەکانی کەسدا هەیە لەبەر ئەوەی وشە پێش هەموو شتێك هۆشیارکەرەوەی ئاماژەکاری یەکەمە، بەمشێوەیە وشە وەکو هەر هۆشیارکەرەوەیەکی هەستی ترەو قابلیەتی ئەوەی هەیە کە هەستی پێ بکەین و لێی تێ بگەین و لەخەیاڵماندا وێنەی بکێشین، جا بە پشت بەستن بە وروژاندنی سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم لەلایەن وشەوە، لەهۆشی تاکدا خەیاڵێکی ئاڵۆزی وشە لە هەر سێ ڕەهەندەکانی بینین وبیستن و جووڵەوە بۆ وشە دروست دەبێت، یان بۆ بیرۆکەی وشە دروست دەبێت. کاتێکیش کە ئەم حاڵەتە روودەدات ، ئەوا ئەوکاتە سیستەمی ئاماژەکاری دووەم بزر دەبێت (هەروەکو لای ئاژەڵان دەردەکەوێت) یان دەست بەتاڵ و بێ کارە، وەکو (لەلای مرۆڤ هەندێ جار دەردەکەوێت).

مەسەلەیەکی ئاساییە ئێمە دەتوانین وەڵامدانەوەیەکی مەرجداری هۆشیارکەرەوەی درکاوی لەلای ئاژەڵانی باڵا دابمەزرێنین، هەرچەندە سیستەمی ئاماژەکاری دووەم لەلای ئەم ئاژەڵانە بزربووە، و دەرەنجامیش وشەکان لەم حاڵەتانەدا تەنها دەبنە چەند ئاماژەیەکی سەر بە سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم، کاتێکیش کە بەرەنگاری وشەیەك دەبێتەوە کە سەر بە زمانە نەتەوەییەکەیە و لەپێشدا ئەو وشەیەی بەرەنگار نەبۆتەوە، ئەوا لەو حاڵەتەدا بە ئاماژەی یەکەم هەژمار دەکرێت، کاتێکیش دەڵێم کە من لەم وشەیە تێناگەم، مەبەستم لەم حاڵەتەدا وشەکە سەبارەت بە من ئاماژەی یەکەمە.

ئێستاش پرسیاری سەنتەر لەوەدا بەرجەستە دەبێ، ئایا ئەو مەرجانە چین، کەوا لە وشە دەکەن سیستەمی ئاماژەکاری دووەم و یەکەم بورووژێنن،بە گوزارشتێکی دی دەتوانین بپرسین ئایا تایبەتمەندییەکانی سیستەمی ئاماژەکاری دووەم چین، مەرجی بنەڕەتی ئەوەیە کە شارەزایی پێشوەخت و بۆماوەیەکی زۆر سەبارەت بە وشە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو شتە جۆراوجۆرانەدا هەبێ کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات ، هەر ئەم حاڵەتەشە کە منداڵ لەگەڵ زمانە زگماکەکەی خۆیدا بۆی دروست دەبێت.

منداڵ دەرك بە چەندەها شتی هەمەجۆر دەکات، لەهەمان کاتیشدا چەند ناوێك بۆ ئەم شتانە دادەنێت کە لە دەوروپشتی خۆیەوە گوێی لێ دەبێت، ئیتر منداڵ زوو تێ دەگات ، کە هەرچەندە چەند شتێك هەن کە خاوەنی یەك ناون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەك نابێتە ناو بۆ هەموو شتەکان، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆکاری ئەوەی کە منداڵ دەست بە ئادگارێکی وێکچوو ئەو شتانەوە بگرێت کە یەك وشە دەبێتە ناوێك بۆیان، ئیدی وشەکە بەو ئادگارەوە پەیوەست دەبێ، و جۆرێك لە گشتاندن لەژێر کاریگەری وشەکە دروست دەبێ و هەموو ئەمانەش لەتوێی سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم بەڕێوە دەچن، بەڵام ئەم گشتاندنە بۆ دروست بوونی چەمکێکمان ڕاپێچ دەکات کە ڕەنگدانەوەی هەموو ئادگارە بنەڕەتییەکانی شتەکانە و بەمشێوەیە وشە دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ئاماژەی گشتی، پاش ئەوەی کە تەنها ئاماژەیەکی لاوەکی بوو،پاشان دەبێتە ئەلتەرناتیڤی ژمارەیەکی زۆری

هۆشیارکەرەوەی شتەکانن، ئەم چالاکییە گشتییە دەبێتە ئادگارێکی جیاکاری سیستەمی ئاماژەی دووەم، کە ئەمەش ئەرکە بنەڕەتییەکەیەتی لەبەر ئەم هۆکارە سیستەمی ئاماژەی دووەم بە بنەمای فسیۆلوجی بیرکردنەوەی بواری چەمك و بیروبۆچوون هەژمار دەکرێت، ئەگەرچی بیرکردنەوە لەسەر رێچکەی وشەکان نەبێت، بەڕێوە ناچێت، ئەوا ئێمە بەوشە گوزارشتی لێ دەکەین و بە یارمەتی وشەکان نەبێت ناتوانین دەستەبەری بکەین، کەواتە بیر بە زمانەوە پەیوەستە، بەڵام پێش ئەوەی کە وشە بە چەمکەوە بلکێ، ئەوا تەنها سیستەمی ئاماژەی یەکەم دەوروژێنێ، وەکو دەرەنجامێکیشی دەبینین کە شێوازە دینامیکییە زمانەوانییەکە بە پەیوەستکارییە ئاماژەدارەکانی یەکەم و لکێنراوە ئاماژەدارەکانی دووەم و پەیوەندییەکانی نێوانیان جیاکارە.

کاتێك کە مرۆڤ دەرك بە هۆشیارکەرەوەکان دەکات، چ شت و چ وشەکان، ئەوا ئەوکاتە سیستەمی ئاماژەکان دەست بەچالاکی دەکات، جا لەبەر ئەوەی کە هۆشیارکەرەوەی دەرەوەی چ شت و چ وشە هۆشیارکەرەوەیەکی ئاڵۆزە، ئەوا لە مێشکدا پەیوەستکارییەکی دەماریانەی کاتی لەژێر ئەم هۆشیارکەرەوانە دروست دەبێت و دەکەوێتە ناو چوارچێوەی سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم، پاشانیش دەشێ ئەم پەیوەستکارییە دەمارییە کاتییانە بەبێ هۆشیارکەرەوەی دەرەکی دروست ببێت، ئەویش وەکو دەرەنجامێکی ورووژاندنی ناوچەکانی دراوسێی مێشك، ئەم کردەیەش بە بنەمای پێکهاتنی نەخشەی شمەك و وشەکان لە خەیاڵدا هەژمار دەکرێت، دەنگەکانی زمانی مرۆڤیش دەکرێ لەلای ئاژەڵ پەیوەست بکرێ وەکو راوێژکاریەکی سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئاژەڵە دەسەمۆکان وەڵامدانەوەی فەرمانە زمانەوانییەکانمان دەبن، چونکە ئاژەڵ وەڵامدانەوەکەی لەسەر ئاستی ئاماژەی یەکەم بەڕێوە دەچێت، بەڵام گشتاندنی هۆشیارکەرەوەکان کە لەژێر کاریگەری وشە بەڕێوە دەچێت دەتوانین دەربارەیان بڵێین، کە چالاکییەکی سیستەمی ئاماژەی دووەمە کە بەشێوەیەکی ستوونی لەسەر سیستەمی ئاماژەی دووەم بونیاد دەنرێت ، پاشان دەبێتە بنەوانەی فسیۆلۆجی بیرکردنەوەو

زمان، ئەویش لە گوزەرگای ئەو پەیوەست بوونانەی کە لەنێوان ئەو پەیوەندییانەدا هەیە لەتوێی هەریەك لە سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم و سیستەمی ئاماژەکاری دووەم لەلایەکەوەو لەنێوان پەیوەندییەکانی هەردوو ئەو سیستەمانەدا لەلایەکی ترەوە.

با ئێستاش بەدواداچوونێك بۆ وشە بکەین، ئەویش هەر لەوکاتەی کە دەگاتە گوێ، بۆ ئەوەی بزانین بەچ شێوازێك گوزەر دەکات، کاتێك کە دەنگە زمانەوانییەکان دەگەنە گوێ، وورووژانە دەمارییەکە دەگاتە توێکڵی مێشك و سیستەمی ئاماژەکاری یەکەم دەوروووژێنێت، پاشان ئەم وروووژاندنە بۆ سیستەمی ئاماژەکاری دووەم دەگوازرێتەوەو ئیدی ئێمە لەم حاڵەتەدا وشەکە تێدەگەین ،هەروەها بۆ روونکردنەوەی بیرۆکە ئاڵۆزەکە.

لەتوێی بنەماکانی بیر لە زمانی نەتەوەییدا، چەند پێکهاتەیەکی پەیوەست بوون ئاماژەکاری دووەم بەدی دەکرێت ، کە پەیوەندییەکی زۆر پتەویان بە پەیوەست بوونە دەمارییەکانی سیستەمی ئاماژەی یەکەمەوە هەیە،کە وەك دەرەنجامی دەرك کردنی شتەکانی جیهانی دەرەکی پێك دێن ،هەروەها بەهەمان شێوەش لەڕووگە هەستییەکەوە بەخەیاڵکردنی وشەکانیشەوە دەلکێ لەڕێی بیستن و بینین و جووڵەوە، کاتێکیش کە شتێکی ڕوون یان خەیاڵکراو بەوشەیەکی دیاری کراو بانگەشە دەکەین، کە بەرامبەر بەو شتەیە لە زمانە زگماکە نەتەوەییەکەدا بۆ نموونە با بڵێین (شمشێر)، وروووژانە دەمارییەکان لە توێکڵی مێشك دەگوازرێتەوە، بەڵام کاتێك کە لەژێر کاریگەری وشەی (شمشێر) خەیاڵی وێنەی شمشێرەکە دەکەین، ئەوا ئەو وروووژاوە دەمارییە لەڕێگایەکی بەرەواژدا گوزەردەکات ،بەهەمان شێوەش سەبارەت بە وشە هاوواتاکەی (شمشێری هیندی - شمشێری ئاسایی) هەروایە، بۆ نموونە ئەم وشەیە بەهەمان لۆجیك دەگوازرێتەوە و وروووژانە دەمارییەکان لە گوزەرگای ئەو دوو سیستەمەوە و تۆڕی پەیوەستبوونەکانیانەوە دەگوازرێنەوە، کەواتە لێرەدا سیفەتگەلێکی هاوبەشی لەنێوان شمشێری ئاسایی و شمشێری هیندیدا هەیە، هەروەها سیفەتگەلێکی شمشێری ئاسایی هەن ،کە لە شمشێری هیندیدا نییە، لە شمشێری هیندیش چەند سیفەتێك هەن، کە لە شمشێری ئاسایدا نییە.

بافلۆفییەکانیش ئەم شرۆڤەیە بە پێویست دەزانن بۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و بیرو لایەنە فسیۆلۆجییەکان، چونکە:

1ـ بەفسیۆلۆجی کردن یەکانگیری بونیادو ئەرك زامن دەکات.

2ـ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگە ئیکلینکیەکان، کە جەخت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان زمان و مێشك دەکەنەوە،ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە جەخت لەسەر بیرو مێشك دەکەنەوە، پاشانیش پەیوەست بوونی نێوان زمان و بیر هەردووکیان هەر لەمێشکدا ئەنجام دەدرێن، پێشووتریش ئاماژەمان بەم مەسەلەیە داوە.

وەرگێڕان

# زمان لای منداڵ لاساییکردنەوە

**بەشی یەکەم** **و: ئارام ڕەشید**


**پێداچوونەوەی: د. ئازاد باخەوان**

**زانکۆی کەرکووك**

لەم لێکۆڵینەوەماندا ((دیاردەی لاساییکردنەوە)) وەردەگرین لە ماوەیەکی دیاریکراودا، تایبەتیش دەبێت بەفێربوونی دەنگەکان و وشەکان، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە لاساییکردنەوە دیاردەیەکی گشتییەو نزیکە لە واتای (وەرگرتن). کە بەهۆیەوە دیاردەی لاساییکردنەوە (لاساییکردنەوەی زمانەوانی و لاساییکردنەوەی جوڵاندن و بزاوتن و زۆربەی سیما کەسێتیەکانی تر) لەخۆ دەگرێت .

منداڵ بەهۆی لاساییکردنەوە لەتەمەنی قوتابخانەییدا هەموو کلتووری شارستانی هەژموون دەکات و دەینوێنێت.

ئەم دیاردەیە (جیوم و لویس و مەکارس و گریگوار) لێکۆڵینەوەیان لەبارەیەوە کردووە. کاری ئێمە لەم بەشەدا پەیوەست نییە تەنها بەچەند نووسەرێکەوە، بەڵکو وەکو دەبینرێت کاری ئێمە لەهەوڵدانین بۆ زیاتر ئاشنابوون بەڕاو بۆچوونە جیاوازەکانی قوتابخانەکانی دەروونناسی، تەنها بەخستنە ڕووی ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان نەوەستاوین بەڵکو ڕای نووسەرانی تریشمان خستۆتە بەرچاو کەپێیمان ڕاو بۆچوونەکانیان گرنگییەکی وەرگێڕان گەورەی هەیە لەوروژاندنی لایەنێك لەبابەتەکەدا.

هیدچ کەسێك نکۆڵی لە گرنگی لاسایکردنەوە ناکات . هەر لەسەدەی نۆزدەوە 1894(بریێر) جەختی لەسەر کردووە ((لاسایکردنەوە گرنگترین فاکتەرە لە فێربوونی زمان لەلای تاکەکان))، ((ئەم قۆناغە بێ هەستیارە لە فێربووندا))، بەڵام (ئەشترن) لەسەدەی بیستەمدا 1924 لاساییکردنەوە بە((یەکەم فاکتەر و گەورەترین فاکتەر دادەنێت لە فێربوونی زمان)). (مەکارسی)ش لەساڵی 1952 دەڵێت ((ئێمە دەتوانین درك بە دیاردەی لاساییکردنەوەبکەین، کاتێك کە منداڵ فێری ئەو زمانە دەبێت کە لەدەوروبەرێتی، گرنگترین بواریش کە منالْ لاساییکردنەوەی تێدا دەکات، بواری زمان و بواری جموجۆڵ و بزاوتن))ە.

پێویست بەوە ناکات بەردەوام بین لەسەر باسکردنی گرنگی لاساییکردنەوە، ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ حاڵەتی ئەو کەسانە بەبیری خۆیدا بهێنێت کە لە دایکبوونەوە و تووشی (کەڕیی تەواوەتی) بوون، بۆئەوەی بزانێت

کەهەرچەندە ئەوان ((کۆ ئەندامی دەنگییان))تەواوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن فێری قسەکردن بن، بەڵکو تا ئەو کەسانەی کە لەپاش فێربوونی قسەکردنیش، تووشی کەڕیی بوون دەبن، دەیانبینین وردە وردە ئەوەی فێری بوون لەبیریان دەچێتەوە.

(بیاجێ) لەکتێبە بەنرخەکەیدا ((دروستکردنی هێما لەلای منداڵ)) زیرەکی و لاساییکردنەوە پێکەوە دەبەستێتەوەو وای دەبینێت کە درێژکراوەی جموجۆڵەکانی خۆگونجاندن و خۆڕاهاتنن.

ئەو جموجۆڵانەی کە بەڕای ((بیاجێ)) لەبنەڕەتدا زیرەکی هەستی جوڵەیی جیادەکاتەوە، ئەم جموجۆڵانەی خۆگونجاندنیش بۆ ئەوە کاردەکات، کە شتە دەرەکییەکان بەرجەستە بکات و بینوێنێت، بۆیە لەئەنجامی ئەمەدا چوارچێوەکانی زیرەکی گونجاو دەبێت لەگەڵ شتەکان ((پوختەی ڕاوبۆچوونی بیاجێ لەسەر لاساییکردنەوە ئەوەیە کە هاوسەنگییەك هەیە لەنێوان گەشەسەندنی لاساییکردنەوەو گەشەسەندنی زیرەکی، بەڵکو لاساییکردنەوە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی زیرەکی)). ئەم بیرۆکەیەش نزیکە لەقوتابخانەی جەشتالتەوە.

وەرگێران

لەلای نووسەرە جۆراو جۆرەکان، سەرهەڵدانی لاساییکردنەوەو ماوەی چالاکییەکانی لەڕۆژی یەکەمەوە دەستپێدەکات تاکو تەمەنی چوارساڵان، وەکو ئێستا دەیخەینە بەرچاو : - ((پرییر1894)) هەرچەند لەشارەزایانی تر کۆنترە، بەڵام ماوەیەکی بەجێی داناوە بۆ سەرەتای لاساییکردنەوە ، ئەویش چارەکی کۆتایی ساڵی یەکەمە، ئەمەش ئەو ماوەیەیە کە لەلای ئێمە پەسەندەو دوای بەسەرکردنەوەی ڕاوبۆچوونی چەند نووسەرێك لەسەری ڕادەوەستین.

لەلای ((لوریمەر - 1929)) سەرهەڵدانی لاساییکردنەوە لەماوەی کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم و سەرەتاکانی ساڵی دووەم دەبێت . هەروەها ((جەزل)یش لەکتێبێکیدا کە لەساڵی 1940 بڵاویکردەوە لەدیاریکردنی ماوەی لاساییکردنەوە بەهامان شێوەی ((پرییر)) بۆی دەچێت و چلەمین حەفتەی تەمەنی منداڵ بەسەرەتای سەرهەڵدانی ماوەی لاساییکردنەوە دادەنێت ، چونکە لەم ماوەیەدا حەزی منداڵ دەردەکەوێت

لەلاساییکردنەوەی جموجۆڵە مانادارەکان و هێماو لێکدانەوەکانی دەموچاوو دەنگەکان)).

بەڵام (جیۆم ـ 1950)) باس لەچوار قۆناغی لاساییکردنەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی ئەوە دەکات کە یەکەم سەرکەوتنی دیار بۆ لاساییکردنەوە لە ساڵی دووەمدا دەبێت ، بەڵکو لەلای منداڵان زووتر گەشە دەکات. ((لوریمەر)) ئەم ساڵە دوادەخات ((لەحاڵەتە نائاساییەکاندا لاساییکردنەوە دوا دەکەوێت بۆ چوارەمین ساڵ کە لەلای منداڵە زیرەکەکان بەساڵی باش دادەنرێت)).

((مەکارس)) دوای ئەوەی ڕای چەندین نووسەر دەخاتە ڕوو دەربارەی لاساییکردنەوە، بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە لاساییکردنەوە لەلای زۆربەی منداڵان لەپاش مانگی نۆیەمەوە سەرهەڵدەدات و بەهێز دەبێت، ئەمەش بەتەواوەتی لەکۆتایی ساڵی یەکەم و سەرەتاکانی ساڵی دووەم بەهێز دەبێت، ئەمەش بەتەواوەتی بۆچونەکانی لەگەڵ بۆچوونەکەی ((لوریمەر))ە.

هەروەها((مەکارس)) پشتدەبەستێت بەچەندین نووسەر، وەك ((شارلۆت بۆهلەر، شارلی، و بیلی)) هەموو ئەم نووسەرانەش باس لەچەند تەمەنێك دەکەن کە نزیکە لەو تەمەنەی ((مەکارسی)) دایناوە بۆ سەرهەڵدانی لاساییکردنەوە لەلای منداڵ .

لەلای ((گریگوار و لویس)) سەرەتای سەرهەڵدانی لاساییکردنەوە دەگەڕێننەوە بۆ تەمەنێکی زووتر لەو تەمەنەی کە نووسەرانی پێشوو باسیانکردووە، لاساییکردنەوە بەلای ((گریگوارە ـ 1937)) لە نیوەی دووەمی ساڵی یەکەمەوە دەستپێدەکات. بەڵام گریگوار ئەو بۆچوونە پەسند ناکات کە هەندێك پێیانوایە سەرهەڵدانی دەنگە لێوییەکان وەك ((ئۆ ـ بۆ ـ فۆ)) لاساییکردنەوەیە، بۆیە گریگوار دەپرسێت : ـ ئایا چۆن دەنگە ددانییەکان و گەروییەکان لێکبدەینەوەو تەفسیری بۆ بکەین، ئەم دەنگانە لەبۆشایی دەمەوە دەردەچێت و بەلای گریگوارەوە ئاسان نییە بلێین منداڵ لاسایی کەسانیتری پیدەکاتەوە. گریگوار سوود لەوتارێکی ((جیۆم))

دەبینێت کە دەڵێت ئەو حاڵەتە لاساییکردنەوانەی لە مانگی سێیەمدا دەردەکەوێت، حاڵەتێکی لاوەکییە.

هەروەها ((کارل بۆهلەر)) پشتگیری لە بۆچوونەکەی گریگوار دەکات، کە ئێمە ناتوانین تاکو ناوەڕاستی ساڵی یەکەم سەرهەڵدانی لاساییکردنەوە جیابکەینەوە، بەڵام بۆهلەر بەگومانە لەو ماوەیە و دەڵێت : ـ مندال گرانی و زەحمەتییەك دەبینێت لەدەربڕینی دەنگە، ئەی ئیتر چۆن گرانی و زەحمەتی نابینێت لە لاساییکردنەوەی دەنگەکانی تر؟ ئەگەر بێینە لای ((لویس 1951)) دەبینین زیادەڕۆیی دەکات و سەرەتای ژیانی منداڵ بەسەرەتای لاساییکردنەوە دادەنێت، لویس ئەم بیرۆکەی داناو وەڵامی بۆ ئەو نووسەرانەش کە چالاکی لاساییکردنەوە دەگەڕێننەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم ، ئەوانە ناتوانن پێشتر تێبینی سەرهەڵدانی دیاردەی لاساییکردنەوە بدەن. لویس زیاتر لەسەری دەڕوات و لاسایکردنەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ مانگی یەکەم لەلای منداڵ، ئەم لاساییکردنەوەیە جیاوازە لەگەڵ لاساییکردنەوەی گەورەکان لەدوو لایەن : ـ لایەنی یەکەم لاساییکردنەوەکە، لاساییکردنەوەی کردارەکانەو ساناو سادەترە لەو لاساییکردنەوەی کە گەورەکان دەیکەن، لایەنێکی تری ئەوەیە، کە لاسایکردنەوەی منداڵ خۆی لەخۆی دا سادەو ساکارەو سەرەتایەکە بۆ ئەو دیاردەیەی کە لەلای گەورەکان بەلاساییکردنەوە ناوی دەبەین.

لویس بەبێ پاڵپشت نەبوو لەقسەکانیدا، ئەوەتا ((پۆنتی 1950)) تێکەڵبوونێك دەبینێت لەدیاردەی لاساییکردنەوە بە دیاردەی گروگاڵ، ئەمەش مانای وایە کە هەندێك لە دەنگەکانی گروگاڵ کەلەسەرەتای مانگەکانی ساڵی یەکەمەوە دەردەکەوێت منالْ بۆ لاساییکردنەوەی کەسانیتر بەکاریدەهێنێت، بەڵام (پۆنتی) لەوتارەکەیدا وای دەبینێت کە لاسایکردنەوە لەنیوەی دووەمی ساڵی یەکەم دەگاتە لوتکە، هەروەها ((مەکارس)) لەگەڵ ئەوەی پێشتر باسمانکرد کەلاساییکردنەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ مانگی نۆیەم، بەڵام تێبینی ئەوە دەکات کەلەنێوان مانگی شەشەمەوە بۆ مانگی دەیەم هەندێك لاساییکردنەوەی دەنگی زۆر سادەو

ساکار دەردەکەوێت، دواتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: (( لاساییکردنەوەی بڕگەو وشەکان تاکو کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم دەرناکەون)).
هەرچەندە (مەکارس) لەزۆرێك لەنووسینەکانی دەربارەی لاساییکردنەوە، بۆچوونەکانی لویس کورتدەکاتەوەو پوختەکەی دەردەخات، بەڵام ڕەخنەی لێناگرێت. بەڵام ئێمە جورئەتێك لەخۆمان ڕادەبینین و جیاواز لەبۆچوونەکەی لویس دەڵێین: ئەگەر لاساییکردنەوە لەتەمەنی چەند مانگی یەکەمدا لاساییکردنەوەیەکی سادەوساکار بێت، ئایا سەرکەوتووتر نابین گەربێت و کەمێك لەسەرخۆبین، پێش ئەوەی بەو دیاردانە بڵێین لاساییکردنەوە، کە لەسێ مانگی سەرەتای تەمەنی منداڵی دەردەکەوێت.
وەکو چۆن هەموو نووسەران و زانایانی تر تەواو بەپێچەوانەی (لویس)ن لەم بۆچوونەیدا؟ منداڵ بەهۆی ((دیاردەی گڕوگاڵ)) ژمارەیەکی بێ کۆتا لەدەنگ دەردەبڕێت، چەندین دەنگ کەهیچ کەسێکی پێگەیشتوو یان ئامێری تۆمارکردنیش ناتوانێت بەوردی دیارییبکات، کەواتە چۆن دەتوانین لەتەمەنێکی زۆر سەرەتاییدا حوکمی سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیاردەی لاساییکردنەوە بدەین؟ تەنانەت لویس خۆیشی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تەنها لەمانگی نۆیەمدا دیاردەی لاساییکردنەوە دەردەکەوێت بەو خەسڵەتانەی کە دواتر لەتەمەنی منداڵیدا جیادەکاتەوە، ئەم نموونەیە پێشتر لەنێو ئەم نامەیەدا دووبارەمان کردۆتەوە، مەبەستمانیش درێژەپێدان نییە، چونکە ئەگەر مەبەستمان درێژەپێدان بوایە ئەم نامەیەی ئێمە چەند جارێك قەبارەی لەقەبارەی ئێستای گەورەتر دەبوو بەڵام مەبەستمان ئەوەیە جیاوازی ڕاوبۆچوونی بیرمەندان و زانایان و گومانیان لەو شتانەی کەدەیڵێن، دەرخەین. ئەو پۆزشت و بیانووەی کەئێمە دەتوانین پێشکەشی بکەین قورسی و گرانی لێکۆڵینەوەیە لەم تەمەنەدا لەبارەی ئەو دیاردانەوە قورسی و گرانییەك کەتاڵی و شیرینیمان لێی چەشتووە، وەکو ئەوانەی کەپێشتر قۆیان لەقەرەی داوەو چەشتوویانە.

وەرگێران

لاساییکردنەوە ئەگەر لەسەرەتای چارەگی کۆتایی ساڵی یەکەمەوە دەستپێبکات، وەك چۆن (بریر) لەسەدەی ڕابردوودا ( مەبەست لەسەدەی

نۆزدەیەمە) باسی کردووە، بەڵام وەکو هەر دیاردەیەکی تری دیاردە دەروونییەکان لەپڕێکداو لەهیچەوە نایەت.

مادامەکی ئەو قەڵەمبازەی کە تایبەتە بەسەرهەڵدانی سیفەتی نویَ لەم نەوەیە یان لەوەیتر لەنەوەکانی جۆرە ئاژەڵدارییەکان بەچەند حاڵەتێکی بەدەستهاتووی ماوەدرێژ لەڕابردووی ئەم نەوە ئاژەڵدارییانەدا پێشەنگ دەبێت، ئەوە چاکتر وایە کەبڵێین ئەو دیاردە دەروونیانەی کە بەهێزی لەماوەیەك لەماوەکانی تەمەندا ئەویش بەهەمانشێوە پێشەنگ دەبێت بەزەمەنێك کە دەکرێت ناوی بنێین ماوەی پەنهانی.

کە لاساییکردنەوە پێش ئەوەی دەرکەوێت پێیدا تێدەپەڕێت، ئێمەش بەمە دان بە چاکەی (فرۆیدا)دا دەنێین لەوەی کە ((شەنگستەی نەست))ی پێناساندین، ئەگەر بێتو بڵێین کە لاساییکردنەوە بەماوەی نائاگادا تێدەپەڕێت، پاشان دەچێتە ماوەی بەئاگابوون، یان گەر بڵێین لاساییکردنەوە دیاردەیەکی خۆڕسکەو لەدەرووندا دەمێنێتەوەو شاردراوە دەبێت تاکو وەختی سەرهەڵدانی دێت، ئاکامەکەی ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ چەند بیرمەندو زانایەك جەخت لەوە دەکەینەوە، کە ماوەیەکی پەنهان هەیە بۆ لاساییکردنەوە، ماوەکەی چەند مانگێکە، پاشان لەدوای ئەم ماوەیەدا ڕوون و بەهێز دەبێت. لویس دەبینێت کە لەنێوان مانگی پێنجەم تا مانگی نۆهەمە، بەڵام لەلای جیۆم لەنێوان مانگی پێنجەم تا کۆتایی ساڵی یەکەمە،
وەرگێران
مەبەستمان لەم جەدەلەی سەرەوە کەباسمانکرد دەربارەی سەرەتای سەرهەڵدانی لاساییکردنەوە، گرنگی ئەم ماوەیەش (ماوەی پەنهانی) ئەوەیە کە لاساییکردنەوە بوونی هەیە. هەروەها (گریگوار) دەڵێت منداڵ لەماوەی کۆتایی ساڵی یەکەم وا دەردەکەوێت وەکو ئەوەی نەتوانێت وەکو جاران لاسایی دەنگەکان بکاتەوە، ئەم ماوەیەش ماوەی داینگەیە، دواتر لەسەرەتاکانی ساڵی دووەمدا منداڵ کەسانی دەوروپشتی خۆی تووشی سەرسوڕمان دەکات، کاتێك ڕەگەزە سەرەکییەکانی قسەکردنی ئاسایی لەلا دەردەکەوێت.

ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کەماوەی تێگەیشتن هەیە خۆی لەچەند مانگێك دەدات، پێش ئەوەی منالّ دەست بکات بەدواندنی چەند وشەیەك

یان پاش ئەوەی منداڵ یەکەم وشەی دواندبێت. ئەگەر تێگەیشتن پەیوەست بێت بەماناوە ئەوە بەپێی حاڵ ماوەی داینگەی لاساییکردنەوە پەیوەستە بەدەنگ و بڕگەکانەوە، هەرچەند کارێکی گرانە بتوانین کاتی دەستپێکردن و تەواو بوونی ماوەی تێگەیشتن دیاریبکەین، هەروەها ناشتوانین کاتی دەستپێکردن و کۆتایی دیاردەی لاساییکردنەوە، بەڵام ئێمە ئەوە یاداشت دەکەین کە دەکرێت جۆرێك لەبەیەکگەیشتن هەبێت لەنێوان ئەم دوو دیاردەیە، کە یەکێکیان پەیوەندی هەیە بەمانای قسەکردن و ئەوەی تریانیش پەیوەندی بە بەرمەبنایەوە هەیە.

ئەوەی ماوەتەوە پێش ئەوەی بەدوو ڕۆڵی لاساییکردنەوە لەفێربوونی زماندا بگەڕێین ، چاکتر وایە ڕاوبۆچوونی خۆمان دەربارەی ماوەی لاساییکردنەوە دەرببڕین، وەکو پێشووتر گەیشتینە ئەنجامی ئەوەی کە لاساییکردنەوە لەدوای مانگی نۆیەمەوە دەستپێدەکات و چەند مانگێك دەبێتە پێشەنگی ئەم دیاردەیە کە بە(قفره الكمون) ناسراوە، هەروەها ئەوەمان بەرچاودەکەوێت کەدیاردەی لاساییکردنەوە لەم مێژووەوە بەردەوام دەبێت تاکو ساڵی چوونە قوتابخانە، وەکو دیاردەیەك کە خاوەن یەکەیەکی خۆیەتی و گرنگیش نییە لەلامان، بەچەند قۆناغدا تێدەپەڕێت لەسەرەتای ساڵی چوونە قوتابخانەوە، وەك چۆن جیۆم ئاماژەی بۆ دەکات لەقۆناغێك ناوی دەنێت چوارەم، چونکە پشکنین و توێژینەوەکەمان تایبەتە بەتەمەنی پێش چوونە قوتابخانە، لویس خۆی ئەوە دەردەخات کە لاساییکردنەوە لە دوای سەرهەڵدانی بەشێوەیەکی بەهێزو چالاك بۆیەکەمجار هەر بەردەوام دەبێت لەماوەی تەمەنی منداڵی پێشوەخت و منداڵی گشتی. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لاساییکردنەوە لەتەمەنی پێش چوونە قوتابخانە جۆری نەبێت، چونکە گرنگی دیاردەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوانە دەگونجێت و ئاڵۆزبوونی و جۆراو جۆری شێوەکانی، کەواتە شتێکی ئاساییە کە دیاردەیەکی گرنگی وەك لاساییکردنەوە چەند جۆرێکی هەبێت، ئەم بابەتەش لەدوای پشکنین و توێژینەوەمان دەربارەی ڕۆڵی لاساییکردنەوەو رۆڵی لەفێربوونی زماندا لەسەری دەدوێین.

میلەر وای بۆ دەچێت کەم منداڵ لەسەرەتادا کاتێك بەدەنگەوە چوونی بازنەیی دەبێت، کەسانی دەوروبەری وا دەزانن کە لاساییکردۆتەوە، بەڵام بەبڕوای (میلەر) ئەم دیاردە کە دیاردەی لاساییکردنەوەی تەواو نییە، چونکە بەتێڕوانینی ئەو، منداڵ لەسەرەتادا ئەو شتانە دەقۆستێتەوە، کە پێشتر لەڕێگەی پەیوەندییە دواندنییەکانەوە فێری بووە، بۆیە لەم قۆناغەدا، باوکان دەستدەکەن بەفێرکردن و ئاشناکردنی منداڵەکەیان بەناوەکان، مادامەکی ئەم کاردانەوانە سوودەکەی لەلای منداڵ دەرکەوت.

هەروەها (پیرناڤێل) هاوڕایە لەگەڵ (میلەر) سەبارەت بەو بڕگەو دەنگانەی، کەوا دەزانرێت منداڵ لاسایی دەوروبەری پێدەکاتەوە، بەڵام لەسەرەتادا ئەوانە لەو زەخیرە بێ سنوورە وەرگیراو کراوە کە لەماوەی گڕوگالیدا بۆ منداڵ ڕەخساوە هەروەها پیرناڤێل ئەو وتەیەی واتسۆن دەگێڕێتەوە، کە دەڵێت: (( دروستتر ئەوەیە کە باوکان لاسایی منداڵ دەکەنەوە نەك بە پێچەوانەوە)) مادامەکی ئەو دەنگەی کە منداڵ دەری دەبڕێت وشێوەی لەو زمانە هەیە کە لەنێوەندەکاندا قسەی پێدەکرێت، باوکان ئەو دەنگانە وەردەگرن و لە بەردەمیدا دووبارەی دەکەنەوە، بەم کارەیانیش هاندەرێك دەدەنە منداڵ کەئەو دەنگە دووبارەبکاتەوە کەلەلای گەورەکان خودان واتایەکی هەیە، نەك دەنگەکانی تر .

کارڵ بۆهلەر بڕوای وایە کە منداڵ ڕاستەوخۆ دەستناکات بە لاساییکردنەوە، بەڵکو لەسەرەتای ئەو دەنگانەی کە گوێی لێدەبێو وەریدەگێڕێتە سەر دەنگە تایبەتییەکانی خۆی.

بۆهلەر بەهەمانشێوەی ڕەفتارییەکان هاوڕایە سەربارەت بە گەڕانەوەی بازنەیی و بەستنەوەی ئینتیباعی بیستن و بەرهەمی دواندن، هەروەها (تلکان) لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادا بەسەرەتایەکی ڕەفتارییانە دەستپێدەکات، بەڵام لەوانەیە کە دان بەبوونی لاساییکردنەوە دابنێت و لەو زانایانەیەکە پێشتر باسمانکردن زیاتر کارەکە جیابکاتەوە، بەبڕوای تلکان ئەو دەنگانەی کەمنداڵ دەری دەبڕێت، یەکەمجار لەئەنجامی هاندەرە ئەندامییەکانی ناوەوە دێتە بەرهەم، پاشان بەهۆی کاریگەری کاری مەرجییەوە ئینتیباعی بیستن بەس دەبێت بۆ دەربڕینی دەنگەکانی،

لێرەوە لاساییکردنەوە دەستپێدەکات لەلای منداڵ، کە هاندەرەکانی وردە وردە لە کەسانیترەوە وەردەگرێت .

هەروەها ئەلپۆرت تێبینی ئەوەی کردووە کە منداڵ تەنها لاسایی ئەو وتانە دەکاتەوە، کە پێشتر بەچاکی پیادەی کردووەو خۆی ڕاهێناوە لەسەری، لاساییکردنەوە لەلای منداڵ لەسەرەتادا تەواو نییە، ئەگەر باوکی بڵێت ((دوڵ - Doll)) لەوانە منداڵەکە تەنها بە ((دا)) وەڵامی بداتەوە. ئەلپۆرت ئەم قۆناغەی یەکەمی لاساییکردنەوە ناو دەنێت .

قۆناغی بەبەغایی و لەدوای ئەم قۆناغە قۆناغێکی تر بەدوای دێ، کە کاردەکات بۆ گۆڕینی ئەم زمانە بۆ زمانێکی کۆمەڵ ، ئەم گۆرینەش بەقەد ئەوەی بەهۆی دەستپێکردنی منداڵە بۆ زیاتر چاکترکردنی لاساییکردنەوەکانی ، ئەوەندەش بەهۆی سوودی دەزگای کۆمەڵایەتییەوەیە.

ئەگەر بێینە سەر قوتابخانەی جەشتاڵت ، ئەوە ئەو گریمانە گشتییەیان کە ئاماژەمان پێکرد دەربارەی فێربوون ، لە لاساییکردنەوەدا دیسانەوە دووبارەدەبێتەوە. ئێستا منداڵ لە لاساییکردنەوەی دەنگەکان و قسەی کەسانی تر دەنگی تازە دەخاتە جێی ئەو دەنگانەی کەدەریکردن ، ئەمەش نزیکە لەوەی کە ((پێسپرسن و واشترن)) پاش کەمێکی تر دەیلێت ، بەڵکو سەبارەت بەوەی کە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان ((وێنە دواندن و دەربڕینەکان و لاساییکرنەوە تازەکان)) لەگەڵ ئەو ((سەروەت و زەخیرە دواندنەی کە منداڵ پێشووتر هەیبوو)) بەیەك گەیشتنێك هەیە لە نێوان جەشتاڵتی و ڕەفتاری دەربارەی لاساییکردنەوە.

وەرگێڕان

بەبۆچوونی جیۆم و میرلۆپۆنتی و گریگوار، منداڵ لەبەرنامەی قۆستنەوەی ئامرازە تایبەتییەکانی کە وردە وردە خۆی لە ڕەگەزە تازەکانی کەسانی ترەوە دەبینێت ، بەردەوام دەبێت لە لاساییکردنەوە لەدوای سەرهەڵدانی ، منداڵ هەموو ئەمانە ئاراستەی مەبەستێك یان ((هەموو))ە، کە لێرەدا ((قسەی بیستراوە))، بۆ نموونە لەلای جیۆم منداڵ تاکو تەمەنی سێ ساڵی هیچ قسەیەك ناکات، جگە لەو قسانەی کەتێکەڵن و روون نین، بەڵام بەهۆی کاریگەری لاساییکردنەوە وایلێدێت کەنموونەی ڕوونتر بۆ قسەکانی

هەڵبژێرێن، لێرەدا دەتوانین نموونەی ئەو وێنانە بهێنینەوە کە منداڵ بۆ کەسەکان دەیکێشێت ، ئەو وێنانە تاکو تەمەنی سێساڵی لەهەموو ڕەگەزێکی پێویست و وردبوونەوەیەك دوورەو تێیدا بەدی ناکرێت، وەك چۆن جیۆم دەڵێت وەك قسە تێکەڵەکانی مندڵ وایە، بەڵام لەچوار ساڵیدا ئەم وێنانە بوار بەکێشانی چاوو سەرو دەم و مل و هەندێکجار درێژەپێدان و جیاکردنەوەی زۆرتر دەدەن، وەك چۆن ئەم وێنانە بەڕەگەزی نوێ جێگیر دەبێت، بەهەمانشێوە قسەکردنی منداڵ بەتایبەتی لەدوای سێ ساڵییەوە گەشەدەکات و پەرەدەسێنێت، بەهۆی لاساییکردنەوە یەك لەدوای یەك کاریگەری دەبێت و لەهەردوو حاڵەتی دواندن و وێنەکێشاندا تێبینی ئەوە دەکەین کە ڕەگەزەکانی دەزگا یان چوارچێوە گشتییەکە بەشێوەیەکی تەواوەتی هاوشێوەی شتەکانی دنیای دەرەوە نییە، بەڵام لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە دەبینین کە منداڵ مەبەستێکی گشتی هەیە، سروشتی بارودۆخەکان فەرزدەکات، پلە پلە روون بکرێتەوەو رەگەزە سەرەکییەکانی لەشوێنی گونجاوی خۆیدا لەجەشتاڵتی مەبەست بۆکراو، جێگیر بکرێت، (میر لۆپۆنتی) لەم بوارەدا باس لەتیۆرێکی سەیری ڤالۆن دەکات، کەتایبەتە بەوەی ڤالۆن ناوی دەنێت (خوارەوەی بارودۆخ) و تایبەتە بەو لاساییکردنەوانەی منداڵ لەدەربڕین و شێوە لە جەستەی کەسانی تر دەردەکەوێت لەگەڵ دەنگەکانیانیش، پۆنتی دەڵێت : ((بەهۆی ئەم ئەرکە دانراوە، دەتوانرێت درککردنمان وەرگێڕینە سەر چەند ئاراستەیەك، لەشێوەی ئاراستەی کەسانیتر بێت)) . ئەمەش هەمان ئەم بۆچوونەیە کە جەشتاڵتییەکان وتیان و (ڤالۆن)یش لەگەڵیاندا هاوڕا بوو، بەبڕوای جەشتاڵتییەکان((درککردن لەتوانایدا هەیە کە ئامادەکییەك لەچالاکی جووڵەیی لەمرۆڤدا بوروژێنێت، پەیوەندی بەم درککردنەوە هەبێت)). پۆنتی نموونەی ئەو منداڵە باسدەکات کەسەیری باڵ، دەیەك دەکات و گوێی لە دەنگی دەگرێت، پاشان دەستدەکات بەنواندن و لاساییکردنەوەی دەنگ و ئاوازی باڵندەکە، کەواتە چاکتر وایە بڵێین کە منداڵ زیاتر لاسایی ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە لەچواردەورین و هەمان بەهای دەربڕینییان هەیە. ئەوەی پێشتر باسمانکرد تیۆری رەفتاری و جەشتاڵتییەکان بوو، بەبڕوای

پێسپرسن لاساییکردنەوەی منداڵ لەماوەی یەکەمی لەفێربوونی وتەکان، لاساییکردنەوەیەکی ناتەواوە، لێرەوە زمانێکی تایبەت بۆ منداڵ سەریهەڵدا کە وتەکانی نامۆن و تەنها کەس و کاری و منداڵەکە لێیتێدەگەن . لە هەردوو بەشەکەی دواتردا باسی ئەم زمانە دەکەین کە ناوێکی تایبەتمان بۆی پێشنیار کردووە((طمطمة الطفل)) پاشان پێسپرسن ڕۆڵی لاساییکردنەوە لە سەرەتاکانی بەدەستهێنان و فێربوونی وتەکان، بەچاکی ئەو ڕۆڵە ڕووندەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی منداڵ لەماوەی گڕوگالیدا سامانێکی گەورەی لەدەنگەکان و بڕگەکان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەم سەروەتە تەنها لەچاکەی فاکتەرێکەوە بوو، ئەویش ئەوەیە کە منداڵ تەنها بەهۆی چالاکی دەزگا دەنگییەکەیەوە توانای دەربڕین و دەرچوونی دەنگەکانی هەیە، بەڵام کاتێك کە سەرنج لە دەنگ و بڕگەکانی کەسانی تر دەدات و هەوڵدەدات لاساییان بکاتەوە، ئەوکاتە هیچی لەدەست نامێنێ جگە لەو ((گمگمە))یەی باسمانکرد، ناتوانێت هیچ بکات، دواتر پلە پلە ئەم ((گمگمە))یە نزیك دەبێتەوە لە زمانی گەورەکان لەلای منداڵە ئاساییەکان .

ئەم بەرامبەرەکییەی کە (پێسپرسن) دەیکات لەنێوان توانستی منداڵ، تەنها لەدەربڕین و دەرکردنی دەنگەکان لەگەڵ لاساییکردنەوەی دەنگی تر، (ئەشترن) بەشێوەیەکی روونتر رووبەڕووبوونەوەی خۆڕەسی منداڵ لەگەڵ لاساییکردنەوەکانی رووندەکاتەوە. خۆبەخۆیی لەلای ئەشترن و زانایانی تری دەروونناسی دەربڕینە لە زاتی بوونی خودو توانستە شاراوەکانی خود وەرگێڕان ، بۆیە منداڵ بەهۆی کارتێکردنی ئەم خۆبەخۆییە دەستەوەستان دەبێت لەوەی کۆپییەکی تر دروستبکات لە لاساییکردنەوەکانی، چونکە ئەو شتانەی کە منداڵ لەکەسانیترەوە وەریدەگرێت بەهۆی خۆبەخۆییەوە دەبێتە مادەیەکی خاوی سەرەتایی، بەجۆرێ کاتێك کە منداڵەکە قسەی کەسانی تر وەردەگرێت و دووبارە دەنگەکانی دادەڕێژێتەوە، سەربەخۆیی تێدا نیشاندەدا، کەواتە خۆبەخۆیی ئاڕاستەی لاساییکردنەوە دەکا لەپێناو ڕێگەیەك.

دەستە بژێرکردنی منداڵ لە هەڵبژاردنی وشەکان ((لەسەر حاڵەتی ناوەوەی منداڵەکەو پێداویستییەکانی و بەهرەکانی دەوەستێت))، ئەوەی

کەباسمانکرد لەبەراوردکردنی هەردوو روونکردنەوەی ((یێسپرس و ئەشترن))بە روونکردنەوەی قوتابخانەی جەشتالْت ، ئەوە بێگومان ڕوونکردنەوەکەی ئەشترن راسترە. ئەم کارە هەڵبژاردنەی خۆبەخۆیی بەلای (ئەشترن)ەوە منداڵ براگەورەکانی پێش خۆبەخۆی بەچاکتر بزانێت لەبرا گەورە پێگەیشتووەکانی، هەروەها ئەو برایەی کە لە سکی دوانەیی لەگەڵیدا بوو، بەچاکتر بزانێت لەبراکانی تری. گفتوگۆکردن دەربارەی خۆبەخۆیی و لاساییکردنەوە یەکێکە لە دیاردە مشتومڕییە ئاڵۆزەکانی دەروونناسی ، مەبەستمان لە گفتوگۆ دەربارەی بۆ ماوەیی و ژینگە و شوێنی هەر یەکێکیان.

هەروەها (مەکارس) مافی خۆیەتی کەبڕیار بدات لەوەی زۆربەی زانایانی دەروونناسی لەگەڵ (تین) دان، کاتێك لەسەدەی ڕابردوودا (مەبەست لەسەدەی نۆزدەمە) رایگەیاند کە لاساییکردنەوە هیچ شتێکی نوێ ناخاتە سەر سامانی ئاخاوتن و دواندنی منداڵ ، ئەگەر بمانەوێت درێژە بەم قسەیە بدەین، دەڵێین دەروونناسی چاوەڕوانی رۆژێکەو لەوانەی زۆر دوور نەبێت کە بتوانرێت ئەم قسەیە بە شێوەیەکی پراکتیکی بسەلمێنرێت، کاتێك هەموو پێکهاتە دواندنەییەکانی زمانەکانی جیهان تۆماربکرێت، پاشان بەراورد بکرێت بەو پێکهاتە دواندنییانەی کەلەلای منداڵان هەیە، یان لەلای بەشێکیان.

## جۆرو شێوەکانی لاساییکردنەوە وەرگێران

ئێستا ئەوەی ماوەتەوە باسکردنی جۆرەکانی لاساییکردنەوەیە، پێشتر باسی بایەخی لاساییکردنەوەمانکرد، بۆیە وەك ئەنجامێك بۆ ئەم بایەخدانە پێویستە شێوەکانی و جۆرەکانی ئەژماربکەین، چاکترین گەردانکردن و پۆلێنیش کە شێوەیەکی گشتگیری هەیە، ئەو پۆلێنەیە، کە (دکرولی) باسیدەکات و لاساییکردنەوە دابەشدەکات سەر ئەم چوار دوانەییانەی خوارەوە:

یەکەم:ـ لاساییکردنەوەی خۆبەخۆیی و خواستی ، مەبەست لێی ئەوەیە کە منداڵ تێیدا مەبەستێتی لاساییکردنەوە ئەنجامبدات، لەویتر منداڵ مەبەستی نییە لاساییکردنەوە ئەنجام بدات .

دووەم:ـ لاساییکردنەوە لەگەڵ تێگەیشتن، ئەویتر لاساییکردنەوە بەبێ تێگەیشتن.

سێیەم:ـ لاساییکردنەوەی بەپەلە ئەنجامدراو، ئەویتر لاساییکردنەوەی دواخراو.

چوارەم:ـ لاساییکردنەوەی ئەویتر لاساییکردنەوەی ناورد و درشت.

وەکو بینیمان (مەکارسی)ش تێبینی کردووە، گفتوکۆ و مشتومڕی زانایان، هەمووی لەجۆری کۆتاییدا گەڵاڵەبووە، بەڵام بەچەند زانایەك ئاشنابووین، کە جەخت لەسەر گرنگی جۆرەکانی تر دەکەنەوە، چونکە جۆرەکان هەموو بنەیەکن کە ڕەگەزەکانی ئاوێتەی یەکتر و گونجاون ، بۆیە دەبێت لە لێکۆڵینەوەکەماندا باسبکرێت، بەڵام جۆری یەکەم لەو لیستەی کە (دکرولی) باسیکردوو، (ئەشترن) خۆی لەقەرەی دەدات و دەڵێت دوو جۆر لاساییکردنەوە هەیە ((مەبەستداری ویستراو)) لەگەڵ ((نائاگای بێ مەبەست (نەستی) )) و بەشێکی زۆری فێربوونی زمان لەلای منداڵ دەگەڕێنێتەوە بۆ جۆری دووەمیان .

(سبزاری) ئەو بۆچوونە لە (دلاکروا) دەگێڕێتەوە کە لاساییکردنەوەی بەپەلە

سەرکەوتووتردەبێت کاتێك منداڵ بەقۆناغی لاساییکردنەوە دواخراودا تێدەپەڕێت.

چونکە لەم ماوەیەی کۆتاییدا منداڵ گوێ لەدەستەواژە وشەکان و دەربڕینەکان دەگرێت و ناتوانێت لەرووکەشدا دووبارەی بکاتەوە، بەڵام لەنێوان خۆی و خۆیدا لێکیدەداتەوە، بیری لێدەکاتەوە تاکو بە (فقره الکمون))دا تێدپەرێت، لەم حاڵەدا لەگەڵ لاساییکردنەوەی دواخراودا بەیەك دەگەن، بۆیە منداڵ دەتوانێت لەپڕێکداو بەشێوەیەکی روون دەست لاساییکردنەوەو بە پەلەکانی بکات، لەوانەیە بیرۆکەی لاساییکردنەوەی دواخراو بەرفراونتربێت لە بیرۆکەی ((الکمون)) کە پێشر باسمان لێوەی کر،. چونکە ماوەی لاساییکردنەوەی دواخراو لەنێوان بیستنی منداڵ بۆ یەکەمجار لەوشەیەك یان دەستەواژەیەك کە لە کەسانیترەوە گوێبیستی بێت تاکو سەرەتای دووبارە وتنەوەی ئەم وشەیە یان دەستەواژەیەیان هەر

پێکهاتەیەکی دەنگی لەلایەن خۆیەوە، ئەو ((کمون))ی کە لاساییکردنەوەی دواخراو دروستی دەکات چەندین جار ڕوودەدات، دەتوانین بڵێین کە لەماوەی تەمەنی منداڵێ پێش چوونە قوتابخانە بەردەوام دەبێت لەوانەشە ببێتە بنەمایەکی گشتی بۆ هەموو ژیان وەك چۆن لاساییکردنەوەی دواخراو لەلای تەمەن پێگەیشتووان ڕوودەدات کاتێك مومارەسەی زمانی دایك دەکەن یان زمانە بیانییەکان، بەڵام جیۆم باسی لاساییکردنەوەی بەپەلە دەکات بەبێ تێگەیشتن و ناوی دەنێت (نیکۆلالیا) کەواتە جیۆم ئەم جۆرەی لەڕێگەی کۆکردنەوەی هەردوو لای دووەم وسێەمی لاساییکردنەوەکە دکرولی لە پۆلێنەکەیدا یاداشتی کردووە، دروستکردووە. بەبڕوای (جیۆم) ئەمجۆرە لاساییکردنەوە لەلای منداڵ لەتەمەنی دوو ساڵیدا دەردەکەوێت و منداڵ بەهۆی ئەمجۆرە لاساییکردنەوەیە منداڵ دەنگ و ئاوازی ئەو شوێنەوە وەردەگرێت کەتێیدا دەژیت بەمجۆرە منداڵ دووردەکەوێتەوە، داهێنراوە کەسێتییەکانی خۆی کە بە (گمگمە) ناومان برد و هەوڵدەدات زمانەکەی هاوشێوەو گونجاوبێت لەگەڵ زمانی کۆمەڵ بە ئاگابوون لەو جیاوازییە وردانەی کە لەنێوان دەنگەکان و لاساییکردنەوەکانیدایە .

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لەکاری زانایانی دەروونناسی و سەربەستبوونیان لەبەکارهێنانی زاراوەکان ، ئەوەیە کە ئێمە لە لاساییکردنەوەی بەپەلەدا دەبینین وەکو پێشتر بینیمان جیۆم دوو لابەنی دابەشکردنەکەی دکرولی بۆ لاساییکردنەوە لەئیکۆلالیا کۆدەکاتەوەو، جارێکی تریش دەبینین لویس هەمان شت دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی تر، بەبڕوای لویس ئیکۆلالیا لاساییکردنەوەیەکی پەلەی نەستییە (نائاگایە)، بەم شێوەیە هەردوو لای یەکەم وسێیەم پۆلێنەکەی دکرۆلی بۆ جۆرەکانی لاساییکردنەوە . ئەوەی جێی بایەخە لە ڕوونکردنەوەکەی لویس بۆ ئیکۆلالیا ئەو وەکو جیۆم و جریجوار (گریگوار)و ئەوانیتر پێیانوایە لەتەمەنی دوو ساڵیدا دەبێت و ، پێیوایە لاساییکردنەوەی منداڵ تێیدا وردترە لە لاساییکردنەوەو ویستیەکلانی (ئیرادییەکان) کەواتە ئیکۆلالیا لەلای لویس لاساییکردنەوەی نەستی بەپەلەی وردە ، بۆ ئەوەی تابلۆکە تەواوبکەین، دەڵێین وەك لەقسەکانی (لویس)ەوە دەردەکەوێ سەبارەت بە نیکۆلالیا

لاساییکردنەوەکە بەبێ تێگەیشتن ڕوودەدات . چونکە لویس دەڵێت ئیکۆلالیا لە وێنە پوختەکەیدا کاتێك ڕوودەدات کەمنداڵەکە نەك لەبەر واتای وشەیەك یان دەنگێك کە گوێ بیستی بێت وەڵام بداتەوە بەڵکو لەبەر خودی وشەکە وەڵام بداتەوە .

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئیکۆلالیا لە نموونەیەکی دەرکەوتوو خۆی دەنوێنێ، کە بە ((ناوی دەنگەگان)) ناو دەبرێت واتا منداڵ دەنگێك دەردەبڕێت کەهاوشێوەی دەنگەکانی سرەوشتی دەوروبەرێتی ، وەکو ئەوەی بەدەنگی زەنگ بڵێت ((پام - پام))و ، بەدەنگی کەڵەشێر بڵێت ((جومحە))، لەگەڵ ئەوەی وەکو (گریگوار) دەڵێت منداڵ لە سەرەتاکانی تەمەنی دووساڵیدا واز لەم خووە دەهێنێت. بەڵام لەهەموو زمانەکاندا ئاسەواری ئەمجۆرە لاساییکردنەوەیە هەیە . وەك دەوترێت جریوەی باڵندەو خوڕەی ئاو هەتا لەلای کەسانی پێگەیشتووش هەیە .

ئیکۆلالیاچی لە شێوەی ساکارە سروشتییەکەیدا بێت ، یان لەشێوە بڵندییەکەیدا بێت کاتێك کەمنداڵ تەرکیز دەکاتە سەر خودی قسەکردن ، ئیکۆلالیا لەهەردوو شێوەکەیدا نەگە زۆر بەردەوام بێت نیشانەیەکی چاك نییە، ئەگەر سروشتی حاڵەتەکان لە تەمەنی دووساڵیدا پێویستی پێبوو ، چونکە لاساییکردنەوەی ئاگایی بوونی نەبوو بۆ تێگەیشتن ئەوە کاتێك کە منداڵ لەرووی تەمەنەوە پێشدەکەوێت و، ئەگەر بیەوێت بەڕاستی گەشە بەزمانەکەی بدات و پێشیبخات هەوڵدەدات ئیکۆلالیا لادەبات. (لویس)یش



جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە، کاتێ بڕوای وایە ئیکۆلالیا لەسەرەتادا بەسوودە بۆ ئەوەی منداڵ فێری وێنەی قسەکردن بێت مادامەکی تەنها تەرکیز دەکاتە سەر شیوەکەی نەك واتاکەی، بەڵام ئەم حاڵە بەومشێوەیە ناتوانرێت بەردەوام بێت ، کاتێك دێت کەمنداڵەکە داوای واتای وشەکەش بکاتەوە لاساییبکاتەوەو لەدواندن و دەربڕیندا بەکاری بهێنێت ، بۆ ئەوەی تەنها هەڵەوەڕو چەنەباز نەبێت .

حەزمان دەکرد بەردەوام بین لەسەر دیاردەی لاساییکردنەوەو کاریگەری لە فراوانکردنی واتاکان و وشەکان ، بەڵام بۆ دروستی ڕەەکاریی کتێبەکەمان هەڵیدەگرین بۆ بەشی دواتر کە تایبەتە بە وشەکان و بەرفراوانکردنیان و ، بێگومان لێکۆڵینەوە لە لاساییکردنەوە بەدوور نابێت لە لێکۆڵینەوەی

وشەکان و هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر ڕستەکان و پێکهاتەیان کە لەبەشی دەیەمدا باسیدەکەین .

**وشەکان و گەشەکردنیان**

وشە ، وەکو ئەوەی کەسانی پێگەیشتوو لێیتێدەگەن و بەکاری دەهێنن ، کاتێك کەمنداڵ لەسەرەتای تەمەنی دووساڵیدا دەست دەکات بەفێربوونی ، دەبێتە کلیلێك بۆی بۆ دۆزینەوەو دەبێتە ڕێنیشاندەرێکی سەرسوڕهێنەر بۆ دەست بەسەر راگرتنی جیهان و هزر و کۆنترۆڵکردنیان پێکەوە ، لێرەوە هەندێك ماوەی تەمەنی دووساڵی بۆسێ ساڵی بەگرنگترین تەمەن دادەنێت لەم بوارەدا ، لەگەڵ ئەوەی مە دەبێت بزانین کەچەند حاڵەتێکی تاك تاکی جیا هەیە لەم چوارچێوەیە دەردەچێت کەدواتر دێینە سەر باسکردنی .

دەبێت بزانین کە دەوڵەمەندی زمانەوانی لەلای منداڵ بەوە ناپێورێت کە ژمارەی وشەکانی چەندە ، بەڵکو بە پیت و بڕشتی ئەو وشانەو دروستی دەلالەتەکانی وشەکان دەپێورێت ، بەڵام وەکو ئەوەی کە لەدوو توێی ئەم بەشەدا دەردەکەوێت ، زۆربەی لێکۆلینەوەکان زیاتر گرنگیان بە وشەکان داوە وەك لەواتاکانی هەرچەندە بۆ ئەم کارە هەندێك بەهانە هەیە وەك سووك و سانایی تاقیکردنەوەی شێوە دەربڕینەکان (وشەکان) لە پشکنین بەدوای مانای وشەکان لەلای منداڵ .

پەیوەستە بە لێکۆلینەوە دەربارەی ڕستەکانvocabulauy و
**وەرگێران**
لێکۆڵینەوە دەربارەی وشەکان، بەتایبەتی ڕستەکان کە بە وشەیەك دەستپێدەکەن ، بەڵکو زۆربەی ڕستەی کەسانی گەورە بە وشەیەك دەردەبڕدرێت و زۆربەی دواندن و دەربڕینەکان نرخێنراوەیان لەمیانەی رستەکانەوە دەردەکەوێت بەپێی شارەزایانی رێزمان ، بەڵام درێژی بابەتەکەو ڕاهاتنی زۆرێك لە زانایان ، وایلێکردین کە پشکنین و لێکۆلینەوە دەربارەی وشەکان بەجیا بکەین لەپێکهاتەی ڕستەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بزانرێت کە هەردوو بابەتەکە زۆر تێکەڵ بەیەکتر بوونە، سەرەتا لە وشەی یەکەمەوە دەستپێدەکەین :

**یەکەم وشە :**

باوکان جیاواز له پسپۆڕان یەکەم وشە هەڵدەسەنگێنن، چونکە باوکان ئەو هەڵپەیەی کە وایان لێدەکات گوێ منداڵەکەیان بگرن کە قسە دەکات تێکەڵ بە زانینی منداڵ دەکەن لەدەربڕینی درککردن و حەزەکانی خۆی ، یان لەگەڵ کەڕوالّی و گێلی ، هەموو ئەمانە تێکەڵ بەیەکتر دەکەن لەو پێکهاتە دەنگییە سادەو ساکارەی کە منداڵ دەریدەبڕێت ، لێرەوە باوکان کەوتنە پێش و کاتێکی زوویان دانا بۆ دەربڕینی یەکەم وشە لەلای منداڵ .

هەندێك جاریش پێچەوانەکەی ڕوودەدات ، کاتێك کە باوکان گرنگی بە وتە ساکارەکانی منداڵەکانیان دەدەن و هانیدەدەن لەبەکارهێنانی، بۆیە بەم کارەیان سەرهەڵدانی یەکەم وشە دوادەخەن ،کەئەمەش لە کۆمەڵگە بە بەشێك لە زمان دادەنرێت .

لێرەوە خالێکی دانسقە هەیە کە (لویس) ئاماژەی بۆ دەکات ، تێبینی ئەوەی کردووە لە منداڵەکەی، هەروەها ئەو منداڵانەی کە ئەشترسێن باسیانیکردووە ، کە وشە یەکەمەکانی منداڵ لەبڕگەی تاك تاك یان بە جووت پێکدێت و زۆربڕگەی دەنگەکان لە جۆری بزوێنەکان (ڤاوڵ) لە جۆری پێشەوە (1) دەبن، وەك (دەنگە لێوییەکان : (ب ، پ ، م ، و ) یان لەدەنگە لێوییە ددانییەکانە : (ف ، ڤ ) یان لەدەنگە زارییە ددانییەکانە : ت ، د ، ن ) بەمجۆرە وشە دروستدەکات (ما ، ما ، با ، با ، دا ، دا )، پاشان باسی ئەوە دەکات چۆن ئەم جۆرە بڕگانە بوونەتە بەشێك لە سامانی زمانەوانی بۆ خودی گەورەکان و ، بەبۆچوونی لویس وەکو قیژاندنە خۆبەخۆییەکانی منداڵ وایە و تەنها دەربڕینە لە حاڵەتی منداڵەکەو پەیوەندی هەیە بەجووڵەی مژینەکان و شیرخواردن .

کەواتە ئەم منداڵ ئەم وشانەی یەکەمی لە گەورەکانەوە وەرنەگرتووە، بەبڕوای ئێمە پێویست ناکات وەکو وشە یەکەمەکان دابنرێت، تاکو ببەسترێت بەماناو ناوەڕۆکێکەوە کە لەو شوێن و ژینگەیەدا ڕێککەوتنی لەسەر کرابێت ، ئینجا زمان لەلای منداڵی بچووك دەستدەکات بەکرانەوە ، لەڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەهەڵسەنگاندنی یەکەم وشە، چاکترین زانایش کە پێوەرەکانی ئەم هەڵسەنگاندنەی شیکردووەتەوە (لۆریمەر)ە، کە دەیکاتە سێ جۆرەوە : یەکەم وشە لەلای منداڵ یان ئەو وشەیە کە منداڵ لەڕێی لاساییکردنەوەی لە کەسانیترەوە فێری دەبێت، لاساییکردنەوەیەکەی بە پەلە (ئیکۆلالیا) یان یەکەم وشەیە کە منداڵ

لێیتێدەگا ، یان یەکەم وشەیە بەشێ,ەیەکی خۆبەخۆیی بەکاریدەهێنێت ، نووسەران لەهەڵسەنگاندنی سەرهەڵدانێ یەکەم وشە لای منداڵ بەپێی جەختکردنیان لە سەر پێوەرێك لەم پێوەرانە دەگۆڕێت و جیاوازی دەنوێنێن، بەڵام ئێمە ئەو وشەیە بە یەکەم وشە دادەنێین کە منداڵ لەسەرەتادا وبۆ یەکەمجار بەکاریدەهێنێت و ، بەپێی ئەمەش دەڕۆین .

دەبێت ئەوەش بزانین کە بەکارهێنانی وشەیەك لەلایەن منداڵەوە پێویست دەکات لێی تیبگات و بتوانێت لاسایبکاتەوە، لەمەشدا لە پێوەرەکانی (لۆریمەر) دەرناچین کە مەکارسی لەگەڵیدا هاوڕایە . قسەی کەسانیتر تەنها بەرگوێ منداڵ ناکەوێت ، بەڵکو تەشەنە دەکات و دەچێتە نێو زەین و هۆشیەوە، مادامەکی هەر وشەیەك کە کەسانیتر دەریببڕن پەیوەندی هەبێت بەو ڕەگەزانەی کە لە دەورو پشتی منداڵەکەیە . منداڵی دروستیش کاتێك دەستدەکات بەلاساییکردنەوەی کەسانیتر لەقسەکانیاندا بەپەلە ئاوڕ لەهۆی بەکارهێنانی وشەکەو مەبەستی وشەکە دەداتەوە .

ئەوەی جێی بایەخ و گرنگیدانە ، ئەوەیە کەمنداڵ هەر لەم یەکەم وشەیەوە کەتەنها لێتێدەگات ، یان لێتێدەگات و لاساییدەکاتەوەو دەتوانێت بەشێوەیەکی دروست بەکاریبهێنێت لەوکاتەوە ئیتر زمان دەست بەسەر گوێ و دڵیدا دەگرێت و ، ئەو شتە لەلای سەرهەڵدەدان وەك چۆن لەلای کەسێکی سەرەتایی دەبینین کاتێك کە ناوی شتێك بزانێت وا دەزانێت کۆنترۆڵی کردووەو نهێنییەکەی ئاشکراکردووە بەڵکو لە هاوشێوەی ئەم کارە بە لای ئەو کەسە گەورانەش دەبینین کاتێك کە بۆ ئەو هەست و سۆزەی ناوەوەیان یان بۆ بیرکردنەوە نەمومژاوییەکانیان ناوێکیان لێدەنێن و پاشان بارگرانی سەر شانیان لا دەچێت و بەرچاویان ڕۆشن دەبێتەوە .

بەبڕوای (بۆپتندایك) مرۆڤ حاڵەتێکی شپرزەیی و تێکەڵکردنی عەقڵی هەیەو ((پرسیار کردن وشە ئەم شپرزەیی و تێکەڵکردنە لادەدات هەر کەمنداڵ دەستیکرد بە یەکەم وشە ، بەردەوام دەبێت لە وشەو بیرکردنەوە بە شێوەیەکی دابەش نەکراو)) ،بەڵام دەربارەی ماوەی یەکەم وشە(کول) ئەوە پاداشت دەکات کە یەکەم وشەیەك کە منداڵ دەریببڕێت لێی تێبگەین ، لە مانگی دەیەمدا دەبێت ، بەڵام (ماری کۆلنز) لایەنێکی تر دەگرێت و پێیوایە کە قسە کردن لەلای منداڵ لە هەژدە مانگیدا نەبێت دەبێت دەست پێناکات و ، ئەوەی لە پێش ئەم مێژووە ڕوودەدات تەنها چەند دەنکێکە

منداڵ دەریدەبڕێت و ، دایك یان دایەن وا دەزانێت منداڵەکە مەبەستی لەشتێکە لێی .

(بۆهلەرك) هەڵوێستێکی مامناوەندییانە دەگرێتەبەر بەبۆچوونی ئەو کە هەمان بۆچوونی پێشوی (کول)ە، سەرهەڵدانی وشەیەکەمەکان لە کۆتاییەکانی ساڵی یەکەمدا سەرهەڵدەدات ، بەڵام بەلای (بۆهلەر) ئەو وشانە وشەی تەواو نین، بەڵکو (( هاوارکردنی خۆشی ))و ((دەربڕینی ویژدانی)) و ((هێمای حەزەکانی منداڵ))یە لەم شتەدا یان لەویتر ، لەمەدا (کوهلەر) نزیك دەبێتەوە لە (کۆلنز) لەکتێبی جۆلدا ، هەرچەندە لەکۆتاییەکانی ساڵی یەکەمدا یەکەم وشە سەرهەڵدەدات ، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا بێ سوود دەمێنێتەوە لە پەیوەندیکردن تەنها پلە بە پلە نەبێت .

منداڵ تاکو تەمەنی هەژدە مانگی قسەکانی هەر بەبێ تێگەیشتن لێی دەمێنێتەوەو ئاخاوتنەکەی لە شێوەی یاریکردن دەبێت و ، لەلای جزل ئەمە بەقۆناغی (گمگمە) دا دەنرێت کە منداڵ دەتوانێت لەدوای مانگی هەژدەیەمەوە ئەگەر بەشێوەیەکی جیدی هەوڵبدات فێری ئەو زمانە بێت کە دەوری بەری بەکاری دەهێنن ، ئەو (گمگمە)یە نامێنێت .

بەرهەر حاڵ وەك چۆن لەلای زۆربەی زانایان منداڵ دەبێت لەسەرەتای دەستپێکردنی سالی دووەمی دا دەبێت وشەیەك یان زیاتر لەمێشکی دا بێت و ، لەلای زۆربەی منداڵە دروستەکانی ئەم شتە هەیە، شێرلی باس لەوە دەکات کە وشەی یەکەم لەلای 25 منداڵ کە تێکڕایی تەمەنیان لەکاتی سەرهەڵدانی وشکە (60) هەفتە بووە .

وەرگێڕان

# فێربونی زمانی ئینگلیزی لەمیانی حەفت یاسادا

**وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ڕۆژگار جەلال**

**زانکۆی سلێمانی**

بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی سادەو خێرا، فێرخواز لەسەریەتی حەفت یاسا جێ بەجێ بکات و ملکەچیان بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوو فێری زمانەکە ببێت. هەریەك لەو یاسایانە تایبەتمەندی و خەسلەتی تایبەتی خۆیان هەیە، کە دەبێت فێرخواز بەردەوام لە بیری خۆیدا جێگیریان بکات و بە بیری خۆیدا بهێنێتەوە، لە کاتی فێربوونی هەر زمانێك بەتایبەت زمانی ئینگلیزی. یاساکان ئەمانەن:

**یاسای یەکەم:**

واز لە لەبەرکردنی تاك وشەکان بهێنە، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدە دەستەواژەکان لە بەر بکە و فێریان ببە ئەویش بە بەکارهێنانیان لە ڕستەدا. هەر کاتێك تێبینیت کرد وشەیەك بەلاتەوە تازە یە هەوڵ بدە وشەکە بنوسیتەوە لەگەڵ ئەو دەستەواژەی کە تێیدایە وە هەر کاتێکیش بەسەری داچوویتەوە، بەسەر هەموو دەستەواژەکە دابڕۆوە، نەك تەنها وشەکە. مەبەست لە دەستەواژەش بریتییە لە بوونی دوو وشە یان زیاتر پێکەوە . لێکۆلینەوەکان لەمەر فێربوونی زمان دەریان خستووە کە فێربوون بە هۆی لەبەرکردن و فێربوونی دەستەواژەکان ( 4 تا 5 ) جار خێراترە لەو فێربوونەی کە بە هۆی لەبەرکردنی تاك وشەوە دێتە کایەوە، هەروەها ئەو کەسانە بنچینەیەکی ڕێزمانیی باشیشیان دەبێت بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تر بە ڕێگای ترەوە.

**یاسای دووەم:**

لەم یاسایەدا هاتووە کە گرامەر (ڕێزمان) دەبێت پشت گوێ بخرێت، مەبەست لەمە وازهێنانە لە خوێندن و گرنگی دان بە بابەتەکانی ڕێزمانی لەم ساتە وەختە ناسکەدا، چونکە یاساکانی ڕێزمانی بە شێوەیەکی گشتی پردی گەیەنەرن بۆ چوونە ناو بابەتە زمانەوانیەکان بە قووڵی و تێڕامان و بیرکردنەوە لەپرەنسیپ و یاسا سەرەکیەکانی زمان.

لەبەرامبەردا مەبەستی سەرەکی بۆ فێربوونی زمان لەلایەن کەسی فێرخواز بریتییە لە قسەکردن و تێگەیشتن بە بێ بیرکردنەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسا گرامەرییەکانە، لەم بوارەدا کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا.

**یاسای سێیەم:**

گوێگرتن: ئەم یاسایە تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە فێرخواز پێویستە هەموو رۆژێك بە گوێرەی توانای لە نێوان (1 تا 3) کاتژمێر گوێ لە بابەتی ئینگلیزی بگرێت، بەڵام ئینگلیزییەك کە روون و ئاشکرابێت. لەم بارەدا فێرخواز دەبێت بەهەموو شێوەیەك لە خوێندنەوە دوور کەوێتەوە و تەنها گرنگی بە گوێگرتن بدات، ئەمەش ئەم فێربوونەیە کە ناسراوە بە فێربوون بە گوێ نەك بە چاو.

**یاسای چارەم:**

فێربون بە شێوەی هێواش و بەتەرکیز: فێرخواز پێویستە شتەکان بە هێواشی و جەخت کردنی تەواوەوە فێریان ببێت و خێرا نەبێت لە فێربوونیان، چونکە خێرایی لە فێربوونی وشەو دەستەواژەکان دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوەیان و نەمانیان لە ماوەیەکی کورتدا، بە پێچەوانەی فێربوونی لەسەرخۆ کە بە ئاسانی فێرخواز دەتوانێت بە بیریدا بێنێتەوە و لە جێگای خۆیدا بەکاریان بێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش فێرخواز پێویستە ئەو بیرۆکەیەی لەلادا نەهێڵێت کە ئەو شتانەی فێریان بووە، تەنها بۆ تاقی کردنەوە و کاری پێویست بێت یاخود بۆ ماوەیەکی کاتی. ئەی چۆن دەتوانرێت شتەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بپارێزێ و لە بیردا بمێێتەوە؟ ئەمە پرسیارێکەو وەلامەکەی ئەمەیە، لەسەر فێرخواز دەبێت ئەو شتانەی کە فێری بووە، چەند جارێك دووبارەیان بکاتەوەو بەسەریاندا بچێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو و بەرنامە بۆ دارێژراو، بۆ ئەوەی شتەکان بە قووڵی لە مێشکیدا بچەسپێت و لە بیریان نەکات.

**یاسای پێنجەم:**

فێربوونی گرامەر (رێزمان)ی زمانی ئینگلیزی (بەتایبەت دەمەکان) بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی: ئەمەیش بە هۆی گوێگرتن دەبێت لە ئینگلیزی

راستەقینە (ئینگلیزی ڕۆژانە نەوەك ئینگلیزی مەنهەجی)، باشترین ڕێگەش بۆ ئەم مەبەستە بریتییە لە گوێگرتن لە چیرۆكێك كە چەند جارێك بە كاتی ڕوودانی جیاواز (ڕانەبردوو، ڕابردوو، تەواو، داهاتوو) دەگێردرێتەوە. بۆ نمونە گویێ لە چیرۆكێك دەگریت لە كاتی ڕابردوو دایە، تۆش برۆ لە كەسانی شارەزا داوا بكە بۆت بیكەن بە داهاتوو یان رانەبردوو بەم شێوەیە. بەم ڕێگایە دەتوانرێت چەندەها جۆری تر لە بابەتەكانی ڕێزمانی بزاندرێت، بیێ ئەوەی بەرنامە و پلانی پێش وەختەی بۆ دابنرێت و پەیوەست بین پێیانەوە.

**یاسای شەشەم:**

گوێگرتن لە ئینگلیزی ڕۆژانە (زیندوو یاخود سەردەمی) و پشت كردن لە ئینگلیزی مەنهەجی: بە هۆی ئەم ڕێگایەوە فێرخواز تێگەیشتنێكی باشی دەبێت لە زمانی ئینگلیزی، بەتایبەت لە كاتی قسەكردن لەگەڵ كەسانی خاوەن زمانی ڕەسەن (Native Speakers). زۆر جار دەبینین كەسانێك هەن سەرەڕای هەبوونی بنچینەیەكی باشی زانیاری لەمەڕ زمانی ئینگلیزی، هێشتا گرفتیان هەیە لە تێگەیشتن لە كەسانی زمانی ڕەسەن لە كاتی پەیوەندی كردندا، هۆیەكەشی ئەوەیە كەوا ئەو كەسانە گویێ لە ئینگلیزی ڕۆژانە ناگرن، بەڵكو پشت ئەستورن بە ئینگلیزی مەنهەجی و بواری ئەكادیمی خۆیان.

**وەرگێڕان**

**یاسای حەفتەم:**

بەكارهێنانی ڕێگەی (گوێگرتن + وەڵام دانەوە)و، خۆ دوور گرتن لە شێوازی (گوێگرتن + دووبارە كردنەوە) (گوتنەوە لەدوای): باشترین ڕێگە بۆ باشتر كردن و خێراكردنی قسە كردن بە هۆی ئەم ڕێگایەوە دێتە كایەوە. كە ئەمەش دەكرێت بە چەند شێوەیەك ئەنجام بدرێت، بۆ نمونە گوێگرتن لەو چیرۆكانەی كە شێوازی گێڕانەوە و پرسیار كردنیان تێدایە، یاخود ئەو شێوازانەی كە لەلایەن هەندیێ لە مامۆستایانەوە پەیڕەو دەكرێن، بە ڕوون كردنەوەی بابەتێك دواتر پرسیار كردن لە میانەی پرۆسەكەدا. ئەم ڕێگایە

یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ بیرکردنەوە بە زمانی ئینگلیزی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، لە هەمان کاتدا کە ئەمەش هۆیەکە بۆ خێرابوون لە قسەکردن، بەڵام هەرچی رێگەی لەدوا گوتنەوەیە تەنها پرۆسەیەکی لاسایی کردنەوەیە و لەوانەشە زمانی فێرخواز لەسەر هەندێ وشەو پیتەکان رابهێنێت و ئاشنای بکات پێیانەوە، بەڵام سودەکەی ئەوەندە نابێت وەك لەوەی تردا دەبینرێت.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

**EffortlessEnglishClub**

**وەرگێران**

# زمان و دەسەڵات

**و: زیوەر ئەنوەر**

بێگومان زمان ڕێگە بە دروستبوونی هۆشیاریی دەدات، یا وردتر بڵێین: زمان وامان لێدەکات لەخۆمان بگەین، بۆ نموونە کاتێك باسی خۆم دەکەم بەڕاناوی (من): منم وا دەڵێم!، منم قسە دەکەم!، منم ناو لەشتەکان دەنێم، لەم توانایەوە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی ناولێنانی ڕۆشنبیری و ڕامیاریمان دەست دەکەوێت، بەڵام پێویستە لەدوولایەن جیایان بکەینەوە، لایەنی یەکەم دەسەڵاتی زمان یا وشە یا وتار، ئەم شێوەیە لەبزوتنەوەی سەفسەتە لەمێژووی فەلسەفە نیشانی دا، هەروەکو لەبابەتی هایدگەرو میشیل فۆکۆ ئاماژەی بۆ دەکرێت.

(فریدریك نیتشە) بۆ ئەم لایەنەی زمان لە فەلسەفەی هاوچەرخ هۆشیاریدا. فەلسەفەکەی بریتییە لەچەمکی هێز لەڕێبازی ڕەچەڵەکناسی (گینیالۆجی)، ئەویش بریتییە لەشیکردنەوەی زمان لەسەر بنچینەی باوەڕو ڕەوشت، ئەوەی یارمەتیشیدا لەم بوارەدا شارەزایی فراوانی لە فیقهی زمان و بناغەی وشەو شێوازی دانانی، توانی ستایلێکی فەلسەفی تازە بسەپێنێت، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەخەیاڵ ببەستێت و بەڕوونی توانای زمان دەردەخات.

بەڕای نیتشە زمان ئاستی هەرچەند بێت، دەسەڵات کاریگەریی و توانای لەسەر دەبێت، هەتا ئەگەر هەوڵیشی بدات ئەم سیفەتە بشارێتەوە.



بۆنموونە دەسەڵات بەهۆی ناولێنانی لەناوچەو شوێنەکان، ئاسەواری خۆی بەجێ دەهێڵێت، بەهۆی فەرمان وبڕیارەکانی.

شارستانیی جولەکەو کریستیان ئەمە دەسەلمێنێت، بەهۆی بڕیارەکانی کاهین و ڕاهیبەکان، کاتێك بەبۆچوونی تایبەتی خۆیان باسی ژیانی ئەبەدی و نەمریی دەکەن و جیهانی هەست و ئارەزوو و ئیرادە ڕەفز دەکەن.

زمانیان کردبووە هۆکاری دەست بەسەرداگرتنی کۆمەڵ (بەگوێرەی قسەی نیتشە مێگەل)، هەر ئەمەیە پەیوەندی ڕەمزی دەسەڵات بەزمانەوە ڕوون دەکاتەوە.

(هایدگەر) بەقووڵی باسی ئەم ڕایە دەكات، هەروەها فۆكۆ لەسەرەتای چوونە ناو فەلسەفەوە زۆر كاریگەری لەسەر هەبوو، لە لێكۆڵینەوەیەك لەسەر شاعیر (ریمۆن رۆسیل) تیایدا ئەمەی ئاشكراو روون كردۆتەوە.

زمان لای ئەو شاعیرە سریالییە، بریتییە لە جووڵەو دووبارەبوونەوەو جیاواز بوون هەروەكو ئامێرەكانی جەنگ، هەروەكو خۆی دەڵێت: ((رۆسێل چەند ئامرازی زمانی داهێناوە لە دەرەوەی ستایل (الاسلوب) هیچ نهێنییەكی نییە، بینراو بریتییە لە قووڵی).

ئەوە زمانە، بەردەوام زیاد دەكات، ئەو زمانە لەخاڵێكی بچووكەوە دەست پێ دەكات، بەرە بەرە گەورەتر دەبێت، دوای ئەوەی نەخشە دادەنێت، دوای ئەوەی بەدوو جووڵەی جیا داوەكەی (تەونەكەی) دەچنێت، بۆ پێشەوەو بۆ دواوە، وەكو ئامرازەكانی جەنگ كاتێك وەسفی دەكات و دەڵێت: ((ئامێری زمانەوانی لای رۆسێل زیاد دەكات، زمانێكی لۆژیكیی و باشە (منسجمە) زمانێكی پەرشو بڵاو وشكاو وردو خاشی دەشارێتەوە)).

ئەم زمانە لەگەڕانەوەی بۆ دواوە، لوغزی مردن هەڵدەگرێت، ئەمەش وای لێدەكات هەڵگری (الكینونە) نیشان بدات، بەشێوەیەك شت بە ئیزدواجیات دەبەستێتەوە، بەیەككگرتن و جیابوونەوە، لەو گۆشە تاریكەوە دێت، كاتێك هەندێك شت دەردەخات و هیتریش دەشارێتەوە.

گرنگی رۆسیل لەوەدایە، زمانێكی بڕەڕ یا وشەی ترسناك یا ئامێری جەنگی هەیە، لەبەر ئەمە فۆكۆ بەكاری هێناوە بۆ نووسینی ئەدەب وەكو نموونە، بەتایبەتی لەوتارەكانی دەربارەی [illegible] بلانشۆو كلوسوفسكی بەرجەستەی كردووە.

وەرگێڕان

لەلایەن هەمان فەیلەسوفی فەرەنسی، رەخنە لەجۆری دەسەڵاتی زمان گیرا، كاتێك وازی لەم (گۆشە نیگایە) هێنا و بەبۆچوونی (پراگماتیكی)جووڵایەوە.

هەروەها بۆردیۆ ڕەخنەی لێگرت، كاتێك روونی كردەوە، خودی زمان توانای دەسەڵاتی نییە، بەڵكو بەردەوام وابەستەیە بەدەسەڵات، ئەمەش وامان لێدەكات بۆ نیشاندانی لایەنی دووەم لە پەیوەندی زمانە بەدەسەڵاتەوە، تیایدا چەند شێوەی جیا لەپەیوەندی زمان بەوڵات و

دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکانی جیا لەگەڵ گیروگرفتی هەبوونی ناسنامە، شیکردنەوەی وتارەکان هەموو ئاستەکان روون دەکاتەوە.

هەندێك فەیلەسوفی هاوچەرخ، وەکو فەیلەسوفی کەنەدی شارل تایلۆر، ئەم ڕەهەندەی لەچوارچێوەی دامەزراندنی فەلسەفەی رامیاری و ئەخلاقی شیکردەوە، لەوکاتەی سەرنجی خستەسەر رەهەندی زمانەوانی لەبابەتەکانی ڕۆشنبیری، هەروەها ئەم لایەنەی پێش خست کە پێی دەگوترێ قوتابخانەی فەرەنسی بۆ شیکردنەوەی وتار، کاتێك هەڵسا بە شیکردنەوەی وتارە رامیارییەکان لەسەر بنەمای لێکتریککردنەوە.

زمانەوانی جیاواز، چونکە جێگۆرکێ پێکردنی دەسەڵات کاریگەری لەسەر هەیە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر کاری (دەربڕینی) تێکست دەکات.

هەروەکو دەزانین لایەنی زمانەوانی ئەوەی فەیلەسوفی ئەمریکی شارل مۆری لەوتارەکەی دا لە ساڵی 1938 لەکتێبی ئینسکلۆپیدیای فەلسەفەدا بڵاوکردەوە.

بوارەکانی زمانەوانی لەسێ بەش جیاکردەوە، پێکهاتە یا بەشێوەیەکی گشتی:

(ڕێزمان) ئەوەی باسی پەیوەندی نێوان (ئامازەکان) دەکات.

(واتاسازی) ئەوەی باسی مانا لەخودی (العلامە) دەکات.

(پراگماتیك) ئەویش دەربارەی پەیوەندی نێوان (ئامازەکان و بەکارهێنەرانیان).

## وەرگێڕان

بەهۆی کارە باشەکانی ئۆستین و سێرل و هابرماس و کارل ئۆتۆ ئابل لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر (پراگماتیك) کراوە، پراگماتیکی زمانەوانی لە فەرەنسا دامەزراو بە پرۆگرامی شیکردنەوەی وتار پاڵپشتی لێ کرا، هەروەکو لای فۆکۆ بەدیار دەکەوێت لەشێوازی نیشاندنی ئەنتۆلۆجی بۆ زمان بۆ نیشاندانی (پێشنیار) دەستاودەستی زمان و وتارو گرنگی دەدا بە پەیوەندی وتار بەدەسەڵات.

لێکۆڵینەوە لەسەر شیکردنەوەی وتار پاڵپشتی دەستاو دەستی (التداولیە) لەدوابوو، بەتایبەتی وتاری ڕامیاری، وایکرد بۆ زانینی هەموو پەیوەندییە

جیاوازەکانی نێوان زمان و سیاسەت، جۆرەکانی شیکردنەوەی وتاری سیاسی یەکێکە لەم بوارە بنەڕەتیانە لەزانستە سیاسییەکان.

ئیتر ئەوە نموونەیەك بوو لەبابەتە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی زمان، بەڵام ئەم نموونەیە بەتەنیا ناتوانێت هەموو پرسەکانی زمان و کێشەکانی لەخۆ بگرێت، چونکە ئەم پرسانەی کەمێکیان لیٚ باسکرد، ئەویش بۆ چەندین بەش لەبابەتی تر دابەش دەبێت.

لێرەدا مەبەستمان ئەوەبوو، پەیوەندییە هاوبەشەکانی بابەتی فەلسەفەی زمان روون بکەینەوە، هەرچەندە بەناراستەوخۆش بێت، بۆ پەیوەندی لەم بابەتە نوێیەدا لەگەڵ هەموو بوارەکانی فەلسەفە، بەتایبەتی فەلسەفەی زانستەکان و بیردۆزی مەعریفەن و فەلسەفەی بیر و لۆژیك و سیاسەت و مێژووی فەلسەفەو ئەو توانا مەعریفیانەی دەکریٚ ئەم بابەتە فەلسەفییە بۆ چارەسەری گشت پرسەکانی فەلسەفە بەکاربهێنرێت، ئینجا پرسی مەعریفی بێت یا سیاسی، لەبەر ئەم هۆکارانە دەتوانین فەلسەفەی زمان بەجێگرەوەیەکی چاکی فەلسەفەی زمانەوانی دابنێین، هەروەها گۆڕانێکی گرنگ لە گۆڕانکاری زمانەوانی لە فەلسەفەی هاوچەرخ.


**ژێدەر**

**الزواوي بغوره،الفلسفه و اللغه،بيروت،2005،ص222–224.**


**ئەرشیفی زمانناسی**

**زمانناسی ئەرشیفی**

# نژادی نووسین

پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین

نووسین گرنگترین و مەزنترین داهێنانی مرۆڤە چونکە بە هۆیەوە توانی روو بە رووی کات و شوێن بوەستێ و تەجرەبە و دەسکەوتە فیکری و زانستییەکانی خۆی بگەیێنێتە هەموو شوێن و نەوەیێك.

پێش داهاتنی نووسین... زانیاری بە لەبەرکردن لە زارێکەوە بۆ زارێ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیێ دەگوێز رایەوە. سنووردارییی تەمەن و توانینی مێشك لە پاراستنی زانیاری وای لە دەسکەوتەکان دەکرد هەر لە ناوچەیێکی تەسك بمێنێنەوە و لەگەڵ مردنی خاوەنەکەی بنێژرێن. نووسین هات و ئەم گیروگرفتەی چارەسەر کرد و پەیوەندیی تەواوی لە نێوان ناوچە و نەوە جیاوازەکانا چەسپاند . هەموو ئەم پێشکەوتنانەی مەیدانی فیکری و تەکنەلۆجیی ئیمرۆمان بەسایەی نووسینەوەیە.

نژادی نووسین و چۆن و کەی و لەکوێ و چ میللەتێ دایهێناوە... نهێنییەکی ئاڵۆزی مێژووی مرۆڤایەتییە. زۆر میللەت خۆیان دەکەن بە خاوەن و دەیدەنە پاڵ خۆ. هەر یەکە چیرۆکی تایبەتیی خۆی لە بارەی چۆنیەتی پەیابوون و داهێنانییەوە هەیە. زۆربەی ئەم چیرۆکانەش قاڵبی ئەفسانەیی دەگرنەخۆ. بۆ نموونە ئەفسانەیێکی چینی دەڵێ خواوەندی چوار چاو (تسانگە چێین) نووسینی پێشکەش مرۆڤ کردووە . ئەفسانەیێکی تر دەڵێ نووسین لەسەر پشتی کیسەڵێ دۆزراوەتەوە... هتد.

کۆنترین شێوەی نووسین ئەوەیە کە بە ئیدیۆگرام Ideogram ناو دەبرێ واتا وێنەی ئەندێشە. لەم جۆرە سیستەمەدا بۆ نووسینی هەر شتێ وێنەی شتەکە دەکرێ .بۆ نموونە بۆ نووسینی هەتاو وێنەی هەتاو دەکرێ بۆ نووسینی خانوو وێنەی خانوو دەکرێ... هتد.

ئەو وێنە و نووسینانەی لە ئەشکەوتەکانی (ئەلتامیرا) لە ئسپانیادا دۆزراونەتەوە، پێش زیاتر لە بیست هەزار ساڵ نەخشێنراون... ئێستاش بە ئاسانی دەخوێنرێنەوە, چونکە لەم جۆرە نووسینەدا پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان نووسین و مەبەستدا هەیە. ئەم نووسینە شێوە بینراوەکەی مەبەستەکە دەنوێنێ نەك دەنگەکانی ئەو وشەیەی دەیگەیێنێ.

وەك دەردەکەوێ ئەم جۆرە نووسینە لە زۆر شوێن و ناوچەی جیا جیادا لەم بەرو ئەو بەری جیهانا سەری هەڵداوە لەهەر شوێنەش رێچکەیێکی جیای لە پەرەسەندنیا گرتۆتەبەر.

لەسەرەتادا نەدەشیا چەمکی مەعنەویی وەك (رووناکی، ترس، گەرما... هتد) بەم جۆرە نووسینە دەربڕرێ... بە تێپەڕینی کات پەرەی پێدرا و فراوان کرا بە جۆرێ بشێ شتی مەعنەویشی پێ بنووسرێ. بۆ نموونە بۆ نووسینی هەتاو وێنەی (هەتاو) دەکرا دوایێ وای لێ هات ئەم جۆرە مەبەستانەش بگرێتە خۆ (گەرمی - رووناکی - رۆژ - هاوین... هتد) بۆ جیاکردنەوەیان نیشانەیێك بۆ هەر مەبەستێ دادەنرا لەوانی تری جیاکاتەوە.

ئەرشیفی زمانناسی

بە تێپەڕینی سەدەها ساڵ ئەم جۆرە نووسینە فراوانتر کرا. وێنەکانی بەرەبەرە داتاشران بەرادەیێك وای لێ هات کەس نەتوانێ بێ فێربوون و لەبەر کردنیان بیانخوێنێتەوە و تێیان بگات . زمانی چینی ئێستاش ئەم سیستەمە بەکار دەهێنێ.

ئەرشیفی زمانناسی

زۆربەی ئەو زانیارییانەی دەربارەی پەیا بوونی و پەرەسەندنی نووسینی ئیدیۆگرامی لەو نووسراوانەوە زانراون کە لە پاش سۆمەرییەکانەوە بەجێماونەتەوە و بە نووسینی بزماری cuneiform ناو براوە.

سۆمەرییەکان میللەتێکی دێرینی نژاد ونن. لە باشووری عێراقا شارستانییەتێکی پتەویان دامەزراند. وەك دەرکەوتووە ئەم میللەتە بە زۆری خەریکی بازرگانییێتی بوون . پێویستی ناچاری کردوون بیر لە چۆنیەتی تۆمار کردنی کاروباری بازرگانییێتیی خۆیان بکەنەوە. ئەنجامەکەی ئەوە بوو نووسینیان داهێنا.

جۆری نووسینیان لە سەرەتادا لەسەر شێوەی ئیدیۆگرامی بوو. کە بۆ نووسینی هەر شتێ وێنەکەی دەکرا. ئەم نووسینە لای سۆمەرییەکان پەرەی سەند و گۆڕا تا ئەو شێوەیەی وەرگرت کە بە بزماری ناو دەبرێ.

لە میسرا نووسینی ئیدیۆگرامی لە پەرەسەندنیا ریچکەیێکی تری گرتە بەر و هیرۆگلیفی لێ پەیا بوو , پێنج هەزار سالّ پێش ئێستا. زۆربەی هەرە زۆری ئەلف و بێیەکانی جییهان لە هیرۆگلیفی یەوە شۆڕبوونەتەوە.

نووسینە جۆر بە جۆرەکانی جیهان هەمووی لە ئیدیۆگرامییەوە دابەزیون بەم شێوەیەی لەم وێنەیەدا روون کراوەتەوە.

**ئەرشیفی زمانناسی**



سامیی باشوور سامیی باکوور

هەندێ لە زمانە

ئەفریقییەکان ئارامی

فینیقی

سانسەکریتی عیبری

گریکی

عەرەبی

تایلەندی کۆری

سریلیکی ئیروسکانی فارسی (کوردی)

ڕووسی ڕۆمانی

زمانە ئەوروپییەکان

(کوردی) (کوردی)

سیستەمی نووسین پەیوەندیی بە نەژادی زمانەوە نییە، سەدان هەزار ساڵ پێش پەیابوون و داهتنی نووسین زمان هەر هەبووە زمان دیاردەیەکی سروشتییە.. لە ژێر رکێفی یاسا سروشتییەکانا کار دەکا و لە ژوور دەسەڵاتی مررۆڤدایە کەچی نووسین دەسکردە.. وەك هەر یاسایێکی تری دانراو (قوانين وضعية) مرۆڤ هەمیشە دەتوانێ بیانگۆرێ و لایان با وەی تر دانێ بە پێی گۆڕینی بار و دۆخ و پێویست.

ئەرشیفی زمانناسی

**سەرچاوەکان**

**1- Dringer, D. (1962) Writing. Holt, Rinehart and Winston. New York**

2- Fromkin, V. and Rodman, R. (1988) An Introduction to Language. Holt, Rinehart
3- Gelb, I.J. (1952) A Study of Writing . University of Chicago Press . Chicago

* ئەم وتارە بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژمارە(41)، 1988/6/22 بڵاوکراوەتەوە.

بیبلۆگرافیا

٧

# بیبلۆگرافیای فەرهەنگی کوردی

# 2009 – 1787

بەشی دووەم و کۆتایی

د.شوان سلیمان یابە
کۆلێجی زمان- زانکۆی سەلاحەددین

## بابەت

### فەرهەنگی سویدی- کوردی

ـ فەرهەنگی سوێدی ـ کوردی، سەلاح ڕێبوار، چ2، بژارکراو، سوید: (ب.چ)، 1989، 289ل.

– فەرهەنگی سوێدی – کوردی، حوسێن غازی و هیوا کاردۆیی، ستۆکهۆڵم، (ب.چ)،1992، 309+64ل.

ـ فەرهەنگی (سویدی– کوردی)، مژدە خەلیل ڕەشید، سوید: کتێبی ئەرزان، 2001، ل.

### فەرهەنگی سێ زمانی

ـ الدلیل اللغوی الپلاپی، (کردی ـ عربی ـ انگلیزی)، عزیز رشید عقراوی، 1980،376ل.

ـ فەرهەنگی سەرەتایی (ئینگلیزی ـ کوردی ـ عەرەبی) فۆنەتیك، و/ لە ئینگلیزییەوە سالّح محەمەد گەلاّلی، سلێمانی: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 1999، 62ل.



ـ فرهنگ لغت سەزبانە (ئاسۆ) کردی ـ فارسی ـ انگلیسی، ترجم و تألیف امیر انیس، مازندران: چاپ شهر أول، 1381(2002)، 516+56ل.

ـ فەرهەنگی یاد (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، چ2، پرشنگ حەمە ئەمین ئەحمەد، سلێمانی: 2003، 877ل.

– فەرهەنگی کوردی– فەرەنسی – ئینگلیزی، جۆیس بلو، فەرەنسا : (ب.چ)، 1965، 263ل.

ـ فەرهەنگی گیرفانی سیدرا (کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی)، سەلام ناوخۆش، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 288ل.

ـ فەرهەنگی حەوتەوانە ـ فەرهەنگی ئینگلیزی ـ کوردی ـ فارسی، فەتاح کاویان، سلێمانی: (ب، چ)، (ب، س)، 1137ل.

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب1، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلأوکردنەوە، 2007، ل.

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب2، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلأوکردنەوە، 2007، ل.

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب3، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلأوکردنەوە، 2007، ل.

– فەرهەنگی یاریدەدەر( عەرەبی– کوردی–ئینگلیزی) ب4، فوئاد تاهیر سادق، سلێمانی: بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلأوکردنەوە، 2007، ل.

**فەرهەنگی سیاسیی**

ـ زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، بەغدا: چاپخانەی الحوادپ، 1984، 199ل.

– فەرهەنگی نوێ ،چ3،و/ لە فارسییەوە برهان قانع، سلێمانی: چاپخانەی قانیع، 2005، 193ل.

ـ فەرهەنگی نۆێ بۆ شیکاری ڕامیاری، (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەد چیا ، سلێمانی: زنجیرەی (100) کتێبی کوردی، 2004، 363ل. (زنجیرەی (100) کتێبی کوردی: 41).

– فەرهەنگی ڕامیاری نیگا (ئینگلیزی – کوردی)،وەرگێڕانی ئازاد وەڵەدبەگی ، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 2005، 420ل.

بیبلۆگرافیا

– فەرهەنگی سیاسی ئارەش، زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2006، 781ل، ( لە بلأوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلأت).

**فەرهەنگی شانۆیی**

– فەرهەنگی شانۆ،ب1، یاسین قادر بەرزنجی، سلێمانی: چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2008، 200ل، ( لە بلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،ز: 433).

- فەرهەنگی شانۆیی(ئینگلیزی - کوردی) کامەران سوبحان، سلێمانی:چاپخانەی تیشك، 2004، 200ل.( زنجیرەی ئینستیوتی کەلەپوری کورد: 7).

– فەرهەنگی زاروەی شانۆیی(ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی)، وەرگێڕان و ئامادەکردنی کاردۆ، کەرکوك: چاپخانەی ئارابخا، 168،2006ل، ( لە بلاّوکراوەکانی تیپی شانۆی ئاشتی،ز: 1).

**<u>فەرهەنگی شیر و شیرەمەنی</u>**

- فەرهەنگی شیر و شیرەمەنی (ئینگلیزی - عەرەبی - کوردی)، (عەرەبی - کوردی - ئینگلیزی)، خالد خالێ، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2003، 144 + 141.

فەرهەنگی فارسی – کوردی

- فەرهەنگی مەردۆخ، ب1، ئەیتوڵلاّ مەردۆخی، تاران: چاپخانەی دانش، 1954، 881ل.

- فەرهەنگی مەردۆخ، ب2، ئەیتوڵلاّ مەردۆخی، تاران: چاپخانەی ئەرتەش، 1954، 694ل.

- فەرهەنگی پەهلەوی - کوردی، صدیق بۆرەکەیی، تاران: چاپخانەی چیهر، 1971، 92ل.

- فەرهەنگی مەردۆخ، ئەیتوڵلاّ مەردۆخی، تاران: (ب.چ)، 1981، 1441ل.

- واژەنامەی فارسی - کوردی (سنندجی اورامی - کردی شمال)، د. محمد تقی ابراهیم پور، تهران، (ب.چ)1981، 724ل.

- فەرهەنگی فارسی - کوردی، شوکرڵڵای بابان، ئێران: (ب،چ)، 1982، 882ل.

- فەرهنگ فارسی - کوردی (وشەژێر - واژەگزاد) م. س. کارا، سنندج: چاپخانەی تعاونی 42 سنندج، 1341 (1982)، 348ل.

- فرهنگ (فارسی ـ کوردی) شکراللەی بابان، تهران: (ب،چ)، 1361 (1982)، 872ل.
- فەرهەنگی گوڵی (فارسی ـ کوردی)، مەسعوود خالید گوڵی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر، 2002، 400ل.
- فرهنگ کردی ـ زانیارییا کوردی زبان محاورەی کورمانجی (بادینی) ( فارسی– کوردی)، حسین فلاح پوو(زیلان)، ارومیه: مۆسەو فرهنگی و انتشارات مان گائب، 1382 (2003)، 394ل.
- فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ (فارسی ـ کوردی)، چ1، سلێمانی: چاپخانەی تیشك، 1992، 303ل.
- فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ (فارسی ـ کوردی)، چ2، سلێمانی: چاپخانەی تیشك، 2000، 303ل.
- فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ (فارسی ـ کوردی)، چ3، سلێمانی: چاپخانەی تیشك، 2003، 303ل.
–فرهنگ بابان ( فارسی – کردی )، شوکروڵلای بابان، یننج: ئینتشاراتی کردستان،1383 (2004)، 422ل.
- فەرهەنگی گیرفانی خاك (فارسی ـ کوردی)، مەحمود عەبدوڵلا و جەمال جەلال، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 369ل.
– فەرهەنگی گۆڤەند و زنار ( فارسی– کوردی)( أ– س) حەمە کەریم عارف، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 706ل.
- فەرهنگ کردی ـ پارس (ئاری)، ب1، صدیق بۆرەکەیی، تاران: چاپخانەی چیهر، 348ل.
– فەرهەنگی کوردی– فارسی ، و/ لە فارسییەوە محەمەد حەمە باقی، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007،112ل.
– فەرهەنگی هەژیر(فارسی –کوردی)، ب1(1–ژ)،هەژیر عەبدوڵلاپوور، دهۆك:چاپخانەی خانی، 2008، 703ل،( لە بلاْوكراوەكانی دەزگای موكریانی).

– فەرهەنگی هەژیر(فارسی –کوردی)، ب2(س–ی)،هەژیر عەبدوڵڵاپوور، دهۆك:چاپخانەی خانی، 2008، 720ل،( لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی).

فەرهەنگی فەرەنسی – کوردی

– فەرهەنگی فەرەنسی – کوردی– خوێندنەوەی وەشەکان بە کوردی ،چ1،عوسمان سەعید، سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا،2005، 191ل.

– فەرهەنگی فەرەنسی – کوردی– خوێندنەوەی وەشەکان بە کوردی ،چ2، عوسمان سەعید، سلێمانی: چاپخانەی چوار چرا،2006، 191ل.

**فەرهەنگی فەلسەفە**

– فەرهەنگی فەلسەڤ لەگەڵ شیکاری (500)چەمکی فەلسەفیدا، (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، چ2،محەمەد چیا، سلێمانی: زنجیرەی (100) کتێبی کوردی، 2004، 201ل. (زنجیرەی (100) کتێبی کوردی: 42).

– فەرهەنگی فەلسەڤ لەگەڵ شیکاری ( 500) چەمکی فەلسەفیدا (ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی)،چ3 ،محەمەد چیا، سلێمانی: (ب.چ)، 2005، 279ل.

– فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان ( ئینگلیزی– فارسی– کوردی)، فەرشید شەریفی، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2007، 364ل.

**فەرهەنگی فۆتۆگرافی**

- زاراوەی فۆتۆگرافی (ئینگلیزی ـ کوردی)، فارس سەعدی، هەولێر: کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی ـ مەڵبەندی گشتی، 2001، 59ل.

**فەرهەنگی فیزیا**

– فەرهەنگی فیزیا ـ چ1، (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، نەوزاد عومەر محێدین، سلێمانی: دەزگای چاپ پەخشی سەردەم، 2002، 256ل.

– فەرهەنگی فیزیا ـ چ2، (ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی)، نەوزاد عومەر محێدین، سلێمانی: گەنج، 2005، 256ل.

**فەرهەنگی فیمۆگرافیك**

- فەرهەنگی فیمۆگرافیك (ئینگلیزی - كوردی)، یون كارتبێرگ، و/ لە عەرەبییەوە ئاوات عەبدوڵلاّ، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2004، 116ل.

فەرهەنگی عەرەبی – كوردی

- فەرهەنگێكی قوتابخانەیی عارەبی و كوردیەیە، گیو موكریانی، هەولێر: چاپخانەی كوردستان، 1950، 400ل.

- ئەحمەدی، چ4، شێخ مارفی نۆدەیی، هەولێر: چاپخانەی كوردستان، 2573ك،(1960)، 33ل.

- المرشد - قاموس مدرسی فی اللغتین الغربیه و الكردیه، ڕابەر

- دوو ڕشتە - فەرهەنگێكی عەرەبی - كوردی یە بە شیعر، مەلا عەبدولكەریم مودەڕیس، بەغداد: چاپخانەی نعمان الاعظمی، 1970، 112ل.

– زاروەی پارێزگای سلێمانی ،( عەرەبی – كوردی)، سلێمانی: چاپخانەی كامەرانی، 1971، 34ل.(لە بلاّوكراوەكانی بەڕیوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی).

- الهدیه الحمیدیه فی اللغه الكردیه، چیاوالدین الخالدی المقدسی، لێكۆڵینەوەی د. محمد موكری، بەیروت: 1975، 296ل.

– ژمارەی تایبەتی فەرهەنگی زاراوەكانی قوتابخانە عەرەبی – كوردی، ژمارەی تایبەتی ژ(14)ی هاوینی 1978، 120ل.

- دوو ڕشتە - فەرهەنگێكی عەرەبی كوردییە بە هەڵبەست، هۆنراوەی مەلا عەبدولكەریمی مدرس، بغداد: دار المپنی للگباعە و للنشر، 1982، 112ل.

- الباكورە - قاموس مدرسی باللغتین العربیه و الكردیه، ج1، حرف (أ - ت)، گیو موكریانی، بغداد: مگبعه الحوادپ، 1986، 404ل.

- گەنجینە فەرهەنگێكی (عەرەبی - كوردی)، عەلی عەبدوڵلاّ، بەغدا: چاپخانەی الحوادپ، 1988، 192ل.

- فەرهەنگی نۆبەرە، ب2، گیو موكریانی، هەولێر: چاپخانەی التعلیم العالی، 1990، 396ل.

- نوبهارا بچوكان (عەرەبی - كوردی)، ئەحمەدی خانی، بەغدا: مگبعه الرشید، 1990، 64ل.

- فەرهەنگی شیرین (عەرەبی - کوردی)، ب1، فازیل نیزامەدین، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2001، 429ل.

- فەرهەنگی شیرین (عەرەبی - کوردی)، ب2، فاچل نڤام الدین، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2002، 398ل.

– فەرهەنگی شیرین چ3، (عەرەبی – کوردی)، فازیل نیزامەدین، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2003، 845ل.

– فەرهەنگی دەریا ( عەرەبی– کوردی)، ب1، ڕزگار کەریم، سلێمانی: چاپخانەی سیما، 2005، 389ل.

– فەرهەنگی دەریا ( عەرەبی– کوردی)، ب2، ڕزگار کەریم، سلێمانی: چاپخانەی سیما، 2005، 480+1697ل.

– فەرهەنگی دەریا عەرەبی – کوردی،چ2، ب1، ڕزگار کەریم، تەهران: نەشری ئیحسان، 2006، 839ل.

– فەرهەنگی دەریا عەرەبی – کوردی، ب2،چ2، ڕزگار کەریم، تەهران: نەشری ئیحسان، 2006، 840–1697ل.

- فەرهەنگی شیرین - چ3، (عەرەبی - کوردی)، فازیل نیزامەدین، سلێمانی: چاپخانەی شڤان، 2003، 845ل.

- فەرهەنگی گیرفانی ئاسان (عەرەبی - کوردی)، چ2، ئاکۆ فاتیح، (ب،ش)، (ب،چ)، 2004، 522ل.

– فەرهەنگی نۆبەرە( عارەبی– کوردی) گیو موکریانی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 2005، 451ل.

– فەرهەنگی ژیر( عەرەبی–کوردی) چ2، ڕزگار کەریم، سلێمانی : لە بلاّوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیر،2007، 908ل.

– فەرهەنگا فەرمانبەرا(عەرەبی–کوردی)، عەبدولستار فەتاح حەسەن و ئەنوەر محەمەد تاهیر، تەهران: نەشری ئیحسان، 2007، 221ل، ( لە بلاّوکراوەکانی پەرتوکخانەی جزیری).

**فەرهەنگی کشتوکاڵ**

- فەرهەنگی کشتوکاڵ، بەرگی یەکەم، معروف قەرەداخی مەردۆخی، بەغدا: چاپخانەی دار السلام، 1972، 198ل.

- فەرهەنگی کشتوکاڵ ـ بەرگی دووەم، معروف قەرەداخی مەردۆخی، بەغدا: چاپخانەی دار السلام، 1973، 157ل.

- خەرمان ـ فەرهەنگێکی کشتوکاڵی تایبەتمەندە (کوردی ـ عەرەبی)، حەمە ساڵح فەرهادی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، 1997، 125ل.

خەرمان ـ فەرهەنگێکی کشتوکاڵی تایبەتمەندە (کوردی ـ عەرەبی)، حەمە ساڵح فەرهادی، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2009، 125ل.

– چەپکێك لە زاراوەگەلی کشتوکاڵ( کوردی– عەرەبی– ئینگلیزی)، حەمەساڵح فەرهادی، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، 2007، 144ل.

## فەرهەنگی کارگێڕی

- زاراوەی کارگێڕی، (عەرەبی ـ کوردی)، د. کەمال مەزهەر، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، 1974، 169ل.

- زاراوەی کارگێری، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ، پێشەکی و ڕێکخستنی د. کەمال مەزهەر، چ2، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، 1977، 116ل.

- گیرفانە فەرهەنگی زاراوەی زانستی کارگێری ، جیهان عومەر، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم، 2004، 108ل.

## فەرهەنگی کوردی– ئەڵمانی

– فەرهەنگا کوردی – ئەلمانی،فەریاد فازیل عومەر، بەرلین: (ب.چ)، 1992، 721ل.

– فەرهەنگی کوردی – ئەلمانی ( سۆرانی)، فەریاد فازیل عومەر، بەرلین: (ی.چ)، 2005، 1186ل.

## فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی

- فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزی، چ2، تۆفیق وەهبی ـ ئەدمۆنس، لەندەن: زانکۆی ئۆکسفۆرد، 1966، 183 ل.

- فەرهەنگی ( کوردی ـ ئینگلسی) بە دیالێکتی سلێمانی، ئێرنێست مەکاریۆس، ئانابۆر: زانکۆی مەشیگان، 1967، 194ل.

- فەرهەنگی کوردی ـ ئینگلیزی، ب2، تۆفیق وەهبی ـ ئەدمۆنس، لەندەن: (ب،چ)، 1971، 183ل.

- فەرهەنگی ئازادی ( ئینگلیزی– کوردی)،د. حەمە ڕەشید قەرەداخی، تەهران: نەشری ئیحسان، 2006، 1241ل.

**فەرهەنگی کوردی- تورکی**

- فەرهەنگی کوردی - تورکی، موسا عەنتەر، ئەستەنبۆل: چاپخانەی یەمتەبە، 1967، 167ل.

**فەرهەنگی کوردی- دانیمارکی**

- فەرهەنگی – کوردی – دانیمارکی ، موسا زیلان، کوبنهاگن: (ب.چ)، 1994، 335ل.

**فەرهەنگی کوردی- ڕوسی**

- خەبەرناما کورمانجی - روسی، چەرکەزی بە کۆ، مۆسکۆ: (ب، چ)، 1957، 618ل.

- فێرهینگا کوردی - ڕوسی، قەناتی کوردۆ، مۆسکۆ: (ب،چ)، 1960، 891ل.

- فەرهەنگی کوردی - ڕوسی، ق. کوردۆ، زاریێ یوسف، مۆسکۆ: (ب،چ) 1983، 752ل.

**فەرهەنگی کوردی-سویدی**

- فەرهەنگی کوردی - سوێدی، سوید، 1994، 325ل.

**فەرهەنگی کوردی-فارسی**

- فەرهەنگی لری، حەمید یەزدانپەناه ،تاران: چاپخانەی فارۆس، 1964، 159ل.

- فەرهنگ کردی - پارس (ئاری)، ب1، صدیق بۆرەکەیی، تاران: چاپخانەی چیهر، 1968، 348ل.

- فرهنگ کردی - پارس (ئاری)، ب2، صدیق بۆرەکەیی، تاران: چاپخانەی چیهر، 1969، 413ل.

- فەرهەنگی کوردی - فارسی، حەسەن سەلاح (سۆران)، لەندەن: 1976.

